دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

خاوەنی ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

سەرپەرشتیارانی پرۆژەی چاپکردنی کتێب
ئەرسەلان حەسەن    بابان ئەنور

# وشە و وێنە

ئیبراهیم ئەلعەریس

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

2018

# وشه و وێنه

بابەت: فکری
ناوی نووسەر: ئیبراهیم ئەلعەریس
وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد
دیزاینی بەرگ و ناوەوە: ئومێد محەمەد
هەڵەچن: نیاز کەمال- کەیوان عومەر- ئاسان عەبدوڵلا
تیراژ: 500 دانە
ساڵی چاپ: 2018
چاپ: چاپخانەی حەمدی
نرخ: 4000 دینار

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی ( 1435 )ی ساڵی 2018 ی پێدراوە

**سەرچاوەی ئەم کتێبە:**
ابراهيم العريس: لغة الذات والحداثة الدائمة
ومقالات الاخرى- دار المدى 2006

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە ( 289 )

**www.ideafoundation.co**
**2018idea@gmail.com**
**www.facebook.com/dezgai.idea**
**07705996990 - 0533220180**
سلێمانی - گردی سەرچنار- نزیک کۆمەڵگەی بەهاران

مافی لەچاپدانەوەی ئەم کتێبە پارێزراوە
بۆ دەزگای ئایدیا

# وشە و وێنە

ئیبراهیم ئەلعەریس

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

2018

# نـــاوەرۆك


-دوكانی توتنی فێرناندۆ پێسوا.................................................7

-یاداشتەكانی فرانتس كافكا.................................................19

-مۆتەكەی ئەقڵ.. ژیاننامەیەكی دیكەی فرانتس كافكا.........31

-دادگایی فرانتس كافكا.......................................................47

-بەرموزنبون.. لەكوشتنی كورەوە بۆ دڵرەقی زەمانە.........59

-رێورەسمی زەماوەندلەگوند...............................................69

-دەربارەی رۆمانی خاتوو دالاوای...................................81

-كاتێك شاعیران دەمرن......................................................91

-ئەلبێركامۆ لەنێوان سیاسەت و نیەت باشیدا..................107

-ئێمیل یان دەربارەی پەروەردە.........................................128

-ژان ژاک رۆسۆ وەک نەیارێکی سەرسەختی هونەری نواندن..............139

-شانۆنامەی رەش پێستەكانی ژان ژینیە........................149

-چەتەكانی نیویۆركی مارتن سكۆر سیزی.....................161

-سەیرانێک لەقەراغ رێگەی برایانی سترۆ گاتسكی......175

-راشۆمۆنی كۆرۆساوا...................................................187

# دوکانی تووتنی
# فێرناندۆ پێسوا
## -گەمەی ژیان و شیعر و ماسکەکان-

هەمووشتێک لە شاعیری پرتوگالی فێرناندۆ پێسوا چاوەڕواندەکرا، تەنها ئەوەنەبێت کە ناوی دوکانی تووتن لە یەکێک لە دیوانە شیعرییەکانی بنێت. شایەنی باسە ئەو دیوانە ساڵی 1933 چاپکراوەو ناوەکەشی لەدرێژترین و قەشەنگترین چامەی ناو دیوانە شیعریەکە وەرگیراوە.

ساڵی 1928 پێسوا ئەو قەسیدەیە دەنووسێت و لە هەمان ساڵدا لەڕۆژنامەی (برسنسا)دا بڵاوی دەکاتەوە. هەڵبەتە پێنچ ساڵ دواتر و لەگەڵ کۆمەڵە شێعرێکی دیدا، لە بەرگێکدا چاپیان دەکات. وابۆ چارەکە سەدەیەک دەچێت، پێسوا لە ناوەندە شیعری و ئەدەبیەکانی دنیادا، بەشێوەیەکی بەرفراوان نێوبانگی دەرکـــردوە و وەک شاعیرێک ناسراوە، بەڵام وەک شاعیرێکی ئاسایی نا، بەڵکو وەک یەکێک لە سەیر و سەمەرەترین ئەو شاعیرانەی لەسەدەی بیستەمدا ژیاون.

بێگومان ئەو سەیر و سەمەریەش لەشیعرەکانییەوە سەرچاوە ناگرێت (شیعرێک

کە پۆلێن ناکرێت)، ئەگەرچی زیاتر و زۆرتر لە سوریالیزمەوە نزیکە، بەڵکو پەیوەندی بەکارەکتەری خۆیەوە هەیە، ئەو کارەکتەرە سەیر و عەنتیکەیەی، وەها دیارە وەک ئەوەی بە بەردەوامی لەسۆراخی خۆیدابووبێت و بەدوای خۆیدا گەڕابێت. هەمیشە لەهەوڵی شوێن پێهەڵگرتنی ناسنامەیەکدابوبێت، ناسنامەیەکی ڕاستەقینە، یان ناسنامەیەکی خواستە.

وەک ئەوەی پێسوا لەگەڵ خۆیداو بەتایبەتیش لەشیعرەکانیدا، بەردەوام ئەو پرسیارە بکات: من کێم؟ ئاخۆ دەبێت من کێبم؟. بێگومان زۆر زەحمەتە مەزندەی ئەوەبکەین کە پێسوا زانیبێتی چۆن چۆنی لە شیعرەکانیدا یاخود لە ژیانیدا، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا زانیویەتی چۆن دەبێتە شتێکی تایبەت و دیاریکراو، دەبێتە شاعیری شوناسە پەنهان و نادیارەکان. ڕەنگە زیاد لە هەر سیفەتێکی دیکە، پڕاوپڕ ئەوەی بەسەردا بسەپێت،

بەوپێیەی تەنهاو تەنها دەکرێت لەژێر ئەو تایتڵەدا پۆلێن بکرێت.

ئێمە گەربێتو بمانەوێت سەربوردەی پێسوا لەگەڵ شیعر و هەروەها لەگەڵ ژیانیشدا چڕکەینەوە و لە تاکە وشەیەکدا کۆی بکەینەوە، ئەوا بێ زیادو کەم دەمامکی ئەو وشەیە دەبێت.

پێسوا بۆخۆی پیاوێکی شەرمن و پەرتەوازە و خەیاڵڕۆشتووبووە، بە بەردەوامی. ڕەنگە لەبەر ئەو هۆکارەو هەروەها لەبەرئەوەی ڕەهەندی گەمەکارێکی گەورەشی تێدابووە، ئەستەم بووە سەردەمەکەی لێی تێبگات. بۆیە وای بەچاک زانیوە لەڕێی دەیان دەمامک و ناوی خوازراو و ئەو کارەکتەرانەی خۆی دروستی دەکردن و بەناویانەوە شیعر و نووسینەکانی بڵاودەکردەوە، خۆی بە دنیا بناسێنێت.

بەڵام خۆ ئەو هەربەوەوە دانەدەکەوت، بەڵکو دەهات ژیاننامەی تایبەتی بۆهەریەک لەو کارەکتەرانەی دروست دەکرد و هەریەکەیانی دەکردە خاوەنی ڕۆژی

لەدایک بوون و هەروەها ڕۆژی مردن و لەدنیادەرچونیانیشی دەنووسییەوە. وەک ئەوەی ئەوانە کارەکتەرگەلێکی ڕاستەقینەبن و هەر بەڕاستی ژیان بکەن.

لێرەوە سەیرنابێت بەلامانەوە، کاتێک یەکێک لەو توێژەرە پرتوگالیانەی لەهەوڵی ئەوەدابوە مێژووی ژیانی پێسوا بنوسێتەوە و بەرهەمەکانی کۆبکاتەوە، پێمان بڵێت: (مەحاڵە هیچ لێکۆڵیارێک پڕکێشی ئەوەبکات گوایە تەواوی بەرهەمەکانی پێسوای بێ کەم و کوڕی کۆکردۆتەوە، ئەو بەرهەمانەی لە چەندین گۆڤار و ڕۆژنامە و دەستنووسدا هەن و دەیان ناوی جیاجیان لەسەرە)، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، ئێمە گەر تەنها حوکم لەسەر ئەو شیعر و تێکستانە بدەین کە بەناوی پێسوا خۆیەوەن و دەدرێتەپاڵ ئەو، ئەوا دەتوانین بەشاعیرێکی گەورە و مەزنی بدەینە قەڵەم.

ئەڵبەتە ئەو دۆخی دابەشبونو شیزۆفرینیایەی ئەوی تێدابووە، درێژکراوەی دۆخی پەرت بوون و شیزۆفرینیای

سەردەمەکەمانە. بەدبەختی و نەهامەتیەکانی پێسواش، بێ دودڵی سیاچارەیی ڕۆژگارەکەمانە. لەم کۆنتێکستەدا ڕەنگە دیوانە شیعری دوکانی تووتن و چامەسەرەکییەکەی ئەو دیوانە، بەچاکترین شێوە گوزارشت لە بوون و ژیان و نیگەرانییەکانی، ئەو کارەکتەرە شیعرییە بکات.

لە دوکانی تووتندا، پێسوا لەڕێی دۆخی سێ کارەکتەری جیاجیا و سێ دەمامکی جیاوازە، خۆی نمایش دەکات و لەڕێی ئەوانەوە پرسیار لە شوناسی تایبەتی خۆی دەکات. بەدرێژایی ئەو چامەیەو چەند چامەیەکی دیکە، پێسوا لەڕێی ئەوسێ خەنیمەوە، هەوڵی ئەوەدەدات دەستی بەناسنامەی خۆی ڕابگات.

ئەڵبەت شاعیر لەوێدا هەرتەنها ئەدگاری ئەوکارەکتەرانەمان بۆ وێناناکات، بەڵکو ناویشیان پێدەبەخشێت: ئەلبرتۆ کایرۆ و ڕیکاردۆڕەیس و ئەلفارۆدیکامپۆس و لەڕێی ئەو کارەکتەرانەشەوە جار لەدوای جار، بەشێوەیەکی زۆر قوڵتر و فراوانتر

پرسیار لەناسنامەی خـۆی دەکـات. بیری ئەوەشی ناچێت کە دەبێت جار لە دواجـار ئۆغـرتـر و سەنگینتربێت، واتــە لـەبـەردەم هەرکارەکتەرێکیاندا زیاتر و زۆرتر دەستە و سانتربێت.

ئەوسێ کارەکتەرە بۆخۆیان یەک کەسن، بەڵام پەرت پەرت و دابـەش بـوون. سەرەتا هەرەیەکەیان ژیانی تایبەتی و سەربەخۆی خۆیان دەژیـن. کەچی دواتـر و لەگەمەیەکی ژێربەژێردا دێت، هەموویان لەیەک چوارچێوەدا کۆدەکاتەوە. بەجۆرێکیان لێدەکات هەموویان لەیەک کاتدا لەشێوازی یاریەکدا، یان لە فۆرمی تابلۆیەکی کوبیزمدابن کە تیایدا، کارەکتەرە سەرەکییەکە، لە سێ ڕەهەندەوە وێناکرابێت.

دواتـر شاعیر دێت و ڕۆڵێکی تایبەتی بە هەر کارەکتەرێک دەبەخشێت لە قەسیدەیەکدا. بۆ نمونە ئەرکی (شوانی مێگەل) بە ئەلبرتۆ کاریۆ دەسپێرێت و دەیکاتە ئاغای ڕیکاردۆ ڕەییس، کە وەک کارەکتەرێکی نەخۆش و لاواز نیشانی دەدات. ئەو سۆناتایانەی ئەو

دەياننوسێت، بوارى ئەوە بە پێسوا دەدەن چى لەناخيدايە هەڵى ڕێژێت و بگاتە پاک و بێگەرديەكى تەواو ڕۆمانتيكيانە. ئەمە يەكێكە لەو بۆچونانەى زۆرێک لە پێسواناسان تەئكيدى لێدەكەنەوە.

سێيەم كارەكتەر كە ئەلفارۆ دى كامبۆسە، پێسوا ژيانێكى ڕون و دياركراوى پێ عەتا دەكات و ڕۆژى پانزەى ئۆكتۆبەرى ساڵى 1890 دەكاتە ڕۆژى لەدايكبوونى. دواى ئەوەى ئەندازياريى دەريايى لە گلاسكۆ دەخوێنێت، سەردانى وڵاتانى خۆرهەڵاتى دوور دەكات و لەوێشەوە، بەتەمبەڵى و بێزارييەكى زۆرەوە دەگەڕێتەوە. ئەوە كە دەڵێت: (من دەڕۆم بۆئەوەى ئەفيون پەيداكەم، ئەو ئەفيونەى شەرەفى خۆرهەڵاتە).

كارەكتەرى دى كامبۆس تەواو پێچەوانەى دوو كارەكتەرەكەى ديكەيە، بەتايبەت لەڕووى نوسينەوە. بۆ نمونە نووسينەكانى دى كامبۆس هەندێک جار گەرم و گوڕ و پڕتاسەيە و هەندێک جاريش، سەردەبات

بۆ وەسفکردنی دەرەکیی‌و باس لەشتە ڕۆژانەکان دەکات‌و ئەوەش بەگرنگترین خەسڵەتی ئەو ئەژماردەکرێت و بێزارییەکی زۆر بەوشەکانییەوە دیارە. هەربۆیە هەمیشە گوزارشت کردنی لە خۆی، گوزارشتێکی پوچگەرا و نائارام و پڕ لە ڕاڕاییە.

تۆبڵێی ئەمە تەعبیرکردن نەبێت لەخودی پێسوا خۆی‌و هەوڵێک نەبوبێت، بۆئەوەی وەڵامی دەربارەی شوناسی خۆی دەسگیربێت؟ ئێمە لەمە دڵنیانین، چونکە پێسوا وەها سەیری دی کامبۆس دەکات وەک ئەوەی هەڵگری دووکارەکتەری دیکە بێت پێکەوە، ئەوانیش کارەکتەری سەردار و کۆیلەیە. نەک بۆ گونجاندنیان بەیەکەوە، بەڵکو بۆخاتری هێنانە ئارای کارەکتەری سێیەم. وەک ئەوەی لێرەداو لەشیعردا بەشێوەیەکی ئەندێشەیی، شایەدی بینیی دیالەکتیکی هیگڵی بین: تێز و ئەنتی تێز و سەنتێز.

لەئاست ئەو وێنە سێ ڕەهەندییەی پێسوا لە چامەی دوکانی توتنداو لەتەواوی قەسیدەکانی

دیکەی ئەو دیوانەدا بۆخۆیی دروست دەکات، دەتوانین چیتر باس لە ژیاننامەی شاعیرێک بکەین، جیاوازە لەوەی خۆی داویەتیە پاڵ کارەکتەرە خەنیمەکانی؟

ڕاستیەکەی توێژەران و ڕەخنەگران کاتێکی زۆریان ویست، تاتوانیان لەڕێی نوسینەکانییەوە دەستیان بە وێنەیەک بگات کە دواجار کەم تازۆر، لەوێنە ڕاستەقینەکەی پێسوا خۆیەوە نزیک بێت. ئەو وێنەیەش پێمان دەڵێت: (ساڵی 1888 لە لیشبۆن لەدایک بووەو هەرلەوێشدا دوای چل و حەوت ساڵ 1935 کۆچی دوایی کردوە.)

بەڵام قۆناغی منداڵی لە باشووری ئەفریقیا بەسەردەبات، چونکە دوای مردنی باوکی دایکی شوو دەکاتەوە و ڕوودەکەنە ئەو وڵاتە. لەوێ لەشاری (داربن) بازرگانی و ئەدەبی ئینگلیزی دەخوێنێت و زۆر بەچاکی فێری زمانی ئینگلیزی دەبێت. دواتر و لە تەمەنی حەڤدە ساڵیدا، دەگەڕێتەوە بۆ پرتوگال.

واز لە خوێندن دێنێت و چەندین کار و پیشەی جیاجیا تاقی دەکاتەوە، تا دواجار لە کۆمپانیایەکی بازرگانیدا وەک وەرگێڕ دادەمەزرێت. لەبواری شیعر و فەلسەفە و خوداناسیدا، دەست بەنووسین دەکات و چەند دەقێکیش بۆسەر زمانی پرتوگالی وەردەگێڕێت. ئەمەش زیاتر دەیخاتە سەرکەڵکەڵەی پرسیارکردن لە شوناسی ڕاستەقینەی خۆی و ناچارکردنی بە پەنابردن بۆ دەمامک پۆشین.

هاوکات ئەوە هانیدەدات بۆ نووسینی تێکست گەلێکی بێشومار، بەڵام لەهەمان کاتدا هەست بە شیزۆفرینیایەکی قوڵ دەکات کە نزیکی دەکاتەوە لە شێت بوون. بە تایبەت ئەو کاتانەی خۆی وەک جولەکەیەک هاتۆتەپێش چاو کە لە سەردەمی دادگاکانی پشکنیندا سزادەدرێت. ڕەنگە ئەم هەستەی دواییان وایلێکردبێت، لە ساڵی 1917 چامەیەک بنووسێت و بانگەشە بۆ سەرهەڵدانی فاشیزم بکات لە پرتوگالدا.

لەو کاتە بەدواوە لە نووسین ناوەستێت و بەپارەی خۆی هەندێک لە بەرهەمەکانی چاپ دەکـات. هەڵبەتە شـۆڕەت و نێوبانگ پەیداکردنی لە جیهاندا کەمێک دوادەکەوێت، بەڵام دواجار هەوادارێکی زۆری بۆ پەیدادەبێت و دەست دەکەن بەخوێندنەوە و تاوتوێکردنی بەرهەمەکانی. یان لە ڕۆژنامە و چاپکراوەکاندا دەکەونە سۆراخی ئەو تێکستانەی، بەچەندین ناوی جیاجیای خواستراوەوە نوسیونی.

ژیان و نوسین بەلای فێرناندۆ پێسواوە، یەک یاری بوون.

# یاداشتەکانی
# فرانتس کافکا

## -ململانێ لەگەڵ نەخۆشی و تەنهایی و ئەدەب-دا

ئێمە لەبەهەشت وەدەرنراین، بەڵام دوای وەدەرنرانمان بەهەشت وێران نەبوو. لێرەوە دەتوانین بڵێین ئەو دەرکردنە بەجۆرێک لەجۆرەکان دەرفەتێک بوو، چونکە گەر بمایناینایەتەوەو وەدەرنەنرایناینایە، ئەوا درەنگ یان زوو بەهەشت وێران دەبوو.

ئەوەی ئەم دەستەواژانەی نووسیوە نە تیۆلۆژیستێکە وەک قەشە ئۆگەستین، نە بیریارێکی وجودی ئیماندارە لە وێنەی گابرێل مارسێل، نە شانۆنامەنووسێکە وەک ژان ژیرۆدۆ کە تێکڕای کارەکانی دەربارەی پرسی ئیمانە. نەخێر زۆر بە سادەیی خاوەنی ئەو قسانە، فرانتس کافکای گەورە نووسەری چیکیە کە بەزمانی ئەڵمانی نووسیویەتی و خاوەنی بەرهەم گەلێکی وەک دادگایی و بەدگۆڕان و شورای چینە).

ئەو تێکستەی ئەو قسانەی تێدا هاتووە، لەهیچ یەکێک لەو ڕۆمانانەدا نییە کە کافکا لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا نووسیونی و بەو کارانەشی تازەگەری ئەو سەدەیەی

دەست نیشانکرد. ئەگەرچی زۆربەی زۆری ئەو کارانە تا خۆی لە ژیاندا مابوو، ڕوناکیان نەبینی و بڵاونەکرانەوە. ئەو قسانە، کافکا لەدەفتەری بیرەوەریەکانیدا نووسیویەتییەوە و لەدوای مردنیشی بە دوو قۆناغ بڵاوکراوەتەوە. ساڵی 1937 یەکەم جار چاپدەکرێت و پاشان ماکس برود ساڵی 1950 سەرلەنوێ چاپی دەکاتەوەو ڕایدەگەیەنێت کە ئەوە پوختەی بیرەوەریەکانییەتی.

زۆرێک لە توێژەران پێیانوایە یاداشتەکان، تاکە ئامڕازێکە یارمەتیمان بدات بۆ ئەوەی بەقوڵی لە ئەدەبی کافکا تێ بگەین. ئەگەر تێکستە ئەدەبیەکانی کەم تا زۆر قورس بن بۆ تێگەیشتن و هەوڵێکی لێنەبڕاوانەش هەبووبێت بۆئەوەی ئەدەبی ئەو لە چوارچێوەی ڕەخنەی کۆمەڵایەتیدا پۆلێن بکرێت، ئەوا یاداشتەکانی ناچێتە ئەو چوارچێوەیەوە و بگرە وامان لێدەکات، تێگەیشتنێکی تەواو وجودی و فەردانیمان بۆ بەرهەمە مەزنەکانی کافکا هەبێت.

ساڵی 1910 بۆ یەکەمجار دەست بە نووسینەوەی یاداشتەکانی خۆی دەکات و ئەو کاتەش لە تەمەنی بیست و حەوت ساڵیدا دەبێت، واتە لەو قۆناغەدایە کە دەیەوێت لە جیهانی ئەدەبدا شوێن پێی خۆی بکاتەوە.

کافکا تادوا ساڵەکانی تەمەنی لەسەر نووسینەوەی یاداشتەکانی بەردەوام بوە و ئەمەش وایکردوە، لاپەڕەگەلێکی زۆر ڕەش بکاتەوە، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە یەکبینە، لەسەر نووسینەوەی ڕۆژانەکانی بەردەوام نەبوە، چونکە جاری وا هەبوە بەبێ هیچ هۆکارێک چەند مانگێک قەرەی نەکەوتوە، بەڵام دواتر و بەبێ هیچ پاساوێک گەڕاوەتەوە سەری و دەستی بە نووسین کردووەتەوە.

شایەنی باسە بەو پێیەی کافکا بە هیچ شێوەیەک باسی لەو دابڕان و گەڕانەوە سەر نووسینەی بیرەوەرییەکانی نەکردوە، ئەمە وای لە هەندێک لە لێکۆڵیاران کردوە گومان لەوە بکەن کە ماکس برود بە ئارەزووی خۆی، چەندین لاپەڕەی لەڕۆژانەکانی کافکا لادابێت

نەیویستبێت و خەڵکانێک ئاگاداری ئەو شتانە بن، بەڵام ئەمە بایەخێکی ئەوتۆی نیەو هیچ لە بەهای ئەو دۆکیومێنتە سەیر و سەمەرەیە کەم ناکاتەوە.

ڕۆژانە ژیانی کافکا سەرسوڕهێنەرە، لەبەرئەوەی باسی زۆر شتی تێدا دەکات. بەبێ ئەوەی پێکیانەوە گرێ بدات، بەڵام خوێنەریک ئاگاداری ژیان و ئەدەبی کافکا بێت، ئەوا بۆ خۆی دەتوانێت ڕایەڵێک لەنێوان ئەو شتە زۆرانەدا بدۆزێتەوە کە ئەو لەو کتێبەدا باسیان دەکات. لەڕێی خوێندنەوەی یاداشتەکانییەوە ئەو خوێنەرە بۆی دەردەکەوێت ئەوەی کافکا لەوێدا دەیڵێت، تەواوکردنێکی سروشتی ئەو شتانەیە کە لەبەرهەمە ئەدەبیەکانیدا بێدەنگی لێکراوە.

سەرباری زۆر و زەوەندی لاپەڕەی یاداشتەکانی و دەوڵەمەندیی و هەمەجۆری بابەتەکانی و هەر چەندە تۆماری ڕۆژبەڕۆژی جموجوڵ و بیرکردنەوە و تێبینی و سەفەر و ئەویندارییەکانی تێدایە، بەڵام بۆ یەکێک

بە وردی و بە هێمنی بیخوێنێتەوە، بۆی دەردەکەوێت کە بە گشتی کۆی کتێبەکە لە دەوری سێ تەوەری سەرەکی دەسوڕێتەوە، ئەوانیش بریتین لە: (ململانێ لەگەڵ نەخۆشی و پەرۆشی زۆری بۆ تەندروستییەکی باش و ژیانێکی تەندروست، ململانێ لەگەڵ تەنهایی و زگورتێتی و حەز کردن بە هاوسەرگیری و خێزان دروستکردن، دواجاریش-کە ئەمە بەڕای ماکس برودنا، بەڵکو بەڕای هەموان گرنگترینیانە - ململانێی بوە لەگەڵ گروپی جولەکەکانی پراگدا- کە خۆی سەر بەوان بوە- و بەتایبەتیش ململانێی لەگەڵ باوکیدا، ئەو باوکەی بەلای ئەوەوە نوێنەرایەتی ئەو گروپەی دەکرد، بەڵام ئەوەی سەیرە ئەوەیە لە یاداشتەکانی، ئەم بەشە کە پێدەچێت کافکا نەینووسیبێت، بزرەو نابینرێت!).

بە هەرحاڵ ئەو یاداشتنامەیەی کافکا، لەژێر کاریگەری ئەو بابەتە نەگۆڕانەدا نوسراوە کە بەدەستیانەوە گرفتار بوە، وەک ترس لە نەخۆشی و تەنهایی و کینە و دڵڕەقی

باوک و کەس و کاری. ئەوانەش هەرچۆنێک بێت بۆ خۆیان شتگەلێکی تازە نین و ئێمە دەزانین، ئەوانە لە بنەڕەتدا ناواخنی بابەتی ڕۆمانەکانی کافکا پێکدەهێنن. ئەگەر لە تێکستەکانیدا ئەو شتانە بە کارەکتەری ناو چیرۆک و ڕۆمانەکانیەوە گرێ درابێت، ئەوا لە یاداشتەکانی ڕاستەوخۆ و بێ هیچ کەین و بەینێک پەیوەستن بە کافکا خۆیەوە.

ئێمە دەزانین کافکا نەخۆشی سیلی هەبوە، ئەو نەخۆشییەی دواجار کۆتایی بەژیانی دێنێت، بەڵام خۆی پێیوابوە ئەوە لە ڕۆمانەکانی و هەروەها لە بیرەوەریەکانیشیدا دیارە کە ڕەگوڕیشەی نەخۆشییەکەی سایکۆلۆژییە، نەک فیسیۆلۆژی بێت.

بگرە نەخۆشی بەلای ئەوەوە بەهانەیەک بوە بۆ خۆدزینەوە لە هاوسەرگیری، چونکە دەترسا گەر ژن بێنێت منداڵەکەیان دوچاری ئەو پەتایە بێت، بەڵام لە هەمان کاتیشدا بەردەوام هەستی بەوە کردوە، ناتوانێت بە تەنها و بێ هاوسەر بژی. هەروەها دەشیزانی

ناتوانێت لەبەر هۆکارگەلێک کە پەیوەندییان بەنەخۆشییەوە نییە، لەگەڵ هیچ کەسدا هەڵبکات.

بەمجۆرە و وەک یاداشتەکانی پێمان دەڵێت: (پەیوەندی لەگەڵ خانمێکدا دەبەستێت، پاشان کێشە لەنێوانیاندا دروست دەبێت. هەڕەشەی لێدەکات و جێی دێڵێت، پاشان سەر لەنوێ دەگەڕێتەوە بۆلای، بەڵام جارێکی دی تێکدەچنەوە). ئەمەش بە دیاریکراوی سەروەختێک ڕوودەدات کە خەریکی نووسینی (دادگایی و ئۆردوگای سزا) دەبێت. بۆ هەموو ئەوانەش بەداخە، بەڵام بۆ ساڵی دواتر خەڵاتێکی ئەدەبی گرنگ بەدەست دێنێت و خەم و ناخۆشییەکانی بیردەباتەوە و هەندێک بەختەوەری لە یاداشتەکانیدا بەدی دەکرێت.

ساڵی 1916 بارودۆخەکە دەگۆڕێت. جارێکی دیکە هاوسەرگیرییەکەی کۆتایی پێدێنیت، چونکە نیشانەکانی توشبوونی بە نەخۆشی سیل لێی دیاری دەدات. لە پراگ نیشتەجێ دەبێت و لەنێوان حەوانگە و

کلینکیەکاندا لە هاتوچۆدا دەبێت. ڕەنگە ئەو لاپەڕانەی لە ڕۆژانە یاداشتەکانیدا زیاتر خەمناک و مایەی دڵتەنگی بن، ئەوانەی بن کە باسی ژیانی خۆیمان لەو حەوانگە و کلینکیانەدا بۆ دەکات، ژیانێک هەڵواسراو لەنیوان ئومێد و نائومێدیدا. لاپەڕە گەلێکی زۆر هەن باس لە نەخۆشی دەکەن و پێدەچێت بەلای کافکاوە، نەخۆشی زۆر لە مەرگ تۆقێنەرتر بێت.

ئەو چەند ساڵە کەمەی ژیانی کەماوە، بەو جۆرە بەسەر دەبات و لە ساڵی 1924 گیان دەسپێرێت. هەڵبەتە بەر لە کۆچی دوایی، نۆرەیەکی دیکە لە پەیوەندی و ئەڵقەگۆڕینەوە لەگەڵ دۆرا دایمانت دا دەست پێدەکاتەوە. شایەنی باسە کافکا لە چارەسەرگەیەکدا سەردەنێتەوە کە زۆر لە ڤیەنناوە دوور نەبوە. دەفتەری یادەوەرییەکانیشی هەموو ئەو ناهەمواریانە بەسەر دەکاتەوە و باسیان دەکات.

تەنانەت وەک هەندێک لەوانەی بە ژیاننامەی کافکا وە خەریکن دەڵێن: (یاداشتەکانی، کاردانەوە سایکۆلۆژییەکانی

تەواوی ئەو ڕووداوانەمان بۆ تۆمار دەکات). بەو مانایەی کافکا هەندێک جار وەها دەنووسێت، وەک ئەوەی دەرونشیکار بێت و چاودێری نەخۆشێک بکات و لێی بکۆڵێتەوە. لەوەش گرنگتر ئەوەیە ڕۆژانە یاداشتەکان، ئەو شوێنەیە کە ئەو باس لەبوونی ڕۆحی خۆی و پەیوەندی بە ئیمانەوە دەکات.

ئەوەتا لە یەکێک لە چاپتەرە قەشەنگەکانی یاداشتەکانیدا، زۆر بە ڕونی و ڕەوانی دەڵێت: (چاومان هەیە بۆئەوەی پێی ببینین، بەڵام بۆئەوەی خوداوەند بناسین، ئەوا تەواوی کەینونەی خۆمان هەیە تا ئەو پرۆسەیەی پێ ئەنجام بدەین). ڕەنگە هەر ئەم پێداگیریەش بێت وا لە یاداشتەکانی بکات، ببێتە جۆرێک لە قسەکردن دەربارەی بێزاری ژیان و ئومێدی قوتاربوون کە لە کۆتایدا دێت، بۆ ئەوەی هەموو شت ڕوناک بکاتەوە.

فرانتس کافکا 1883–1924، تەنها چل و یەک ساڵ ژیاو ژیانیشی لە ترس و دڵەڕاوکەیەکی بەردەوامدا بردەسەر، بەڵام

ئەمە ڕێگر نەبوو لەوەی لەڕێی تێکستەکانیەوە ئەو تێکستانەی سەرەتا هیچ سەرکەوتنێکیان بەدەست نەهێناو تا لە ژیانیشدا مابوو، کەمێکی کەمیان لێ بڵاوکرایەوە، پایەیەکی ئەدەبی ئاست بەرز بونیاد بنێت. زیادەڕۆیی ناکەین گەر بڵێین کارەکانی ئەو بوونە مایەی ئەوەی، نوێگەری سەدەی بیستەم لە بواری ئەدەبیاتدا، ڕێگای خۆی دیاری بکات.

هەنوکە خوێنەرانی ئێمەش دەتوانن، لە خوێندنەوەی بەشێکی زۆری ئەو تێکستانە و ژیانی خاوەن تێکستەکەش بەهرەمەند بن، ئەویش لەڕێی ئەو وەرگێڕانە تایبەت و ناوازانەی ئیبراهیم وەتفی ئەنجامی داون. ئیبراهیم وەتفی ئەدیبێکی سورییە و لە وڵاتی ئەڵەمانیا دەژی و ساڵانێکە خەریکی ئەوەیە ئەدەبی کافکا وەربگێڕێتە سەر زمانی عەرەبی، ئەو کارەش بەکۆمەڵێک شرۆڤەکاری و پەراوێز بۆ نووسین و نووسینی ڕەخنەییەوە ئەنجام دەدات. ئەمەش وایکردوە، کافکا بهێنێتەوە ناو کایەی ئەدەبی و وەک ئەوەی زیندو بێت و لەناوماندا بژی.

# مۆتەکەی ئەقڵ

## ژیاننامەیەکی دیکەی فرانتس کافکا

ڕەنگە هیچ نووسەرێک لەنووسەرانی سەدەی بیستەم، بەڕادەی نووسەری چیکی– ئەڵەمان زمان– فرانتس کافکا، ژیاننامەی لەبارەیەوە نەنوسرابێت. ئەو مرۆڤەی کە تامرد کەس نەیدەناسی و بەشی زۆری بەرهەمەکانیشی دوای لەدنیا دەرچونی لە ساڵی 1924 بڵاوکرانەوە و ڕوناکیان بینی، لەپەنجا ساڵی ڕابردودا، بۆتە شوێن بایەخی ڕەخنەگران و مێژوونوسانی ئەدەب. بە جۆرێک کتێبخانەی کافکا بە سەدان کتێب و هەزاران لێکۆڵینەوەی تێدایە و لەوەشدا کەمێکی کەمی نووسەرانی سەدەی بیستەمی لێدەرچێت، وەک بێرتۆڵد برێخت و تۆماس مان بۆ(رێکەوت ئەو دوانەش ئەڵەمانی زمانن)، کەس نیە شان لەشانی بدات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر هەست دەکەیت، نووسین دەربارەی خوێندنەوەی سەرلەنوێی کافکا کارێکی پێویستە و ناتوانین دەست بەرداری بین. پێویستییەکی لەو جۆرە

خوێنەری کافکا هەرچی جارێک لە خوێندنەوەی تێکستێکی بێتەوە، هەستی پێدەکات.

ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەوەش ئەوەبێت کە ئەدەبێکی ئاڵۆز و پڕ تەلیسمی هەیەو خوێنەران پێویستیان بەکەسانێک دەبێت، تا هەلومەرجی تایبەتی ئەویان بۆ ڕۆشن بکاتەوە و تێبگەن کافکا چۆن چۆنی بەرهەم گەلێکی وەک (بەدگۆڕان و کۆشک و شواری چینی) نووسیوە. بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەوەش، پێویست دەکات ژیانی ئەومان لەگەڵ تێکستە نوسراوەکاندا، لەبەرچاوبێت.

ڕەنگە بتوانین بڵێین لەو بوارەدا، کافکا حاڵەتێکی ناوازەیە، چونکە لەئێستا و ڕابردوشدا بەدەگمەن لە مێژووی ئەدەبدا هەڵدەکەوێت، ژیان و ئازاری نووسەرێک، پەیوەست بێت بەڕەفتار و هەڵسوکەوتی ئەو کارەکتەرانەوە کە لەتێکستەکانیدا دەیانخوڵقێنێت.

هەڵبەتە ئەمە وامان لێناکات بڵێین (گریگۆر سامسا لە بەدگۆڕان و کاف لە دۆزدا)، جگە لە کافکا خۆی کەسێکی دیکە نین، بەڵکو تەنها

وامـان لێدەکەن بڵێین، ئەستەمە بتوانین لە ئەنگێزەکانی گریگۆر سامسا و کاف حاڵی ببین، بەبێ قوڵبوونەوە لە وردەکاری ژیانی کافکا خۆیدا، بەتایبەت ئەو ئان و ساتانەی ئەم، یان ئەو بەرهەمی تێدا نوسیووە.

لێرەوە بێ هیچ کورتکردنەوەیەک دەتوانین بڵێین کافکا لەهەر نووسەرێکی دیکەی جیهان زیاتر، وابەستەی خود و خەمە تایبەتیەکانی خۆی بـووە. هـەرچـەنـدە لەنوسیندا زیاتر سەروکاری لەگەڵ خودی خۆیدا هەبوە، وەلێ لەگەڵ ئەوەشدا توانایەکی بێ هاوتای هەبوە، تا درک بە پێچ و پەناکانی سەردەمەکەی و ئـەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و مۆرالـی و سیاسییانە بکات کە ڕویـانداوە و ئەزمونی کردون.

ئەگەر جیمس جۆیس و مارسێل پرۆست، لەسەر ئاستی فۆرم و داڕشتن و ستایل، ڕۆمانی مۆدێرنیان هێنابێتە ئاراوە و کارەکتەرەکانیان (بەمانا هایدیگەریی و بیرگسۆنییەکەی بۆ زەمەن) هەماهەنگیان لەگەڵ زەمەندا کردبێت،

ئەوا کافکا- بێ چەندوچون- توانی مۆدێرنە لە ئاستی بابەت و فەزای نووسینی ڕۆماندا چێ بکات.

کافکا یەکێک بوو لەو قەڵەمانەی پێشبینی بەچەندین دیاردەی وەک: (پەیوەندی دەسەڵات بە تاکە کەس و هەژموونی یاسا و بیرۆکراسییەت و ئازاری وجودی و ئەو تەونە گەورەیەی مرۆڤ لتێکەوتوە، کردبوو) لەسەردەم و ڕۆژگارێکدا ئامێر و پلەبەندی وەزیفی و ملکەچکردنی خۆبەخۆی مرۆڤ، بۆ هێزگەلێک کە ڕاوی دەنێت. بێ ئەوەی بزانێ بۆچی و لە پێناوی چیدا وای پێدەکرێت. وەک ئەوەی بوونەوەرێکی ئەبستراکت بێت.

بەجۆرێک لە جۆرەکان، کافکا بەشێوازی خۆی پەیامبەرێک بوو. بۆیە تەواوی نووسینەکانی تەرخان بوو بۆ گوزارشت کردن لە پێشبینییە تراژیدی و ناهەموارەکانی، بۆ داهاتووی مرۆڤایەتی.

ئەمڕۆ هێندە بەسە هەر کتێبێک لە کتێبەکانی بخوێنینەوە کە بە ژمارە زۆرنییە،

چونکە بەداخەوە کافکا زۆر نەژیا!، تابزانین چۆن ئەو هەر لە زووەوە باسی لەو دیاردانە کردوە کە لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەمدا بەزەقی دەردەکەون و ژیان دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە.

ئێمە کە هەموو جارێک پێویستمان بە خوێندنەوەی ژیاننامەی نوێی کافکا دەبێت، لەبەر ئەوەیە تا بەو هەلومەرج و بارودۆخە ئاشنابین کە ئەو گەنجە داخراو و دەردەدار و غەمگین و پێشبینی کەرە، والێدەکەن هەموو ئەوانە بکاتە توێشوی نووسینەکانی، ئەو نووسینانەی هەموو مەرجێکی نووسینی مەزنیان تێدایە.

یەکەم مەرجیشی ئەگەرچی باس لە تراژیدیای مرۆڤ دەکات، وەلێ بەدوورە لەهەموو مژدە و پەیامێک و ئەدەبی ئەو هەرگیز، ملکەچی دەسەڵاتی پەیام و ئایدیایەکی دیاریکراو نەبوە. ئەوەش یەکێکی ترە لە تایبەتمەندی و خەسڵەتی ئەدەبی ئەو.

ئەو تایبەتمەندیانەی ئەدەبی کافکاو

پەیوەندی کۆنکرێتی نێوان دنیابینییە تایبەتییەکانی و گوزارشت کردنی لەو شتانە، لەگەڵ ڕەوتی ژیان و پەیوەندی بەڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرە سەرەکیەکانییەوە، شتگەلێکن هەرگیز بەسەر ژیاننامە نوسانی کافکادا تێنەپەڕیوون، هەر لە ماکس برودەوە تا مارت ڕۆبێر و.. هتد.. ئەوانە هەموویان لەسەر ئەوشتانە وەستاون و تیایدا قوڵبوونەتەوە، بەڵام ئەوەی بەزەقی دیارە ئەوەیە، زۆربەی ئەو ژیاننامانەی کافکا وەهانووسراون، وەک ئەوەی نووسەرەکانیان وەها ویستبێتیان بەزۆردارەکی، کافکا لەبەر ڕۆشنایی ژیانی تێکستەکانیدا بخوێننەوەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی، بەڕەفتار و هەڵسوکەوتی کارەکتەرە سەرەکیەکانییەوە ببەستنەوە.

بەو مانایەی زۆربەی زۆری ژیاننامەنووسەکانی کافکا، بەردەوام سوربوون لەسەر ئەوەی لەبەر ڕۆشنایی ژیانی کارەکتەرەکانیدا، باس لە ژیانی خۆی بکەن. واتە کافکا لای ئەوان وەرگۆڕاوە بۆ

بوونەوەرێکی ئەبستراکتی خاڵی لە ژیان و دابڕاو لە ڕەوتی ژیانی ڕۆژانە.

ئـــەوەش ئـــەو وێـنـەیـەیـە کـە زۆربـــەی مـێـژوونـووسـانـی ژیـانـنـامـەی کـافـکـا- کە سەرلەبەریان لایەنگری زایۆنیزمی سیاسین-، بـە وێـنـەی کافکای جـولـەکـەوە گـرێ داوە. کافکایەک دوای گۆمڕابوون تۆبەدەکات و هەر لەسەرەتاشەوە، یەکێک بووە لەوانەی داوای دروستکردنی دەوڵەتی جولەکەی کردوە.

جێی داخـە چـەند نووسـەرێـکی عـەرەب بـەم وێـنـەیـەی کـافـکـاوە چـەلـب بـوون‌و لە هەموو وشەو لاپەڕەیەکی تێکستەکانیدا، بۆ سەلماندنی ڕاستی ئەو مەسەلەیە دەگەڕێن. هەڵبەت ئـەوەش بەئاسانی دەسگیر دەبێت و هـەربـەو سـوک و سـانـاییـەش دەکـرێـت، دەستمان بەپێچەوانەکەشی ڕابگات! بەمجۆرەو بەشێوەیەکی شێلگیرانە، کافکا بوو بەو جولەکە دەمارگیرەی پێویستە بسوتێنرێت.

ئێمە لێرەدا نامانەوێت هـەروا دەستوبرد ئەو وێنەیەیە ڕەتکەینەوە و وەلاوەی بنێین، بەڵام تەنها دەمانەوێت ئاماژە بەوە بدەین کە

ژیانی کافکای نووسەر، ناکرێت کورتبکرێتەوە بۆ هەندێک باس و دەستەواژەی ئایدیۆلۆژی و سیاسی و بە یەکجاری، ئەوە وەک چەسپێک لە بەرهەمەکانی بدرێت.

ڕەنگە ئەو ژیاننامەی کە ئەرنست پاوڵ نووسیویەتی، بەناوی فرانتس کافکا، یان مۆتەکەی عەقڵو چاپە فەرەنسییەکەی لە خانەی وەشانی لوسوی بە قەبارەی 280 لاپەڕەی گەورە دەرچوە، چاکترین بەڵگەیەک بێت بۆ سەلماندنی ڕاستی قسەکانمان.

هەرچەندە ئەرنست پاوڵ لایەنگیری زایۆنیزمی پێوە دیارە، هەرئەوەش وایلێکردوە ژیاننامەیەکی نوێ دەربارەی تیودۆر هێرتزلی دامەزرێنەری زایۆنیزم بنووسێت!، بەڵام لە مۆتەکەی ئەقڵدا دەبینین بەدرێژایی بەش و لاپەڕەکانی کتێبەکە، هەموو هەوڵەکانی بۆ خستنەڕووی ئەو پەیوەندی نزیک بوونەوە و دورکەوتنەوە بەردەوامەیە کە نەک هەر لە نێوان کافکا و زایۆنیزم، بەڵکو تەنانەت لە نێوان کافکا و جولەکایەتیشدا هەبوو.

## دڵەڕاوکێ، یان یەقین؟

هەڵبەت شتێک نییە کافکا لەڕەگ و ڕیشە جولەکەییەکەی داببڕێت، چونکە ئەوە بەڕوون و ڕەوانی لە کارەکتەر و هەڵسوکەوتیدا، هەروەها لە ڕەفتاری کارەکتەرەکانیدا ڕەنگیداوەتەوە. هەرچی لە ئەدەبی فرانتس کافکادا هەیە، دواجار دەکرێت بە تێڕوانینی جولەکایەتی بۆ دنیا ناودێری بکەین کە بریتییە لە: (چەمکی تێئاوارەبوونی هەمیشەیی و گرێی گەمارۆدراوی و دۆنکیشۆتییەتی و سەردانەوانەدن و چەمانەوە لەبەردەم گەردەلولەکاندا تا ئەوکاتەی تێپەڕدەبێت، لەگەڵ گرێی چەوساندنەوە و گرێی وێڵ بردن و دەربەدەری بەردەوام...).

بەدرێژایی مێژوو، هەموو ئەو گرێیانە دروست بوون و بونەتە بەشێک لە دنیابینی جولەکە بۆ جیهان. ئێمە گەربێتو لە کارەکتەرەکانی کافکا وردبینەوە و هەروەها سەرنج لە نامە و یاداشتەکانی بدەین، بە ئاسانی دەستمان بە کاریگەری زەق و زۆپی ئەو گرێیانە دەگات.

دەکرێت بڵێین کتێبەکەی ئەرنست پاوڵ دەربارەی کافکا، لەبنەڕەتدا لەسەر ئەو گرێ و نوقسانیانە چێ بوە. ئەگەرچی پاوڵ ئەو گرێ و کەم و کوڕیانە گرێدەداتەوە بە ڕەهەندی ناخودئاگا، لە کارەکتەری کافکادا. بەبۆچونی ئەرنست پاوڵ کافکا لە قوڵایی نەستیدا، سەر و مڕ جولەکە بووە، بەڵام هاوکات خوا خوای بوە، لەو حاڵەتە نەجاتی بێت. ئارەزووی زۆری بۆ دەربازبوون لەو دۆخە وەک پاوڵ لە کتێبەکەیدا باسی دەکات، بەسێ جۆر بوە:

1- حەزی زۆری کافکا- کە هەر لەمنداڵییەوە لەگەڵیدا بوە- بۆ جیابوونەوە لە باوکی، ئارەزوویەک کە دواتر دەبێتە ڕق و دوژمنایەتی و پاساوی ئەوەش ئەوەیە کە کافکا هەر لە سەرەتای تەمەنییەوە، ڕقی لە هەموو دەسەڵاتێک بووەتەوە.

2- هەڵوێستی دژ بەجولەکایەتی، ئەوەش لەو تیر و توانجانەدا دەردەکەوێت کە ئاڕاستەی هاوپۆلەکانی خوێندنگەی کردوە، بە تایبەت ئەوانەیان کە پەرۆشی ئایینی یەهودی و

دوای ئەوەش ئاقاری زایۆنیزم بوون. هەڵبەت کافکا تادواڕۆژەکانی ژیانی هەروامایەوە. هێندە بەسە کە نامە بەناوبانگەکەی بۆ باوکی بخوێنینەوە، تا لەبوونی ئەو دوو هەستە قوڵە لەناخیدا دڵنیابین: (هەستی دوژمنکارانە بەرامبەر باوک و هەستی بەڕق و بێزاریش لە هاوئایینەکانی).

3- دواجار هەڵوێستی کافکا سەردەمەکەی و لەمرۆڤ بەگشتی. ئەو بەهیچ کلۆجێک پیاوێکی کۆمەڵایەتی نەبوو، هەرگیز نەشیتوانی بەرامبەر هیچ کەسێک ڕوخۆش و ئاغربێت. تەنانەت بەرامبەر بەو کچانەشی پەیوەندی ئەڤینداری لەگەڵیاندا هەبوو.

**لەم وێنەیەدا چی دەبینین؟**

بێگومان وێنەی پیاوێک دەبینین، مل نادات و بەگژ هەموو دەسەڵاتێکدا دەچێتەوە و دژی هەموو ئایدیۆلۆژیایەکە، بە ئایدیۆلۆژیای زایۆنیزمیشەوە. ئەوەتا ئەرنست پاوڵ پێمان دەڵێت: (ئەو ئایدیۆلۆژیایە هەرگیز نەیتوانی

بۆماوەیەکی زۆر کاریگەری لەسەر دابنێت، ئەگەرچی زۆربەی زۆری خزمان و هاوڕێیانی باوەڕیان پێی هەبوو.. تەنانەت بەهۆی ئەوەی لاقرتێی ئایدیۆلۆژیای زایۆنیزمی دەکرد، چەندین کەسی لە دەست داو چەندین دۆست و هاوڕێی لێی زویربوون).

لەگەڵ ئەوەشدا و تەنانەت ئەم هەڵوێستەشی هی ئەوە نییە بڵێین، کافکا بەدرێژایی تەمەنی هەروابووە و هەر بەوجۆرە ماوەتەوە. ئەو وەک هونەرمەندێک وەک مرۆڤێکی ڕاستەقینەش، بەدرێژایی ژیانی زیاتر پرسیاری وروژاندوە، نەک لە سۆراخی دەسگیربوونی وەڵامدابووبێت. بۆیە سەروەختێک تاوتوێی نامە دڵدارییەکانی و تێکستە ئەدەبییەکانی دەکەین، واقمان وڕدەمێنێت کە چۆن هەموو جارێک گەشتبێتە یەقین و دڵنیایی، کشاوەتەوە و دەست بەرداری ئەو شتە بوە. لەنێو ئەوانەشدا، یەقینی بەمانەوە لەدەرەوەی زایۆنیزم و لەدەرەوەی ڕەوتی ڕۆژانەی باوەڕداری یەهودیدا.

ئەمە ئەو شتەیە ئەرنست پاوڵ بەدور و درێژیی لە کتێبەکەیدا باسی دەکات و کافکا لەو تەمەنە کورتەی ژیانیدا وەها وێنادەکات، وەک ئەوەی هەمیشە لەنێوان پرسیار و یەقین، یان لەنێوان ئارەزوویەکی شکست خواردو بۆ ئینتیما بۆ شتێک و دواتریش خۆدزینەوە لە هەر جۆرە ئینتیمایەک، لە بگرەو بەردەدابووبێت.

ئێمە پێمانوایە خوێندنەوەی ڕۆمان و چیرۆکەکانی کافکا بەشێنەیی، لەگەڵ نامە و یاداشتەکانیداو لەبەر ڕۆشنایی ئەم کتێبە نوێیە دەربارەی ژیانی، بەسە بۆ ئەوەی لەهەڵوێستی ئەوانە دورمانخاتەوە کە هەمیشە ویستویانە ئیدی زایۆنیزم بووبن، یان دژە زایۆنیزم، بەرگی زایۆنیزم بکەن بە بەری کافکادا. لەبەرامبەردا وامان لێدەکات نووسەرێکی نیگەرانی تێدابیینین کە ڕاستگۆیانە گوزارشتی لە ئێش و ئازارەکانی سەدەی بیستەم کردوە.

دواجار پرسیارەکە ئەوەیە: لکاندنی کافکا بە یەهودییەت و زایۆنیزمەوە بەو چڕ و پڕییە، لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت؟.

سەرچاوەی هەموو ئەوە ماکس برودە کە کەسێکی زایۆنیستەو هەروەها هاوڕێیی کافکایەو هەر ئەویشە دوای مردنی، بەرهەمەکانی بۆ بڵاودەکاتەوە. برۆد سەروەختێک ئەوروپا جێدێڵێت و بەرەو فەلەستین کۆچ دەکات و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، هەست دەکات پێویستە دیارییەک پێشکەش بە زایۆنیزم بکات و ئەویش کافکاش دەکاتە ئەو دیارییە، بەڵام لەسەر سینییەک وشەی درۆ ئەو کارە دەکات، ڕەنگە ئەوەش یەکێک بێت لە تراژیدیا گەورەکانی کافکا.

ئەوێک کە بەهەموو تەمەنی لەهەوڵی ئەوەدابوو، لەباوکی بەتایبەتی و لە کەسوکاری بەگشتی جیابێتەوە، کەچی کەمرد لەپراگ لە گۆڕێکدا لەنێوان دایک و باوکیدا ناشتیان. لەلایەکی دیکەوە ئەوێک کە بەدرێژایی ژیانی بەرامبەر هەموو ئایدیۆلۆژیایەک بەدگومان و دوورەپەرێزبوو، ماکس برود لەگەڵ خۆیدا بردی بۆ فەلەستین، تا بەشێوەیەکی زۆر کاڵفامانە بیکاتە زایۆنیزم.

بەبۆچونی ئێمە کاتی ئەوەهاتووە، کافکا لەوشتانە قوتارکەین و لەو پێچ و پەنایانە دەری بێنین و بیگەڕێنینەوە بۆ پێگە ڕاستەقینەکەی خۆی. پێگەی ڕاستەقینەی وەک ئەدبێکی ئازاد و تایبەت، کەئیشی تەنها گوزارشت کردن بوو لەئێش و ئازاری مرۆڤ مرۆڤ بەگشتی. ئیدی ئەو مرۆڤە جولەکەبێت، یان غەیرە جولەکە.

# دادگایی فرانتس کافکا

## -بۆچی یۆزیف کاف بەرخود ناکات؟-

سەروەختێک دەرهێنەری گەورەی ئەمریکی ئۆرسۆن ویلز کە دوورخرابووەوە بۆ ئەوروپا، فیلمی دادگایی نمایشکردو فیلمەکەش لەڕۆمانی دادگایی فرانتس کافکاوە ئامادەکرابوو، چەندین گفتوگۆی ڕۆژنامەوانی لەگەڵدا سازکراو تێکڕاشیان دەیانویست، بۆچونی ئەو لەبارەی ئەو بەرهەمەوە بزانن کە هەڵگری چەندین لێکدانەوەی جیاجیا و بۆچونی فیکری دژبەیەک بوو.

یەکێک لەڕۆژنامەنوسان لەچاوپێکەوتنێکدا لێی دەپرسێت: (لەم فیلمەدا وادەردەکەوێت وەک ئەوەی بتەوێت ڕەخنەیەکی توند ئاڕاستەی خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بکەیت، لەلایەن ئەوانەی خاوەن دەسەڵاتن. لەوەش زیاتر تۆپێت وایە مسیۆکاف وەک ئەوەی لەفیلمەکەدا دەردەکەوێتو ئەنتۆنی برکنز ڕۆڵەکەی بەرجەستەدەکات، پرۆمسیۆسێک بێت)؟. ئۆرسۆن ویلزیش لەوەڵامدا دەڵێت: (کافیش بۆخۆی بیرۆکراسیە، بۆیە پێموایە بەشێکی گەورەی گوناهەکە بەئەستۆی خۆیەتی).

کاتێک ڕۆژنامەنووسەکە لێی دەپرسێت: (بۆچی پێتوایە کاف گوناهبارە؟). لەوەڵامدا ئۆرسۆن ویلز بەڕون و ڕەوانی دەڵێت: (چونکە ئەویش سەر بەشتێکە کە نوێنەرایەتی خراپەکاری دەکات و ئەو شتەش بەشێک لەو پێکدێنێت. ڕاستە ئێمە ناتوانین بڵێین تاوانێکی کردوەو گوناهبارە بەوەی دەسەڵات دەیداتە پاڵی، بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەویش تاوانبارەو سەر بە کۆمەڵگەیەکی گوناهبارەو دەست و پەنجەی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیەدا نەرم کردوە. هەرچۆنێک بێت من لێرەدا نامەوێت لافی ئەوە لێبدەم کە شارەزاییم لە تاوتوێکردنی بەرهەمەکانی کافکادا هەیە، بۆیە تەنها گوزارشت لە بۆچونی تایبەتی خۆم دەکەم).

بەڵام داخۆ یۆزیف کاف دەبوو بەرخوردبکات؟، ڕۆژنامە نوسەکە لە ئۆرسۆن ویلز دەپرسێتو ئەویش لەوەڵامدا دەڵێت: (بەڵێ. ئەو هیچ بەرخوردێک ناکات، لەکاتێکدا دەبوو بەرگری لەخۆی بکات و دەستەوستان ڕانەوەستێت. لەگەڵ ئەوەشدا من لەفیلمەکەمدا

لایەنگیری کەس ناکەم، نە کاف و نە نەیارەکانی، بەڵام دەزانم بەدرێژایی کات ئەو هاریکارییان دەکات. لە کتێبەکەی کافکاشدا هەروا دەکات. لێرەوەیە لەفیلمەکەدا ڕێگەی ئەوەم پێداوە، دواجار بەگژ جەللادەکان و ئەوانەدا بچێتەوە کە دادگایی دەکەن و بەتاوانباری دەزانن).

هەرچەندە ڕۆمانی دادگایی بە بەناوبانگترین ڕۆمانی فرانتس کافکا دادەنرێت و یەکێکیشە لەو بەرهەمانەی کافکا تا لەژیاندامابوو تەواوی نەکرد، ئەگەرچی چەندین ساڵ بەر لەدنیا دەرچونی دەستی بەنووسینی کردبوو.

دادگایی هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا، بووەمایەی سەرسامکردنی خوێنەرانو ئەوانەشی وەریاندەگێڕایە سەر زمانەکانی دیکە. بۆ نمونە چەندین جار وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فەرەنسیو هەر وەرگێڕێکیش لەو باوەڕەدابووە ئەوەی پێش خۆی، مافی تەواوەتی بەتێکستەکە نەداوە بەوەی هەڵگری ڕەهەندێکی تەنز ئامێز و کۆمیدییە.

ئەوەی سەیرە لێرەدا ئەوەیە، ئەم تێکستەی

بەیەکێک لەهەرە تێکستە تراژیدیەکانی سەرەتاکانی سەدەی بیستەم ئەژماردەکرێت و یەکێکە لەو بەرهەمانەی بەقوڵی باسی لە چارەنووسی تراژیدیانەی مرۆڤ کردوە لە سایەی دەسەڵاتی بیرۆکراسیدا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بەرهەمێکی کۆمیدی تەنزئامێزە و دەبوو هەمیشە خوێنەرانی بهێنایەتە پێکەنین.

ژیاننامەنووسەکانی کافکا باس لەوەدەکەن، سەروەختێک لەساڵی 1914وە تا بەراییەکانی ساڵی 1917 خەریکی نووسینەوەی نەسکەکانی ئەو بەرهەمەی بوە، زۆر چێژی لەوە بینیوە ئەو نەسکانەی نووسیونی بۆ هاوڕێکانی بخوێنێتەوە و لەکاتی خوێندنەوەشیدا، هێندە بەماجەراو بەسەرهاتی پاڵەوانەکەی پێکەنیوە، سکی ژانی کردوە.

لەنێو ئەوانەی ئامادەی ئەو کۆڕ و مەجلیسانەی بوون، ماکس برود بوە کە هەر زوو ڕودەکاتە فەلەستین و شوێن خەونی زایۆنیزمانەی خۆی دەکەوێت. لەو سەفەرەشیدا بەرهەمەکانی فرانتس کافکا

لەگەڵ خۆی دەباتو لەدوای مردنیشی بڵاویان دەکاتەوەو بازرگانیان پێوەدەکات. هەندێ جاریش دەسکاری تێکستەکانی کردووەو هەندێ شتیشی بۆزیادکردووە، تا لەگەڵ ئایدیاکانی خۆیدا بگونجێت. دادگاییش لەنێو ئەو بەرهەمانەدا بووەو بگرە یەکەمین بەرهەمێکە لەساڵی 1925 واتە ساڵێک دوای لە دنیادەرچونی کافکا، بڵاوی کردبێتەوە.

بڵاوکردنەوەکەشی ڕەنگ و بۆیەکی تراژیدیانەی پێوەدیاربوو، بەجۆرێک ڕەهەندە کۆمیدییە ڕەشەکەی کافکایزمی شاردبووەوە. وەلێ ئەو ڕۆمانە وەکی ئەوەی لەمڕۆدا پێی ئاشناین و بەوجۆرەی ئۆرسون ویلز ئامادەی کردووە، جارێکی دی چۆتەوە سەر لۆژیکی کافکاو تەنز و کۆمیدیا مەبەست دارەکەی. دادگایی وەک ئەوەی لەمڕۆدا ئێمە پێی ئاشناین و چەندین وەرگێڕانی بۆکراوە، ئەو ڕۆمانەیە کە کافکا خۆی ویستی وابوو بەو جۆرەبێت. هەرچەندە حەزی نەدەکرد هەرگیز چاپ بکرێت و بڵاوبێتەوە.

هـەروەهـا حـەزی نـەدەکـرد زۆرێـک لەبەرهەمەکانی ڕوناکی ببینن و چاپبکرێن. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دادگایی بڵاوکرایەوەو بوو بەیەکێک لەتێکستە دیار و دانسقەکانی ئەدەبی مۆدێرن. ڕۆمانێک بەستایلی تایبەتی خۆی، بەگژ مۆدێرنەیەکدا دەچێتەوە کە مرۆڤ نامۆدەکات و لە مرۆڤ بوونی دەخات.

ئەڵبەتە ڕۆمانی دادگایی دەربارەی یۆزیف کافە. یۆزیڤ کافیش فەرمانبەرێکی بیرۆکراسیە لـە کۆمـپـانـیـایـایـەکداو خـواسـتـی گـەورەی ئەوەیە، ژیانێکی ڕۆتینی ئاسایی لەناو خزم و دۆستانێکی بەژمارە کەمدا بگوزەرێنێ. ژیانی شتێکی وای تێدانابێت شایەنی باس بێت، تا ئەو ڕۆژەی لەخەو بەخەبەردێت و دەبینێت پیاوانی دەسەڵات، دەیانەوێت دەسگیری بکەن و بیدەنە دادگاو لەسێدارەی بدەن.

**بەڵام لەپای چی و ئەو تاوانە چییە کە کردویەتی؟**

نـەخـۆی وەڵامـێـکـی دەسـگـیـردەبـێـت و نـە ئـەوانـەشـی هـاتـون بـۆ دەسـگـیـرکـردنـی، هۆکارەکەی دەزانن. ئەوانەی هاتون کاریان

تەنها ئـەوەیـە، فەرمانەکانی سـەروخۆیان جێبەجێ بکەن و لە ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی بکۆڵنەوە. تەنانەت ئەو دادوەرانەشی لە دواجاردا بڕیاری لەسێدارەدانی بەسەردا دەدەن، بەتەواوەتی نازانن تاوانەکەی چییە.

هەرچەندە چەند توێژەرێک پێیان وایە گەربهاتبایە کافکا ئەو ڕۆمانەی تەواوبکردایە، دەشیا پێمان بڵێت تۆمەتەکەی یۆزێف چی بوە، بەڵام واقیع پێمان دەڵێت نووسەرەکەی شتێکی وەهای نەکرد، گەرنا ئەوا کرۆکی بابەتەکە بەهەدەردەچوو، چونکە نەکاف و نەئەوانەشی هەوڵی دەسگیرکردنی کاف دەدەن و نە ئێمەش، نازانن هەقیقەتی ئەو گوناهو تاوانە چییە کە کردویەتی. تێکڕای بەرهەمەکانی دیکەی کافکاش- زۆربەیان تاخۆی لەژیاندا بووە چاپنەکراون-، ئەو گریمانەیە دەسەلمێنێت.

شایەنی باسە زۆرێک لە لێکۆڵیاران پێیانوایە دادگایی بەوجۆرەی کە هەیە، بەرهەمێکی بێ کەموکوڕییە، یان ڕەنگە تا هەتایە هەرنەگاتە ئاستی بەرهەمێکی بێکەم و کوڕی.

**کەوابێت ڕۆمانی دادگایی باسی چی دەکات؟**

زۆربەئاسانی باس لە بەهانەهێنانەوە- یاخود پاساوی خودی بوون خۆی- دەکات، یان دەربارەی مەحاڵی بەهانەیە لەو دنیا ئەنگوستەچاوەی تیایدا دەژین، دنیایەک کە بەدەست و پەنجەی خۆمان دروستمان کردوە.

لێرەوە دەتوانین بەتەواوەتی لە ئۆرسۆن ویلز حاڵی ببین کەدەڵێت: (کاف بۆخۆی تاوانبارەو ڕەنگە تاوانباری سەرەکیش بێت. نەک تەنها لەبەرئەوەی بەرخود ناکات، بەڵکو تادوا چرکەساتەکانیش هەر هاوکاریی دادوەرەکان و ئەوانەدەکات کە چاودێریی دەکەن. تەنانەت هێندە بەجۆش و خرۆش و خوێن گەرمانەوە هاوکاری ئەوانە دەکات، بیری دەچێتەوە کەچی بەسەردێت. یان لەفیکری ئەوەدابێت، خۆی لەو چارەنوسە نادیارە قوتار بکات کە پیاوانی دەسەڵات بەرەو ئەوێی دەبەن، بۆ ئەوەی ئەوانە خۆشیان بتوانن هیچ دەربارەی ئەوکارەیان بڵێنو هیچی لەبارەوە بزانن).

ئەو ئاقارەی پرسی یۆزیف کافی پێدا تێدەپەڕێت، هەر لەخاوەن ماڵەکەیەوە بۆ هاوسێ و پارێزەر و کەشیش و نیگارکێش و هەموو ئەو کارەکتەرانەی تر کە لەڕۆمانەکەدا هاتوون، هیچ نییە جگە لە وێنەی کۆمەڵگە بەگشتی. ئەو کۆمەڵگەیەی دواجار دەبێتە مەڵبەندی تاوانگەلێک کە کەس سەرچاوەکەی پێنازانێت. کۆمەڵگە وەک سەرزەمینی هاتوچۆی جەلاد و قوربانی، ئەو جەلاد و قوربانیانەی کەس هیچ لە بارەیانەوە نازانێت.

جارێکیان ڕۆجێ گارودی لەگرنگترین کتێبەکانیدا (واقعیة بلاضفاف)، دەربارەی کافکا نووسیویەتی: (گەورەیی کافکا لەوەدایە زانیویەتی چۆن جیهانێکی میتۆلۆژی بخوڵقێنێت کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ جیهانی هەقیقیدا نەبێت. کافکا لەڕێی بەکارهێنانی کەرەستەکانی ئەم دنیایەمان– بەڵام ئاوێتە بە یاساگەلێکی دیکە– توانی جیهانێکی فانتازی دروست بکات).

بێگومان ئەم قسانەی گـارۆدی کتومت بەسەر دادگاییدا دەچەسپێت، چونکە ئاشکرایە ئاوێتەکردنی واقیع و فانتازیا ڕاستەوخۆ، دەمانباتەوە ناوجەرگەی سەردەمە نوێیەکان.

فرانتس کافکا 1883–1924 زۆر نەژیا تا بەچاوی خۆی ببینێت، چۆن ترس و دنیابینییە پڕ تراژیدییەکانی لەسەدەی بیستەمدا، بوونە واقیع و خەڵکی ئەزمونیان کرد. ئەو هێندە ژیا تا لەو واقیعە سەیرەدا، بەرهەم گەلێکی نوسی و ئەو بەرهەمانەش بوون بەسەرچاوەی نووسین، بۆ زۆرێکی زۆر لە نووسەران و مێژوونووسان.

ئەو جولەکە ئەڵمانی زمانەی لەپراگ لەدایک بوو، زانی چۆن ژیانی خۆی دەکاتە ڕۆمانێکی مەزن. ئەویش لەڕێی ئازارە بێشومارەکانی خۆی و لەڕێی تەرێزکردن لەباوک و نەتەوەو پەیوەندییە ئەڤینداری و نووسین و شکست و نائومێدییە زۆر و زەوەندەکانییەوە. هەموو ئەوانە بوونە سەرچاوەی تێکست گەلێک کە کافکا تاخۆی لەژیاندا مابوو کەمێکی کەمی

لێ بڵاوکردنەوە، وەک (پزیشکی گوند، دۆز، بەد گۆڕان، وڵگەی سزا). بەڵام بەرهەمەکانی دیکەی وەک (ئەمریکا و کۆشک و... هتد)، ئەوا لەدوای مردنی بڵاوکرانەوە و ڕوناکیان بینی.

# بەڕمونزبوونی فرانتس کافکا

## - لە کوشتنی کوڕەوە بۆ دڵڕەقی زمانە -

ئەگەر تێکستە بەناوبانگەکەی نامە بۆ باوک، پڕماناترین و بەسوێترین بەرهەمی نووسەری چیکی- ئەڵمانی زمان فرانتس کافکابێت، ئەوا ڕۆمانی بەڕموزنبوونی بەجۆرێک لە جۆرەکان‌و لە هەندێک ڕووەوە، سەروکاری لەگەڵ ئەونامەیەدا هەیە، یان لانی کەم کۆمەکی ئەوەمان پێدەکات بۆئەوەی لەو پەیوەندییە ئاڵۆزە تێبگەین کە نووسەر لەگەڵ جیهاندا دروستی کردبوو، لەڕێی پەیوەندی بە باوکییەوە یاخود لەڕێی ڕقهەڵگرتن، یان ترس لە باوکی، بەوپێیەی ئەو باعیسی هەموو دەردەسەری و نەهامەتییەکانی بوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا باوک لە بەڕموزنبووندا، ئەو پێگە سێنتراڵییەی نییە کە لە نامە بۆ باوکدا هەیەتی. هەرچەندە ڕۆمانەکە و قارەمانی ڕۆمانەکەش، لەسەردەستی باوک کۆتایی دێت.

بەڕموزنبوون یەکێکە لەو بەرهەمە کەمانەی کافکا لەماوەی ژیانی خۆیدا بڵاوی کردووەتەوە، ئەمەش مانای وایە ئەو تێکستە هەمان چارەنوسی ڕەشی ئەو کارانەی دیکەی

نەبووە کە کافکا لەدوای خۆی جێیهێشت و لەڕێی ماکس برودی هاوڕێیەوە ڕوناکییان بینی. برود زۆر زوو ڕودەکاتە فەلەستین و لەگەڵ خۆشیدا میراتی خاوەنی بەڕموزنبون دەباتو بەویست و ئارەزووی خۆی، دەکەوێتە بڵاوکردنەوەیان و بەو جۆرەشی حەزی پێیەتی، لێکدانەوەیان بۆدەکاتو بارگاویان دەکات بەماناگەلێک کە لەگەڵ دنیابینی خۆیدا یەک بگرنەوە.

ئەم دۆخەش بەردەوام دەبێت، تائەوکاتەی کافکا ناسە ڕاستەقینەکان دەردەکەونو وێنەکە ڕون دەبێتەوەو فرە لێکدانەوە بۆ کارەکانی دەکرێت. لێرەوە ئیدی پرسیاری داهێنەرانە و زیندوو، شوێن بە دۆگما کرچ و کاڵەکان لەق دەکەن و وێنەگەلێکی دیکەی کافکا دەبینین کە دوور و نزیک، ناچنەوە سەر ئەو وێنەیەی ماکس برود بۆی دروست کردبوو.

هەرچۆنێک بێت ڕۆمانی بەڕموزنبون، لەدەست تێوەردانی زۆری ماکس برود بە دوورمایەوە. هەربۆیە وەک بەرهەمێک

تەماشادەکرێت کە گوزارشت لەجیهانی ڕۆماننوسینی سەیر و سەخت و تاکانەیی ئەو دەکات، تا ئاستێکی زۆرترسناک. جیهانێک کافکا لەبەرهەمەکانیدا خۆڵقاندبونی و دەیویست لەڕێی ئەوەوە، هەڵوێستی خۆی لە دنیا و خێزان و ڕۆژگار و هەموو ئەو پرس و باسانەی تر بەیان بکات کە تەمەنی کورتی خۆی، لەژێرباری قورسی ئەوانەدا بەڕێکرد.

لەم سەروبەندەدا دەکرێت بڵێین بەڕموزنبون زیاد لەهەر بەرهەمێکی دیکەی، گوزارشت لەو دنیایە دەکات و زۆر دوورە لەو حوکم و شرۆڤەکاریانەی ماکس برود کە هێندەی نەمابوو، فرانتس کافکا بکەنە یەکێک لە ئاڵاهەڵگرە سەرسەختەکانی هزری زایۆنی.

ئەوەی ڕاستی بێت هەرچی لە بەڕموزنبوندا هەیە، دژی ئەو ئایدیایەیە. هەرچەندە ڕۆمانەکە خۆی تاسەر ئێسقان، یەهودیانەیەو تێگەیشتن لێشی تەنها لەڕێی جولەکەبونی کافکاوە مەیسەر دەبێت، بەڵام کێشەکە لێرەدا ئەوەیە کافکا وەک زیندان و بارێکی گران،

سەیری جولەکەبوونی خۆیی کردوە. ئەمە لە کاتێکدا ماکس برود هەمیشە ویستویەتی جۆرە تەماهییەک، لە نێوان جولەکایەتی کافکا و ئازادیی ئەودا دروست بکات.

هەڵبەتە ئێمە نامانەوێت وا بەسەرپێی باس لەم پرسە بکەین، چونکە ئاشکرایە ئەو تێکستە تا ئێستا، هەزاران لاپەڕەی بەنووسەران و لێکۆڵیاران ڕەشکردووەتەوە و هەر لەسەر ئەو پرسەش، مشتومڕی توند دروست بوە. بۆیە هەر قسەکردنێک لەوبارەیەوە، دەبێت زۆربە وریاییەوە بێت و وەک بۆچونێک لە نێو چەندین بۆچونی تردا سەیربکرێت.

بێگومان ئەم قسەیە بۆ سەرجەم کار و بەرهەمەکانی کافکا ڕاستە و ئەستەمە- گەر نەشڵێین مەحاڵە-، بتوانرێت دواقسەیان لەبارەوە بکرێت. ئیتر ئەمە لە کوێ و ئەو حوکمە بنجبڕانەی ماکس برود لەکوێ؟

کافکا ڕۆمانی بەڕموزنبونی لەساڵی 1916 بڵاوکردەوە، واتە لەقۆناغی پڕکاری و ئەوجی داهێنانیدا ئەوەی بڵاوکردەوە. ئەوەیەکەمین

کاری گرنگیشی بوو کە لەو تەمەنەدا بەچاپی گەیاندو تەمەنیشی لەوکاتەدا سی و سێ ساڵان بوو. بێ ئەوەی بزانێت کە تەنها هەشت ساڵی دیکە دەژی و ماڵئاوایی لە دنیا دەکات.

وەک زۆربەی زۆری ڕۆمانەکانی دیکەی، شانۆی ڕووداوەکانی ناو بەڕموزنبوون دنیای توێژی ناوەندی بۆرژوازییەتی چیکۆسلۆڤاکیایە کە دنیای گروهێکی بەژمارەکەمی جولەکەکانی ئەوێیەو کافکا خۆشی سەربەوان بوو.

کافکا زۆرباش ئەو توێژ و گروهەی دەناسی و گرنگترین شتێکیش کە ئەو دەیویست ئەوەبوو، گوزارشت لە ئایەخی توێژەکەی بکات و ورد و درشتی ژیانی ڕۆژانەیان بخاتەڕوو. ڕاستە ئەو شێوازەی لەڕێیەوە کافکا بەسەر هاتی گریگۆر سامسای پاڵەوانی بەڕموزنبونمان بۆدەگێڕێتەوە شێوازێکی ڕیالیزمانەیە، وەلێ دواجار ڕۆمانەکە بەگشتی چیرۆکێکی تەواو فانتازی و ڕەمزییە.

چونکە ئەوەی بەسەر گریگۆر سامسادا دێت، دۆخێکە لەدەرەوەی یاساکانی لۆژیکدایە، یاخود بەبۆچونی گەورە کافکا ناسان دۆخێکی بان- واقیعە.

**دەبێت ئەو گریگۆر سامسایە کێ بێت؟**

دەستگێرێکە دوای مایە پوچ بوونی باوکی، ئەرکی بەخێوکردنی خانەوادەکەیانی دەکەوێتەسەر شان. کەچی تا ئەمڕۆ هەست بە بەختەوەری دەکات، چونکە توانیویەتی کەمانچەیەک بۆ خوشکەکەی بکڕێت کە عاشقی میوزیکە، تا کەمانچە بژەنێت. هەروەها پارەی پێویستیشی بۆ دەستەبەرکردوە، تابتوانێت هەقدەستی ئەوانەی پێبدات کەوانەی میوزیکی پێدەڵێن.

بەڵام ڕۆژێکیان دوای ئەوەی شەوێکی ترسناکی مۆتەکاوی بەڕێ دەکات، دەمەوبەیان بەئاگادێتو دەبینێت سەر و سەکوتی گۆڕاوە و بۆتە قالۆنچەیەکی گەورە. بێ ئەوەی ئەو بەد گۆڕانە، هیچ لە میهرەبانی و نەرم و نیانی ناخی کەم بکات.

گریگۆر هەست دەکات ئەو سەر و سەکوتە نوێیەی، دەبێتە مایەی ئەوەی کەسانی چواردەوری تەرێزی لێ بکەنو دڵییان پێی تێکەڵ بێت. بۆیە ناچار بەترسێکی

بێشومارەوە، خۆی دەخزێنێتە ژێر چرپاکەیو لەوەبەدوا حەزناکات کەس بیبینێ.

لەو دۆخە تازەیەدا کەس دڵی پێیناسوتێت و کەس ڕویەکی خۆشی ناداتێت، جگە لە ژنە خزمەتکارەکەیان کە بەزەیی پێدادێتەوە و وەک مرۆڤێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ڕۆژانە ئەو پیرەژنە توێکڵە سێوی بۆدێنێت تابیخوات و هەموو جارێکیش مکوڕە لەسەر ئەوەی بیدوێنێت و قسەی لەگەڵدا بکات، وەک ئەوەی هیچ ڕووی نەدابێت و هیچ نەبووبێت. هەرچەندە گریگۆر سامسا بەو دۆخە تازەیە ڕازی دەبێت و دەیەوێت بەو جۆرە هەڵبکات، وەلێ لە ژوورەکەی ناچێتەدەرەوە.

تا ڕۆژێکیان ئاوازی کەمانچەیەک پەلکێشی دەکات و دەرگای ژورەکەشی کەمێک کراوەیەو ڕوناکییەک بەدی دەکات، لەم سەروبەندەدا هەوڵدەدات خۆی بگەیەنێتە ئەو هۆڵەی خانەوادەکەی لێیدانیشتوون. هەر هێندەی دەگاتە ئەوێ، دەبینێت کەس و کارەکەی بەبینینی چ ترس و سامێکیان

لێنیشتوە. لەوێدا باوکی بەتوڕەییەکی زۆرەوە سێ و دوی لێناکات و بەهەرچی هێزیەتی، سێوێکی تێدەگرێت و سێوەکەش لەپشتی دەچەقێت.

بەکۆمەکۆم دەگەڕێتەوە پەناگەکەی و ئیدی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ، باری تەندروستی لەخراپی دەدات و بەدەنی دادەوشێت و بێ ئەوەی کەس پێی بزانێت سەردەنێتەوە.. جگە لە پیرەژنە خزمەتکارەکە کە لەبەردەم پاشماوەی لاشەکەیدا لەژێر لێوەوە خورتەیەک دەکات و دەڵێت: (ئەی ئاژەڵە بەدبەختەکە، ئیدی تەوا و ئازار و نەهامەتیەکانت کۆتاییان هات..)..

بەڕموزنبوونی کافکا کورتە ڕۆمانەو ڕوداوەکانی بەخێرایی ڕودەدەن. ئەو ڕووداوانە لەڕوانگەی گریگۆر سامسا خۆیەوە ئەزمون دەکەین و وەک خوێنەرانیش، ئەستەمە بتوانین لەگەڵیدا هاوسۆز و هاوخەم نەبین.

ئاشکرایە کافکا ویستویەتی لەو نۆڤلێتەدا، گوزارشت لە پلیشانەوە و وێرانبوونی مرۆڤ لەبەردەم ڕۆژگاردا بکات. وەلێ هاوکات

ویستویەتی ئەوەشمان پیشان بدات، مرۆڤ چۆن وەک بوونەوەرێک لە بەردەم دڵڕەقی ژیانی خێزانیدا هەڵا هەڵا دەبێت.

لێرەوە کاری ڕێکەوت نییە کافکا وادەکات کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەی خۆی، یان ئەوی دیەکەی، باوکی کۆتایی بەژیانی بێنێت و بەهۆی ئەوەوە گیان لەدەست بدات، چونکە هەرکەس نامە بۆ باوک بخوێنێتەوە، دەتوانێت پێشبینی کۆتاییەکی لەو جۆرە بکات.

فرانتس کافکا لەشاری پراگی پایتەختی چیکۆسلۆڤاکیای ئەوسا لەدایکبوە، لەنێوان سالانی 1883-1924 ژیانێکی پڕ لە دڵەڕاوکێ و دەرد و نەخۆشی گوزەراندوە، بەڵام ئەوەش ڕێگر نەبوە لەوەی، چەندین پەیوەندی ئەڤینداری هەبێت و کۆی ئەو پەیوەندییانەش لەو نامانەدا ئاشکرابوون کە کافکا بۆ ئەو خانمانە و ئەو خانمانەش بۆ ئەویان ناردوە.

تا لەژیاندا مابوو چەند بەرهەمێکی گرنگی بەچاپ گەیاندوو، دوای لەدنیادەرچونیشی

بـەرهـەم گەلێکی دیکـەی بـڵاوکـرانـەوە کە گرنگترینیان ئەمانەن: (دادگایی، ئەمریکا، شورای مەزنی چین، ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند).

لـێکـۆڵـیاران و مـێـژوونـوسـانـی بـواری ئەدەب وەک سەرچاوەیەکی گرنگی مۆدێرنە لەسەدەی بیستەمدا، سەیری ئەو بەرهەم و نوسینانە دەکەن.

## ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند

زۆرێــک لـە تـوێـژەران و ڕەخـنـەگـران (یاداشتەکانی فرانتس کافکا)، بە یەکێک لە هـەرە گرنگترین دیکۆمێنتە ئەدەبییەکانی سـەدەی بیستەم دادەنێن، چونکە بەبێ ئەو یاداشتانە زۆر ئەستەمە بتوانین، لەجیهانی ئەو نووسەرە حاڵی ببین کە لە سەردەمی خۆیدا دیاردەیەکی ناوازەبوو، وەک چۆن لەکێشانی وێنەی مرۆڤی سەدەی بیستەمدا سەر مەشق بوو.

ئەمە لەکاتێکدا هێشتا مرۆڤی ئەو سەدەیە بـەدیـارنـەکـەوتـبـوو. واتــە لـەکـاتـێـکـدا بـوو

بیرۆکراسییەت و شێوازەکانی سەرکوتکردنی دەسەڵاتخوازی مۆدێرن و ئایدیاگەلی تێئاوارەبوون و پەراوێزخستنی مرۆڤ و دەزگاکانی هەواڵگری، نەهاتبوە ناو جیهانی هزر و ئەدەبەوە.

بێگومان بەهێندگرتنی یاداشتەکانی کافکا لەلایەن توێژەر و ڕەخنەگرانەوە، نەهەڵەیە و نە زیادەڕۆیشی تێدایە، چونکە خوێندنەوەی یاداشتەکانی بەشێوەیەکی ورد و شیلگیرانە، دەتوانێت پاشخانی تەواوی تێکستە ئەدەبییەکانمان بەردەست بخات.

بەڵام لەگەڵ ئەوەشداو بێ هیچ پرکێشی کردنێک دەتوانین بڵێین، لەنێو تێکڕای تێکستەکانیدا بەرهەمێک هەیە کە لەڕووی گرنگییەوە هیچی لە یاداشتەکان کەمترنییە و بۆ هەر کەسێک کە خواستی ئاشنابوونی بەجیهانە سەیر و سەمەرەکەی کافکا هەبێت، دەتوانێت بیکاتە سەرچاوەیەک و لێیەوە نەک هەر لەپاشخانی نوسینەکانی تێبگات، بەڵکو دەستی بەقوڵاییەکانیش بگات و پەی بەنهێنی

تێکستەکانی بەرێت. ئەو بەرهەمەشی کتێبێکە بەناوی (ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند)و وەک زۆربەی زۆری کار و بەرهەمەکانی دیکەی، دوای لەدنیادەرچونی چاپکراوەو بەردەستی خوێنەران کەوتوە.

تەنانەت خۆشی ئەو ناونیشانەی دانەناوەو بەو شێوەیەی ئێستای نەبووە، چونکە ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند، کتێبێکە بەرهەمی دەستی ماکس برودە (ماکس برود هاوڕێی کافکاو سەرپەرشتیاری چاپکردنی کۆی بەرهەمەکانییەتی).

ئەو دەمەی کافکا لەتەمەنێکی گەنجیدا ماڵئاوای لەژیانکرد، ماکس برود یەک لەدوای یەک دەستی بە چاپکردنی بەرهەمەکانی کرد و ئەرکی پێشەکی و پەراوێز بۆ نووسینیشی گرتە ئەستۆ. تەنانەت هەندێک جاریش لە قاڵبی ئایدیۆلۆژی دەدان، بەجۆرێک زۆرێک لە لێکۆڵیارانی تووشی شۆک و حەپەسان کرد.

لێرەدا ئەوەی گرنگە ئەوەیە ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند، ئێستا کتێبێکی تایبەت و سەربەخۆیەو

بەسەرچاوەیەکی سەرەکیش بۆ تێگەیشتن لە بەرهەمەکانی فرانتس کافکا ئەژماردەکرێت. لەو کتێبەدا ئەو نامە بەناوبانگەی تێدایە کە ساڵی ١٩١٩ نووسیویەتی و بەنیازبوە بینێرێت بۆ باوکی، بەڵام تا لە ژیاندا دەبێت، ئەو کارە ناکات و نامەکە بەشوێن مەبەستی خۆی ناگات.

بۆیە هەر لەنێو دەست نووسەکانیدا دەمێنێتەوە، تا ئەوکاتەی دەست ماکس برود دەکەوێت. ئیتر لەوکاتەشەوە لەوە دەکەوێت تەنها نامەیەک بێت و کوڕێک ویستبێتی بینێرێت بۆباوکی، بەڵکو دەبێتە دیکۆمێنتێکی ئەدەبی دانسقە. یاخود دەبێتە چاکترین تێکستێک کە ئەدیبێکی سەدەی بیستەم، لەبارەی ژیانی خۆیەوە نووسیبێتی.

گرنگی ئەو نامەیە دەگاتە ئەو ڕادەیەی، سەرجەم ئەوانەی بەنووسینەوەی ژیاننامەی کافکاوە خەریک بوون هەر لە ماکس برود خۆیەوە تا ئەرنست بوێڵ و کلۆد داڤید و بیاترۆ چیتاتی و مارت ڕۆبێر، وەک تێکستێکی سەرەکی پشت بەو نامەیە ببەستن.

گرنگی ئەو نامەیە لەوەدایە، کافکا وەک تێکستێکی ئەدەبی نەینووسیوە بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی، بەڵکو وەک دەقێک کە هەر بەڕاستی ویستویەتی بینێرێت بۆ باوکی. بۆئەوەی پەیوەندی نێوانیانی بۆ باس بکات و ئەو ئازارو دەرد و مەینەتیانەشی بەرچاو بخات کە ئەو سەبەبکاری بوە.

هاوکات هەندێک شتی دیکەشی بۆ ڕونبکاتەوە، وەک پەیوەندی بە ئایینی جولەکەوە (ئەو ئایینەی پێی پەروەردەکراوە) و سەروکاری لەگەڵ شاری پراگدا- کە زێدی لە دایک بوون و مەڵبەندی ژیان و گوزەرانی بووە-و (پەیوەندی بە ئەدەب و نوسینیشەوە) تێکەڵ بوونی بەودنیایە، تاکە سەبووریی و سەرچاوەی خۆشبەختی بوە.

لەو نامە ڕاستگۆ و ڕاستەقینەدا- لانیکەم لەڕوانگەی نووسەرەکەیەوە-، کافکا هەرچی مەبەستی بوەو ویستویەتی باسیکردوە و ئەو بابەتانەشی دەستنیشانکردوە کە دەبنە ماکی سەرەکی دنیای نووسینی ئەو لەداهاتوودا.

شایەنی باسە ڕەوتی نووسینی لە دواتردا وەک ئەوە وابوو، پراکتیزەکردنی هەموو ئەوشتانە بێت کەلەو نامەیەدا هاتبوون.

لێرەوە هەرچەندە ئەو نامەیە لەبنەڕەتدا دەقێکی نووسراوە و بۆئەوەیە بگاتە دەستی باوک، بەڵام ماکس برود وای بەچاک دەزانێت لەگەڵ نامەکانی دیکەی کافکادا- کەدواتر دەیانکات بەکتێبێکی سەربەخۆ و چاپیان دەکات-، بڵاوناکاتەوە، بەڵکو لەدوتوێی ئەم کتێبەدا (ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند)، بەوپێیەی دەقێکی بایۆگرافییە بڵاوی دەکاتەوە.

ماکس برود پێیوایە کافکا لەمانگی تشرینی دووەمدا نامەکەی چاپکردوە، ئەو دەمانەی کە لەشاری شلسین بووە لە بۆ هیمیا. بەڕۆنیۆ چاپی کردوەو پاشان بەدەست هەڵەچنی کردوەو دواتریش وازی لێهێناوەو بیری چۆتەوە.. وەک ئەوەی زیاتر مەبەستی نووسینی بوبێت نەک ناردنی.

هەروەها ماکس برود لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێت: (نامە بۆ باوک لە چل و چوار لاپەڕە

پێکدێت و هەر لاپـەڕەی سی و چوار دێڕە. لاپـەڕەی چل و پێنج بەشی زۆری بەسپێتی جێهێڵراوەو لەوێدا لەبەر هۆکارێکی نادیار، کافکا لە نووسین وەستاوە، لەکاتێکدا نیوە ڕستەیەکی تەواو کردوە. پاشان و بەرلەوەی نامەکەی تەواوبکات، بەدەست و خەتی خۆی دوولاپەڕەو نیوەی دیکەی نووسیوە).

کـەواتـە ماکس بـرود پێیوابوە، نامە بۆ بـاوک کارێکە دەکـەوێـتـە دەرەوەی نامەو نامەکارییەکانی کافکا، هەربۆیە دەیخاتە پاڵ ئەو تێکست و لاپـەڕە و باری سەرنجانەی دیکە کە کتێبی ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند پێکدێنن. ئەو کتێبە کامەیەو ئەو ناونیشانەشی لە چییەوە هاتوە؟

یـەکـەم، نـاونـیـشـانـەکـەی لەچیرۆکێکی درێژەوە هاتوە کە کافکا لەتەمەنی هەرزەکاریدا نووسیویەتی. پێدەچێت ئەوەش یەکەم دەقی نوسراوی ئەو بێت و دەستنووسەکەشی لای خۆی پاراستوە. ڕەنگە ئەو دەقەی لە نێوان ساڵانی 1908و 1909 نووسی بێت.

تەنانەت ئەگەر ئەوە یەکەمین تێکستێکیش نەبێت کافکا لە ژیانیدا نووسی بێتی، چونکە وامەزەندە دەکرێت و ماکس برودیش ئەوە پشتڕاستدەکاتەوە کە کافکا بەر لەو چیرۆکەی ڕێورەسمی زەماوەند لەگوند، چەندین چیرۆک و بابەتی کورتی دیکەی نووسیوە، بەڵام هەموو ئەوانەی فەوتاندوە. بۆیە لەڕووی مێژوییەوە ئەو چیرۆکە درێژەی دەبێتە تایتڵی کتێبێکی و بەیەکەمین بەرهەمی ئەویش حساب دەکرێت.

ئەڵبەت لە کتێبەکەشدا ئەو چیرۆکە وەک یەکەمین بابەت دانـراوە، بـەڵام ئـەو کتێبە هەر تەنها ئەو چیرۆکە درێژە نییەو چەندین تێکستی جیاجیای دیـکـە لـەخـۆدەگـرێـت و هیچیشیان تا کافکا لەژیاندابوە، چاپنەکراون و ڕۆشناییان نەبینیوە. تێکستەکان تێکڕایان بریتین لە سەرنج و تێڕامانە ڕۆژانەییەکانی کافکا، بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ ناونیشانێکیان لەسەردابنێت.

شایەنی باسە هەندێک لەو تێکستانە، یان بە تەواونەکراوی جێهێڵراون یاخود هەڵەچنی

نەکراون، بەڵام تێکستی واشیان تێدایە، بێکەموکوڕییە و چاکترین دەروازەیەکە بۆ ئاشنابوون بە ئایدیاکانی کافکا، لە قۆناغە جیاجیاکانی ژیانیدا.

لەو کتێبەدا پەرەگراف گەلێکی تێدایە، نەختێ سەیر دێنەپێش چاو و لەبارەیانەوە ماکس برود دەڵێت: (ئەوانەم لێرەو لەوێ لەسەر چەند لاپەڕەیەکی پەرشوبڵاو کە هیچ پێکیانەوە نابەستێتەوە، دۆزیوەتەوە.. لەگەڵ چەند دەستەواژەیەکی هەمەجۆر کە کافکا لێرەو لەوێ و لەڕێی خوێندنەوەوە، دەستی پێیان ڕاگەیشتوە).

جگەلەوانە ماکس برود ئەو لێکچەرەشی تێهەڵکێشی کتێبەکە کردوە کە کافکا لە ساڵی 1912، بە ناونیشانی وتارێک دەربارەی زمانی (یەدیش) پێشکەش کردوە. لەو لێکچەرەشدا ویستویەتی هەندێک لە شاعیرە جولەکەکانی سەردەمی خۆی–لەوانەی بەزمانی یەدیش شیعریان نووسیوە– بە ئامادەبوانی کۆڕەکەی بناسێنێت، بەڵام سەیرترین شتێک لەو کتێبەدا، دەستنووسی ڕۆمانێکە بەناوی

ڕیچارد و ساموئێل و هەرگیز تەواوناکرێت. ماکس برود لەبارەی ئەو ڕۆمانەوە دەڵێت: (لەگەڵ کافکا بە هاوبەشی کارمان لەو ڕۆمانەدا دەکرد)، بەڵام تەواوی ناکەن.

کەواتە بەشێوەیەکی گشتی لەو کتێبەدا، ئێمە چەندین دەستنووس و تێکستی تەواونەکراومان لەبەردەستدایە. گرنگی هەموو ئەوانەش لەوەدایە، پاشخانی هەندێک لەبەرهەم و نووسینەکانی کافکامان بۆ دیاری دەکات و بەوەش تێدەگەین، ساڵ لەدوای ساڵ نووسینەکانی چ ئاڕاستەیەکیان گرتووەتەبەرو ئەو ئایدیا و بابەتانەشی لەکوێوە دەستگیربوە.

خوێنەرە ژیر و پشودرێژەکانی کافکا دەتوانن لەدوتوێی کتێبی ڕێوڕەسمی زەماوەند لە گوند، پەی بە زۆرێک لە نهێنی و کۆدی شاراوەی ڕۆمان و چیرۆکە مەزنەکانی بەرن. بەتایبەت ئەمە لەو پەرەگرافە زۆر کورتانەوە دەستگیر دەبێت کە ناونیشانێکی گشتی هەیە. تێڕامان دەربارەی گوناهو ئازار و ئومێدو ڕاستە ڕێگا، شەست لاپەڕەی کتێبەکە

پێکدێنێت و زنجیرەیەکە لەنۆبەش و لانیکەمی لەسەد پەرەگراف پێکدێت کە کافکا خۆی پۆلێنی کردون و ڕێکی خستوون.

لەدوا پەرەگرافیدا- کە لەشێوەی ئەنجامگیریدایە–و ئەو ئومێدەمان نیشاندەدات لەو قۆناغەدا پاڵنەری کافکا بوە بۆ نووسین، دەڵێت: (پێویست نییە لە ماڵ بچیتەدەرێ. لەسەر کورسی و مێزەکەی خۆت دانیشە و گوێ ڕادێرە. تەنانەت دەشتوانی گوێ نەگریت. تەنها چاوەڕێیە بە، نا چاوەڕێش مەبە. بەشێوەیەکی ڕەهاو سەر و مڕ، بێدەنگ و تەنها بە. ئەوکات جیهان خۆی دێتە بەردەستت، بۆئەوەی بتوانی ماسکەکەی لەسەر ڕوو لابدەیت. دنیا جگەلەوە چاری تری نییەو هەردەبێت وابکات و بێ چەند و چون لەبەردەمتا سەرنەوی بکات).

بەدڵنیاییەوە فرانتس کافکا 1883–1924، بەو بڕواو قەناعەتەوە کاری کردووەو بێگومان کارکردنی ئەویش، گرنگترین خاڵی دەسپێکی مۆدێرنەی ئەدەبی بوو لەسەدەی بیستەمدا.

کافکا خەڵکی چیکۆسلۆڤاکیابوو، بە ئایین جولەکە بوو. لەپراگ لەدایک بووەو سەرجەم تێکستەکانی بەزمانی ئەڵەمانی نووسیوە. تەمەنێکی کورت ژیاو دواجار بەنەخۆشی سیل کۆچی دوایکرد، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەو ژیانە کورت و کەم خایەنەدا توانی، هەندێک لە قوڵترین و گرنگترین بەرهەمە ئەدەبییەکانی سەردەمی خۆی بنووسێت.

زۆربەی زۆری کارەکانی هەتا ئەمڕۆش، بەزیندوێتی و بەنوێگەری ماونەتەوە. لەڕیزی پێشەوەی ئەوکارە نەمرانەشیدا ڕۆمانی دادگایی دێت. ئەو ڕۆمانە چەندین جار وەرگێڕدراوەتە سەرزمانی عەرەبی کە دوا وەرگێڕان و باشترینیشیان ئەوەیانە ئیبراهیم وەتفی نووسەری کۆچکردوی سوری کە نیشتەجێی وڵاتی ئەڵمانیابوو وەریگێڕاوە.

ئیبراهیم وەتفی هەر بە تەرجەمەکردنی ڕۆمانەکەوە دانەکەوتوە، بەڵکو دۆسێیەکیشی دەربارەی ڕۆمانەکە و نووسەرەکەی وەرگێڕاوە و سەدان لاپەڕە دەبێت. ئەوەش

بەشێکە لەو پـرۆژە گرنگ و دانسقەیەی سالآنێک خەریکی بوو، بەمەبەستی وەرگێڕان و چاپکردنی کۆ بەرهەمەکانی فرانتس کافکا. جگە لە دادگایی کافکا بەرهەمگەلێکی ناوازەی دیکەشی هەیە، وەک: (کۆشک، شورای مەزنی چین و ئەمریکا و بەڕموزنبوون و..... هتد).

**دەربارەی ڕۆمانی خاتوو دالاوای**

هـەر کەسێک ڕۆمـانـی (خـاتـوو دالاوای) ڤێرجینا وۆڵف بخوێنێتەوە و پێشتریش ڕۆمانی (یۆلیۆ سیسی) جیمس جۆیسی خوێندبێتەوە، بەئاسانی بۆی دەردەکەوێت کە خاتوو دالاوای وەڵامێکی ڕاستەوخۆ ژنانەیە بۆ ڕۆمانەکەی جۆیس. هـەروا بەسادەییش دەکرێت بڵێین وۆڵف هەمان ئەو ستایلەی بەکارهێناوە کە جۆیس لە ڕۆمـانـە بەناوبانەگەکەیدا ئیشی پێکردوە، بۆئەوەی ڕۆژێک لەژیانی قارەمانی ڕۆمانەکەی کلاریسادالاوای پێشکەش بکات کە هاوتای ئەو ڕۆژەیە، جۆیس دەربارەی ژیانی ڕۆژێکی قارەمانی ڕۆمانەکەی نیشانیدەدات.

بۆ زانین یەکێک لەجیاوازییە سەرەکییەکانی نێوان ئەو دوو ڕۆمانە، لەوەدایە کە خاتوو دالاوای ڕووداوەکانی لە لەندەن ڕوودەدەن، بەڵام ڕووداوەکانی یۆلیۆسیس لەشاری دبڵنە. هەرچەندە دبڵن ڕۆڵی ڕەها لەڕۆمانەکەی جۆیسدا دەگێڕێت، بەڵام لەڕۆمانەکەی وۆڵفدا لەندەن تەنها چوارچێوەیەکی تایبەتی پێکدێنێت و وەک ئەوە وایە ڕەنگدانەوەی ژیانی هەموو بەریتانیا بێت، لەدوای یەکەم جەنگی جیهانییەوە.

جیاوازی ڕۆڵی ئەو دوو شارە لە هەر دوو ڕۆمانەکەدا، نابێت ئەو ڕاستیەمان لێ بشارێتەوە کە هەر دوو کارەکە، سەربەهەمان گێرانەوەی لۆژیکی ئاقاری هۆشن کە جۆیس لە بەکارهێنانی لەڕۆماننووسی دا سەرمەشق بوو، بەڵام وۆڵف تەنها بەکاربەری بوو. بێگومان لە هەموو بەرهەمەکانیشدانا.

شایەنی باسە ئامادەگی ئاقاری هۆش لەهەردوو بەرهەمەکەدا، بەخەستی دەبینرێت و هەرئەوەش ڕێگربووە لەوەی، نەتوانرێت

بکرێنە دووکـاری سینەمایی، بەڵام دووجار و بەدوو ستایلی جیاواز، هەوڵدراوە (خاتوو دالاوای) بکرێتە بەرهەمێکی سینەمایی. جارێکیان خاتوو مارلین گۆریسی دەرهێنەری دانیـماریـکی بـەختـی خـۆی تـاقیـکـردەوە و ڕۆمانەکەی کردە فیملێکی سینەمایی و ڤانیسا ڕدگریف ڕۆڵـی سـەرەکی تێدا بینی، بـەڵام سـەرەنـجـام ئـەوکـارە شکستێکی گـەورەی خوارد.

دووەمجـار دەرهێنەری بەریتانی ستیڤن داڵدری خۆی لەقەرەی ئەو کارەدا. ئەوە بوو لەڕۆمانەکەو هاوکات بەسوودوەرگرتن لە بەشێک لە ژیانی ڤێرجینا وۆڵف خۆی، فیلمێکی دروستـکردو میریل ستریپ ڕۆڵـی خاتوو دالاوای هاوچەرخی تێدا دەبینی. ئەم کارەی دواییان لەکاری یەکەم سەرکەوتووترو شوێن ڕەزامەندی بینەران بوو. هەرچەندە بەردەوام ئەو پرسیارە دەکرا کە ئاخۆ، ئەو فیلمە شتێکی ئەوتۆمان لەسەر ڤێرجینا وۆڵف و ڕۆمانە مەزنەکەی پێدەڵێن؟

بەگشتی دەکرێت وەها سەیری خاتوو دالاوای بکەین، وەک ئەوەی گەورەترین و گرنگترین بەرهەمی ڤێرجیناووڵف بێت کە لەبواری چیرۆک و ڕۆماندا نووسیبێتی. هەرچەند بەراوردکردنی ئەم ڕۆمانە بە یۆلیۆسیس لەبەرژەوەندیدا نییە، بەڵام بە یەکێک لە گرنگترین ئەو ڕۆمانانە ئەژماردەکرێت کە لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا چاپکراوە.

بێگومان هێز و قورسایی ئەم کارەش لەوەدایە کە ناکرێت، لە هیچ کارێکی هونەری تردا بەکاربهێنرێت و بگۆڕدرێت بۆ کارێکی هونەری دیکە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە (خاتو دالاوای) کورت ناکرێتەوە، چونکە لەو ڕۆمانانە نییە باس لەڕوداوگەلێکی دیاریکراو بکات.

لەمڕووەوە وەک یۆلیۆسیس، ئەویش سەروکاری لەگەڵ چەمکی بەسەرچوونی کات و ڕۆژەکانی ژیاندا هەیە. کە مەنگ و وەستاو دێتە پێش چاو و شتێکی تایبەتی و ناوازەی تێدا ڕونادات. واتە ڕووداوێکی درامی تێدا

ڕووناداتت کە لە هەلومەرجی ئاساییدا، دەبێتە بابەتێک بۆ ڕۆمانێکی ئاسایی.

لە ڕۆمانی خاتو دالاوایدا شتی گەورە ڕونادات، جگە لە یەکتربینین نەبێت کەرەنگە ڕۆژانە ڕوبدات و دووبارە بێتەوە، لەگەڵ بیرکردنەوەی خاتو دالاوای خۆی لەو شتانەی لەچوار دەوری ڕوودەدەن و هەروەها بیرکردنەوە لە چارەنووسی ئەوانەی، دەیانناسێت و ئاشنایەتی لەگەڵیاندا هەیە.

بەم پێیە ئاسایی بوو ڕۆمانەکە، لەگەڵ قارەمانەکەیدا کلاریسا دالاوای دەستی پێبکردایە، کاتێک دەمەوبەیان لەماڵەکەی دێتە دەرێ بۆ ئەوەی پیاسەیەکی ئاسایی بکات. مادامەکی ئەو بەدرێژایی پیاسەکردنەکەی، لەهەوڵی ئەوەدایە خۆی بۆ سازدانی ئاهەنگێک ئامادەبکات کە ژمارەیەک لەدۆست و ناسیاوەکانی ئامادەی بن.

ڤێرجینا وۆڵف ئەم ڕۆمانەی بەسوودوەرگرتن لەدو کورتە چیرۆکی خۆی نووسیوە. یەکەمیانی بەناوی خاتو دالاوای

لەبۆند ستریتی بڵاوکردەوە، بەڵام دوەمیان کە بەناوی سەرەک وەزیرانەوە بوو، بۆی تەواو نەکرا. واتە وۆڵف ئەو دو چیرۆکە لە ڕۆمانێکدا تێکەڵ بەیەک دەکات. ڕۆمانەکە بەوەدەست پێدەکات خاتو دالاوای گوڵ دەکڕێت، بۆ ئەوەی بینێرێت بۆ هاوڕێ نیگار کێشەکەی کە ناوی سبتیمۆسە و باری تەندروستی زۆر خراپە. دواجار ئەمەش وایلێدەکات خۆی بکوژێت، ئەو خۆکوشتنەی لەڕێی ڕۆمانەکەوە دەزانین.

خاتو دالاوایش هەوڵی ئەنجامدانی ئەوکارەی داوە، بەخۆهەڵدانی لە هەمان ئەو پەنجەرەوە کە سبتیمۆس خۆی لێ فڕێداوەتە خوارەوە. هەڵبەت هەوڵەکەی سبتیمۆس سەردەگرێت و ئەوەی وۆڵف شکست دێنێت. ئەوەی ڕاستی بێت ئەمە تەنها بەراوردێک نییە لەو بەرهەمەدا، بەڵکو بەدرێژایی ڕۆمانەکە ڤێرجینا وۆڵف کە باس لەبارودۆخی مرۆڤ دەکات و بەتایبەتیش باس لە بارودۆخی ژنان دەکات، ئەو پرسە لەڕێی بەراوردکردنی نێوان دو کارئەکتەرەوە ئەنجام دەدات.

ئەو بەراوردکردنەی خانمە نووسەری ئەم ڕۆمانە سوورە لەسەر ئەنجامدانی، بەوە دەیکات کارەکتەرە ژنەکە بەرامبەر بە کارەکتەری هونەرمەندێکی نەخۆش و هۆمۆسێکسواڵ دابنێت و ئەو هونەرمەندەش لاواز و بێدەسەڵات بێت و دواجار کۆتایی بەژیانی خۆی بێنێت. ئەم بەرامبەرکێیە بواری ئەوەی بۆ وۆڵف ڕەخساند، تا ڕۆمانەکەی بکاتە یەکێک لە ڕۆمانە هەرە گەورە و قووڵەکانی فێمینستی لە سەدەی بیستەمدا.

یان دەتوانین بڵێین دواجار خوێنەران، بیرکردنەوەی قارەمانی ڕۆمانەکەو ئەو ئاقاری ئاگاییەی بەدرێژایی ئەو ڕۆژە دەگمەنەی هاوشانی دەبێت، دەتوانێت هەندێ لە گرنگترین و ئاڵۆزترین ئەو کێشانە بخاتەڕوو کە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا لەئارەدا بوە. هەر لە کێشەی ژنانەوە بۆ پرسی کۆلۆنیالیزم و پرسی گۆڕانی هەموو شت و هەموو بەهایەک بۆشمەک، تادەگاتە زۆرێک لە مەسەلە سیاسییەکان. مەسەلە سیاسییەکان لای وۆڵف

زەقتر دەردەکەوێت، وەک لای جیمس جۆیس.

شایەنی باسە هەردو ئەم ئەدیب پشت ئەستوور بەکارەکانیان، وەها باسدەکرێن کە هەردوکیان سەرمەشقی مۆدێرنەن لەبواری ئەدەبی ڕۆماننووسین لەسەدەی بیستەمدا. ئەو مۆدێرنەیەی ڕەخنەگران و توێژەران پێیانوابوو یەکەمین مەرجی ئەوەیە ڕۆمان ژیان وەک خۆی ئەزموون بکات، نەک وەک ئەوەی عەقڵی نووسەر خۆی وێنای دەکات و دەیبینێت.

ئەو ژیانەی بەدرێژایی ڕۆژێک لەخاتو دالاوایدا دەیبینن هەر ئەو ڕۆژە نییە، بەڵکو ژیانی ڕۆژەکانی پێشتریشمان نیشاندەدات. واتە ئەوەمان پێدەڵێت کە چۆن خاتو دالاوای گەیشتوە بەم ڕۆژە. بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆمانەکە بەیادەوەری و ڕابردوی خاتو دالاوایدا ڕۆدەچێت و هەروەها خۆی لە قەرەی بۆچوون و پێشبینییەکانیشی دەدات کە لە ساتەکانی داهاتودا ڕوودەدەن.

ڤێر جینا وۆڵف 1882-1941 کە شانزە ساڵ دوای بڵاوبوونەوەی خاتو دالاوای بەخۆکۆشتن ماڵئاوایی لە ژیان دەکات، توانی لەڕێی ئەو ڕۆمانەیەوە وێنەی بەریتانیای دوای جەنگی جیهانیمان بۆ بکێشێت و گۆڕانکارییە مۆراڵی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو وڵاتەمان نیشانبدات. وۆڵف ئەو ڕۆمانەی لەساڵی 1925 نووسیوە و لەوکاتەشدا لەناوجەرگەی هەرا و زەنای ژیانی ئەدەبی شاری لەندەندا دەی گوزەراند. هاوسەرەکەی ئەندامی گروپی بلۆمبزبێری بوو کە لەڕووی سیاسییەوە، سۆسیالیستی و لەڕووی ئەدەبیشەوە مەیلێکی نوێخوازانەیان هەبوو.

شایەنی باسە ڕۆمانی خاتو دالاوای دەسپێکی زنجیرەیەک کاری گەورەی یەک بەدوایەکی ڤێرجینا وۆڵف بوو لەو قۆناغەدا، لەوانە (نمو المنارة 1927، اورلاندو، غرفة خاصة 1929، الامواج 1931، بين الفصول 1941). سەرەڕای چەندین بەرهەم لەکورتە چیرۆک و بیرەوەرییەکانی بەناوی (یومیات

کاتبە). لەبیرەوەرییەکاندا خوێنەر دەتوانێت وردەکاری شێت بوونەکەی ببینێت، ئەو شێت بوونەی دواجار بەرەو خۆکوشتنی دەبات.

# کاتێك شاعیران دەمرن

## -دەربارەی ئەلیکسەندەر پوشکین و شارل بۆدلێر-

شتێک نییە هەردوو نووسەری فەرەنسی پاتریک بیسۆن و بێرنارد هنری لیڤی کۆبکاتەوە. هەر لە کارەکتەریانەوە بۆ ئاکاریان، لەپێگەی سیاسییانەوە بۆ پێگەیان وەک دو نووسەر. لە دید و تێڕوانینیانەوە بۆ دنیا، تابۆچونیان سەبارەت بە سوبێکت. وەک ئەوەی هەریەکەیان تەواو پێچەوانەی ئەوی دیکەیان بن.

هەرچەندە ئەو دوانە وەک یەک بەشێوەیەکی ئیستیفزازی، مامەڵە لەگەڵ ژیانی کەلتووریی فەرەنسیدا دەکەن. بۆ نموونە پاتریک بیسۆن کۆ لەوەناکاتەوە، ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕۆژنامەی لیڤیگارۆی ڕاستڕەودا بنووسێت و هاوکات لە ڕۆژنامەی ئۆمانیتێش کە ڕۆژنامەی پارتی کۆمۆنستی فەرەنسایە، وەک چاودێرێکی سیاسی وتار بڵاوبکاتەوە. شایەنی باسە بیسۆن لە هەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەو پارتە دەدات، بێ ئەوەی ئەندام بێت لە ڕیزەکانیداو تەنانەت لە ئەندام و لایەنگرانیشی، زیاتر دڵگەرمانە پەرۆشی ئەو پارتەیە.

لەلایەکی دیکەوە بێرنارد هنری لیڤی، بەردەوام باس لە پێشکەوتن و لیبرالیزم و بەگژاچونەوەی ڕەگەزپەرستی دەکات، کەچی شەرم لەوەش ناکات لایەنگری خۆی بۆ زایۆنیزم و دەوڵەتی ئیسرائیل و دژایەتیکردنی هەرچی شتێک پەیوەندی بە عەرەبەوە هەیە بەئاشکرا ڕابگەیەنێت.

ئەم دو نووسەرە دژ و ناکۆک بەیەکە، لەیەک کاتدا دو کتێبیان بڵاوکردۆتەوە. هەردو کتێبەکەش لە چوارچێوەیەکی ڕۆمان ئامێزدا، باس لەیەک بابەت دەکەن کەئەویش مەرگی شاعیرە. دەستبەجێش هەریەکەیان کاندیدە بۆ ئەوەی، یەکێک لە خەڵاتە ئەدەبییە سەرەکییەکانی فەرەنسا بۆخۆی بەرێت.

تەنانەت هەریەکەیان خۆیان لەبەردەم ئەوی دیکەیاندا بینییەوە، سەروەختێک بێرنارد بیفۆی خاوەنی بەناوبانگترین بەرنامەی ئەدەبی لە فەرەنسادا، لە بەرنامەیەک لەبەرنامەکانیدا لەسەر مێزێک کۆیکردنەوە و ئەوانیش ناوبەناو سەیری یەکتریان دەکرد و لە هەوڵی ئەوەدابوون شۆخی بەیەکتری بکەن.

لەڕاستیدا بۆ بەرگریکردن لە نووسین، مشتومڕێکی توندیان کرد. هەرچەندە بەگشتی میدیا زیاتر لایەنگری بێرنارد هنری لیڤی دەکات و دژی پاتریک بیسۆنە، لەبەرئەوەی بیسۆن بەئاشکرا لایەنگیری پارتی کۆمۆنیست دەکات. بیسۆن لەو دیبەیتەدا بەرخوردی کرد و خۆڕاگربوو، هەرچەندە سەرەتا جۆرێک لە ناهەوسەنگی پێوەدیاربوو، بەڵام دواتر و بەتێپەڕوبوونی کاتی بەرنامەکە، توانی داکۆکی زیاتر لە بابەتی کتێبەکەی بکات.

ئەوکاتەی بۆی تەرخانکرابوو بەچاکی قۆستییەوە و تیایدا باسی لە کتێبەکەی و بابەت و کارەکتەرە سەرەکییەکەی کرد، ئەوەشی زۆر لە ناخەوە و بەشێوەیەکی ئەبستراکت ئەنجامدا، بەڵام بینەران بەڕوونی هەستیان دەکرد بێرنارد هنری لیڤی وەک پیشەی هەمیشەیی، هەوڵدەدات بەزمانێکی خود ئەڤینیانە کە لە کەس شاراوەنییە، باسی خۆی بکات.

بۆئەوەی ڕونتر قسەبکەین، ئەو کتێبەی پاتریک بیسۆن بەردەستی خوێنەرانی خست

یەکێک لەو ڕۆماننوسە گەنجانەی لەم ساڵانەی دوایدا، زۆرترین جەماوەری هەیەو خوێنەرێکی زۆری بۆ پەیدابووە، نیوەی ڕۆمانئامێزەو نیوەی بەڵگەنامەییەو باسی مەرگی شاعیری گەورەی ڕوسی ئەلیکساندەر پۆشکین دەکات و بەناوی پەیکەری سەرکردەوەیە.

کتێبەکەی بێرنارد هنری لیڤیش دەربارەی شاعیرێکی دیکەیە کە شارل بۆدلێری فەرەنسییەو باس لە مردنەکە دەکات، بەناوی دوای ڕۆژەکانی شارل بۆدلێر. هەردو کتێبەکە باس لە بابەتێک دەکەن کە مەرگی شاعیرە و هەردو نووسەر سەرکەوتوبوون لە هەڵبژاردەکەیانداو زانیویانە، باس لە چ کارەکتەرێک دەکەن لە کتێبەکەیانداو کارەکتەری ئەو شاعیرەش چەندێ لە لایەنی دەروونی و فیکری خۆیانەوە نزیکە.

پاتریک بیسۆن عاشقی ئەدەبی ڕوسییە و سەرسامە بەو هەستی قارەمانێتییەی، لە پۆشکیندا هەبوە و تا دواساتەکانی ژیانیشی دەستبەرداری نەبوە. لەبەرامبەردا بێرنارد

هنری لیڤی کارەکتەرێکە، پڕە لەخود ئەڤینی و خود پەسەندی و تەنانەت هەندێک بە بۆدلێری سەردەمی خۆیی ناوی دەبەن، گەر ئەو کتێبەشی لەبارەی بۆدلێرەوە نەنووسیبایە.

لێرەوە سەیرنییە کە بیسۆن بوشکین هەڵبژێرێت و بێرنارد هنری لیڤیش لەسەر بۆدلێر بنووسێت. هەڵبەت بەراوردکردنی نێوان ئەو دوانە هەر لێرەدا تەواونابێت. بۆنمونە گەر پاتریک بیسۆن لەڕێی بەسەرهاتی مەرگی پۆشکینەوە، ڕۆمانێکی ڕاستەقینەی پێشکەشکردبین (دواتر دەگەڕێینەوە سەری)، ئەوا بێرنارد هنری لیڤی تێکستێکی جیاوازتری بەردەست خستوین (دەقێک هەڵگری هەندێ خەسڵەتی تایبەتی). وەلێ دواجار لەوڕێنەکارییەوە نزیکە، چونکە نووسەرەکەی خۆی لەگەڵ کارەکتەری شارل بۆدلێردا دەکات بە یەک، بەتایبەت لەدوا ساڵی ژیانیدا. واتە لەساتی لە پەلوپۆکەوتنی لە بەلجیکاو چارەکردنی سەرەتایی لە برۆکسل، تامردنی بەساڵێک دوای ئەوە لە نۆڕینگەکەی دکتۆر دوڤال لە پاریس.

هنری لیڤی بەجۆرێک ڕۆمانەکەی دارِشتووە، لەهەندێ شوێندا بەڕاناوی کەسی دوەم و هەندێک جاریش بە ڕاناوی کەسی یەکەم باسی بۆدلێر دەکات. ناوێکی سەیر و گونجاویش بۆ ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێت کە لە سەروەختی خراپ بوونی باری تەندروستیدا لە برۆکسل، بۆدلێری بۆبراوە شوێنەکەش ناودەنێت- ئاوێنە گەورەکە-. خوێنەر باخۆی سەرنج بدات کە ئاوێنە، چ بایەخێکی بۆ نووسەرێکی خود ئەڤینی هاوچەرخی وەک بێرنارد هنری لیڤی هەیە.

لێرەوە دەتوانین بڵێین ورِێنەکانی شارل بۆدلێر لەدوا ڕۆژەکانی ژیانیدا- لەڕێی نامە گۆڕینەوە و گیانەڵاکانییەوە-، ورِێنەی فەیلەسوفێکی وەک بێرنارد هنری لیڤییە، بەڵام بەدوراییەکی زۆرەوە. لەگەڵ ئەوەداو تەنانەت گەر حەزیشمان بەچارەی هنری لیڤیش نەبێت، بەڵام خوێندنەوەی ئەو تێکستە چێژ بەخشە و برِێکی زۆری دەقەکەش، لەسەر دەستنووسە تایبەتی و نامەکانی بۆدلێر بوونیادنراوە.

ئەو دەستنووس و نامانەی بەدرێژایی سەدەیەکی تەواوەتی، هەڵگیرابوون و کەس دەستی پێیان نەدەگەیشت. تا ئەوکاتە کەسێکی نەدیو و نەناسراوی وەک (جیرار) کارەکتەرێکی سەرەکی کتێبەکەی بێرنارد هنری لیڤییە، دەستی پێیان دەگات و کۆیاندەکاتەوە. ئێمە نازانین ئەم کەسە چۆن دەستی بەوانە گەیشتوە و توانیویەتی، زۆر زیرەکانە سوودیان لێ ببینێت.

ئەوساڵەی پاتریک بیسۆن کتێبەکەی تێدا بڵاوکردەوە، ڕکابەرییەکی توندی ئەریک ئۆرسینای کردو دواجار ئەویش خەڵاتەکەی بردەوە. هەرچەندە لەڕوی میدیاوە ئەو توانایەی بێرنارد هنری لیڤی نییە، تا ڕەواج بۆ کارەکانی پەیدابکات. بە هەرحاڵ ڕۆمانی (پەیکەری سەرکردە)، ڕۆمانێکی ڕاستەقینەیە بەمانای پڕاوپڕی وشەکە و لۆژیکی ڕۆماننووسینی تایبەتی تێدایە و بە سایکۆلۆژیای کارەکتەرەکانی ئاشنایە. قوڵبوونەوەی سایکۆلۆژی بەژیانی کارەکتەرەکانیدا هەیە..

بیسۆن وەک هنری لیڤی ڕۆمانەکەی لەدوا ڕوداوەوە دەست پێدەکات (واتە لە مەرگی خودی شاعیرەکەوە)، بەڵام جیاوازییەکەیان لەوەدایە ئەوەی بیسۆن لەدەستنووس و نامەوە دەست پێناکات، بەڵکو لە ژیانی خۆیەوە و لە ڕوداوەکانەوە دەست پێدەکات. ئەو ڕوداوانەی بەجۆرێک لە جۆرەکان پێی ئاشناین: (ڕوداوی کوژرانی پوشکین بەشمشێربازی لەگەڵ خانەدانێکی فەرەنسی، بۆ بەرگریکردن لە ناوبانگی هاوسەرەکەی کە بووەتە بنێشتەخۆشەی دەمی خەڵک و خوای شارەکەی).

ئەوە چێژ بەخشە لە کتێبەکەی بیسۆندا ئەوەیە، وەک نووسەرێک هەر دڵسۆزە بۆچین و توێژەکەی خۆی، ئەگەرچی بەشێوەیەکی کاریکاتێریستانەش بێت، چونکە هەر لەسەرەتای تێکستەکەیەوە دەبینین لە هەوڵی ئەوەدایە، ڕوداوەکانمان لەڕوانگەی خزمەتکارە تایبەتەکەی ئەلیکساندەر پۆشکینەوە بۆ بگێڕێتەوە کە ناوی نیکیتایە و بەوکارەشی،

بیسۆن وادەکات هەم خۆی و هەم ئێمەش چێژ لەوەببینین کە ماجەرای ڕوداوەکـان ببینین و لەڕوانگەی نیکتیاوە هەڵوێست وەرگرین. تەنانەت بەچاوی سۆز و بەزەییەوە لەو ڕق و کینەیەش بڕوانی کە ئەو خزمەتکارە، دەرهەق بە هاوسەرەکەی پوشکین هەیەتی و پێیوایە، هەرچی بەسەر مامۆستاکەیدا هاتوە، لەبن سەری ئەودایەو ئەو سەبەبکارییەتی.

بەدرێژایی 360 لاپەڕەی ڕۆمانی (پەیکەری سەرکردە)، پاتریک بیسۆن ژیانی ئەلیکساندەر پوشکین بەسەردەکاتەوە، بەڵام لە کۆتاییەوە بەرەو سەرەتا. بەڕۆژی کوشتنەکەی دەست پێدەکاتو پێ بەپێ لەگەڵ گیان دەرچونەکەیدا دەڕوات، پاش ئـەوەی لەشمشێربازیەکەدا بریندار دەبێت. گوێ بۆقسەکانی شل دەکات و بەوردی دیقەت دەدات و ژورەکان تەی دەکات و بـەدوای قسەکاندا دەچێت و هـەوڵدەدات، لەپاشخانی ڕوداوەکان تێبگات.

دوای ئـــەوەی لـــەتـــەواوی ئـەوشـتـانـە دڵـنـیـادەبێت، دەمـانـگـێڕێتـەوە بـۆ دواوە تا

لەگەڵماندا ئەو هەلومەرج و ڕوداوانە تاوتوێ بکات کە ئەلیکساندەر پوشکینیان کردە گەورەترین شاعیری ڕوسیا ئەگەرچی ئەو لەتەمەنێکیشدا مرد کە هێشتا سی و هەشتساڵی تەواونەکردبوو.

بێگومان پاتریک بیسۆن ژیانی پوشکینمان لەدیدگای خۆیەوە بۆ دەگێڕێتەوەو گێڕانەوەکەشی، جیاوازی زۆری لەگەڵ ئەو ژیاننامە فەرمیەدانییە کە لە بارەیەوە نووسراون، بەڵام ئەوەی جیاوازە ئەوەیە، ئەو دێت لە چوارچێوەی ئەو گۆڕانکاریانەدا باسی دەکات کە وڵاتێکی وەک ڕوسیا، لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەمدا پێیدا تێدەپەڕی.

هەروەها گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی ئەو سەردەمەمان نیشان دەدات کە چۆن بواری ڕەخساندوە، تا شاعیرێکی بەهەرەمەندی وەک پوشکین زاتی ئەوە بکات، بەگژ قەیسەری ڕوسدا بچێتەوە. لە بەرامبەریشدا وەک شتێکی زۆر ئاسایی، سەیری دورخستنەوەی پوشکین لەلایەن قەیسەرەوە، بۆ ئەو پەڕی سنوورەکانی باشووری وڵات بکات.

بیسۆن لە کتێبەکەیدا هەموو ئەوانەمان بۆباس دەکات و بەکارەکتەری ئەو شاعیرە مەزنەش سەرسام دەبێت کە بەپلەی یەکەم، کارەکتەرێکی بزێو و نالەباربووە. پوشکین دوای ئەوەی نیکۆلای یەکەم لێیخۆش دەبێت و چاوپۆشی لێدەکات لـەوەی، پێشتر بەگژ قەیسەر ئەلیکساندەری یەکەمدا چۆتەوە و ڕێی پێدەدات بگەڕێتەوە بۆ مۆسکۆ، بەڵام وەک جاری جاران و بێ ئەوەی شەش ساڵی مانەوەی لە تاراوگە هیچی تێدا گۆڕیی بێت، دەست دەداتـەوە نالەباری و زیاد لەجاران لەخۆباییانە ڕەفتار دەکات.

بەشەنگ و شۆخی خۆیەوەو بەپەیوەندیە زۆرەکانی لەگەڵ ژناندا دەنازێت و هەروەها بەشیعرەکانیشییەوە کە بووبووە وێردی سەرزمانی خوێنەران. ئەمانە ئەوەندەی تر لوت بەرزیان کردبوو، بەوەش بەرپەرچی ئەو ڕەخنەگرانەی دەدایەوە کە هەڵوێستێکی دوژمنکارانەیان لێوەرگرتبوو.

شەوانە بە بەردەوامی، لە مەیخانەو ماڵی لەشفرۆشاندا ڕۆژی دەکردەوەو دۆست و هاوڕێیانێکی زۆریشی لەدەوربوو. ئەوانە دەیانپەرست و کردبوویانە ئایکۆنەیەک بۆ خۆیان، بەڵام وەک نیکتیا کوزۆلۆفی خزمەتکارە تایبەتییەکەی لەو کتێبەدا بۆمانی باس دەکات، هەموو ئەوشتانە لەچرکەساتێکی سەرەڕۆیانەدا کۆتایی دێت. بەتایبەت کە دەبێتە هاوسەری خاتو ناتالیا نیکۆلایفنا. ناتالیا سەرەڕای جوانییە بێ حەد و حیسابەکەی و سەرباری ئەوەی هەموو کەسێکی ئەوق کردبوو، نەیتوانی ئەو خزمەتکارە کە بیسۆن کردویەتییە کلیلی ڕۆمانەکەی، والیبکات خۆشی بووێت.

ئاخر چۆن چۆنی خۆشی بویستایە، لەکاتێکدا هەر ئەوەندە بی بینیایە داوای لێدەکرد، وریابێت و پێی لەو توتکە سەگانە نەکەوێت کە بەهەرجێیەکی خانوە پانوپۆڕەکەیدا بڕۆشتایە بەشوێنیەوەبوون.

لە کتێبەکەی بیسۆندا، پوشکینی مرۆڤ کارەکتەری سەرەکییە. جا بە ئەقڵدا دەچێت غەیری ئەوە، شتێکی دی کارەکتەری سەرەکی بێت؟، بەڵام پوشکین وەک مرۆڤێک کە کۆ لە هیچ ناکاتەوە و سەرەڕۆیی دەکات و لە ڕیسکی بەردەوامدایە. ئەم مرۆڤە لەزۆربەی زۆری لاپەڕەکانی ئەو ڕۆمانەدا، قارەمانێتی بۆ پوشکینی شاعیر جێدێڵێت. ئەو شاعیرەی بڵێسەیەکی ناوەکی کارەکانی پێدەکات و بیسۆن نهێنیەکەیی بۆ هەڵنایەت. ئێمەش وەک خوێنەرانی، لەو نهێنیە تێناگەین و سەری لێدەرناکەین.

ئێمە بەدرێژایی بەش بە بەشی کتێبەکە، سەرنج لەڕوداوەکان دەدەین و فەزایەکی تێکچڕژاوی ئەو سەردەمەی ڕوسیا ئەزمون دەکەین، ژیانی کلتوری و خانەدانەکانی ئەو وڵاتە دەبینین و بەر قەیسەر و ئەفسەر و خانمە جوانەکان و گۆگۆڵ و ڕۆحە مردووەکانی دەکەوین و ڕوبارەکان دەبڕین و کۆشک و بەفر و کۆچە وەهمیەکان

بۆ ئیسپانیا دەبینین و تەنانەت، خەون و نائومێدیەکانیش لەگەڵ نیکتیای خزمەتکاردا بەشدەکەین. کەچی بەوانەشەوە هێشتا هەر لەتوانامانداننییە، بەناخی پوشکیندا ڕۆبچین و دەستمان بلێسەی ڕۆحی بگات.

وەک ئەوەی بیسۆن هاوڕابێت لەگەڵ ئەوانەی، هەمیشە دوپاتی دەکەنەوە کە قورسترین و گیرترین تەلیسمی بوون، ڕۆحی شاعیرە. لێرەوە پێدەچێت بیسۆن لەوپەڕی ڕاستگۆیدابێت لەگەڵ خۆیدا، کاتێک بەردەوام و بەسامێکی زۆرەوە، لەبەردەم ئاستانەی ڕۆحی پوشکیندا دەوەستێت و پڕکێشی ناکات. ئەوەش تەواو پێچەوانەی ئەوەیە کە بێرنارد هنری لیڤی دەیکات و لەهەموو لاپەڕەیەکی کتێبەکەیدا پێیوایە، پەی بەڕۆحی بۆدلێر بردوە و دەستی بە قوڵاییەکانی ناخی گەیشتوە.

بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، ئەویش هەر لەبەردەم دەروازەکانی ڕۆحی بۆدلێردا ماوەتەوە و لەوە زیاتر نەچۆتە پێش و لە نێوان مەرگی شاعیر و ڕۆحیدا لێی تێک چوە و تێکەڵ

بە یەکتری کـردون، چونکە ئـەوەی بێرنارد هنری لیڤی زانیوییەتی دەستی بۆ بەرێت و داخڵی بێت، مەرگی شاعیر بوە نەک ڕۆحی. ئەوەش هەمان ئەو شتەیە کە بیسۆن لەگەڵ پوشکیندا کردویەتی.

# ئەلبێر کامۆ لەنێوان

## سیاسەت و نیەت باشیدا

سالّی 1960 ڕوداوێکی قەڵبی ئۆتۆمۆبێل کۆتایی بە ژیانی یەکێک لە گەورە نووسەرانی سەدەی بیستەم هێنا. ئەو نووسەرە گەورەیەش ئەلبێر کامۆی خاوەنی ئەفسانەی سیزف و مرۆڤی یاخیبوو. سەروەختێک بەو ڕووداوە مرد، تەمەنی لە چل و حەوت سالّی تێپەڕی نەکردبوو. لەگەڵ ئەوەشدا نێوبانگی دنیای گرتبووە، چ بە نوسینەکانی یان بە هەڵوێستەکانی یاخود بەکارەکتەری خۆی.

کامۆ کە خەلاتی ئەدەبیاتی نۆبلّی بەدەست هێنابوو، یەکێک بوو لەو نووسەرە کەمانەی فەرەنسا بەرهەمەکانیان بەچڕی بۆ زمانەکانی دیکە تەرجومەکرابوون. بۆ نمونە هەر لەکۆتایی چلەکانی سەدەی ڕابردووەوە، هەموو خوێنەرێکی عەرەب دەیتوانی دەستی بەوەرگێڕانی بەرهەمە مەزنەکانی ئەلبێر کامۆ ڕابگات. ئێمە لەمڕۆدا دەتوانین بڵێین کتێبەکانی کامۆ، یەکێک بوو لەسەرچاوە سەرەکیەکانی پێگەیاندنی ڕۆشنبیرانی نوێی عەرەب.

له ئەفسانەی سیزفەوە بۆ تاعون و لە بەدحاڵی بوونەوە بۆ نامۆ و کالیگۆلا، خوێنەری ئێمە دەیـزانـی چـۆن کـامـۆ دەخـوێـنـێـتـەوەو لـەبـەرهـەمـەکـانـی دەگـــات و تـەنـانـەت گـەر نووسەریش بوایە، دەیزانی چۆن دەکەوێتە ژێرکاریگەرییانەوە.

ئایا کامۆ هەر لەبەرئەوەی ساڵی 1913 لـەیـەکـێـک لـە شـارەکـانـی جـەزائـیـر لـەدایـک بووبوو، ساڵی 1960 وەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد لەفەرەنسا بـەڕوداوی هاتوچۆ گیانی لـەدەسـت دابـوو، نووسـەرێـکی گـەورەبـوو؟ بەبۆچونی ئێمە ئەلبێرکامۆ نووسەرێکی مەزن بوو- ئەڵبەت ئەوە شتێکە جێی گومان نییە- ، بـەڵام هەرئەوە بەس نەبوو بۆئەوەی ئەو هەموو خوێنەرە بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، یان وەک هەندێ پێیانوایە شۆرەت و نێوبانگی ئەو پەیوەندی بـەوەوە هەبوو، لەساتەوەختێکی دیاریکراودا هات و ئایدیا و تێزگەلێکی تایبەتی لەگەڵ خۆیدا هێنا کە پرسیار و نیگەرانییەکانی ئەو قۆناغە تیایدا ڕەنگیان دابوەوە.

تەنانەت گـەورەی و نێوبانگیشی تەنها پەیوەندی بەوەوەنییە کە هەندێ لە بەرهەم و ئایدیاکانی، خەسڵەتێکی پوچگەرایانەیان هەبوە و ڕەنگە ئەوەش بەدڵی خوێنەرانێکی ئەو قۆناغە، بووبێت کە ئەوی تێدا ژیاوە. نەخێر هەر ئەوەندە بەس نییە و پێویستە شتێکی دیکە سەرباری ئەوانە بخەین، ئەویش توانستی کامۆ خۆیەتی وەک مرۆڤ نەک وەک نووسەر. ئەو توانی ڕۆحی یاخی بوون لەسەردەمێکدا مومارەسە بکات کە نۆرم و بەهاکان تیایدا بەرەو پوکانەوە دەچون و نۆرم و بەهای دیکە، سەریان دەردەهێنا و دنیایەکی تازە لە دروستبووندا بوو. ئەو دنیا تازەیەش پەیامی ئازادی و دەسپێک و هەستانەوەی بۆ ئەو میللەت و نەتەوانە پێ بوو کە عەیامێک بوو ژێردەستە و داگیرکراوبوون.

کامۆ کە لەو قۆناغە پڕ هەرا و زەنا و گۆڕانکاریانەدا ژیا، توانی لەبەرهە ئەدەبییەکاندا گوزارشت لەهەندێ ماناکانی بکات، بەڵام لە کتێبە فیکری و لە هەڵوێستە سیاسیەکانیدا، زیاتر و زۆرتر تەعبیری لێدەکردن.

ئەم کتێبەی لەخانەی وەشانی (لارماتانی) پاریس چاپکراوەو بەناوی کامۆ و سیاسەتەوەیە، ڕێک و ڕاست لەبەردەم ئیشکالیەتی ئەلبیرکامۆ بەدنیای سیاسەتەوە ڕامان دەگرێت. لەو کتێبەدا تەواوی ئەو توێژینەوە و گفتوگۆیانە دەخوێنینەوە کە لە چوارچێوەی کۆنفرانسی نانتێردا پێشکەشکراون و ساڵێک بەر لە چاپکردنی کتێبەکە سازکراوە. لەو کۆنفرانسەدا ژمارەیەکی زۆر لە لێکۆڵیاران و بیرمەندان بەشداربوون و تێکڕاشیان، ئاشنای کامۆ و بەرهەمەکانی بوون. تەوەری سەرەکی کۆنفرانسەکە بریتی بووە لە پەیوەندی ئەلبێرکامۆ بەسیاسەتەوە.

ئایا ئەلبێرکامۆ نووسەرێکی سیاسی بوە؟

پرسیارێکی لەمجۆرە کاتێک لە خاوەنی (نامۆ و تاعون) دەکرێت، وەڵامدانەوەی پێویستی بەوەنییە تاوتوێی بەرهەمەکانی بکەین تا هەڵوێستی سیاسی ئەوی پێ دیاری بکەین، یان بزانین هەڵوێستی سیاسی گشتی ئەو چی بوە. بۆ نمونە وەک ئەوەی پێشتر

ئەنگلز لەگەڵ بەلزاک کردی، یاخود لەوانەیە ئێمە لەمڕۆدا لەگەڵ بەرهەمەکانی یەکێک لەنووسەرە گەورەکانی سەدەی بیستەمی وەک تۆماس ماندا بیکەین.

کامۆ بۆخۆی لەجنسی ئەو نووسەرانەبوو کە بەدرێژای ژیانی خۆیو بۆ تەنها ساتێکیش چییە، ڕەهەندی سیاسی لەبون و کەینونە و تێکستەکانیدا غایب نەبوو. ئەو لەو نووسەرانە نەبوو بێدەنگ بێت و لەنێو تێکستەکانیدا تەعبیر لەبۆچون و هەڵوێستی خۆی بکات، بەڵکو یەکێک بوو لەوانەی بەدەنگی بەرز هاواریان دەکردو بێدەنگییان بە گەورەترین تاوانێک دەزانی، لەدنیایەکدا کە جەنگ و ناهەقی و ستەم و ڕەگەزپەرستی و زەبر و زۆری دەسەڵاتی تۆتالیتاری و کۆلۆنیالیزم، وێرانی کردبوو.

بەڵام کێشەی گەورە کە لەکاتی قسەکردن دەربارەی ئەلبێرکامۆ دێتەپێش ئەوەیە، هەڵوێستی ئەو لەهەموو ئەو پرسە سیاسیانە، هەمیشە لەڕوانگەی چاکە و خراپەوەبووە.

بەجۆرێک ئێمە گەربێتو بەژیان و بەرهەمەکانی کامۆدا بچینەوەو ئەوانەشمان بەو واقیعە سیاسییەوە گرێدا کە گوزارشتی لێکردوە، ئەوا دەگەینە ئەوەی بڵێین کامۆ نووسەرێکی مۆراڵی بوە، زیاد لەوەی ئەکتیڤیستێکی سیاسی بووبێت. واتە بیرمەندێک بوە دەیزانی چۆن جیاوازی لەنێوان چاکە و خراپەدا دەکات.

لێرەوە زۆرجار لە سیاسەتدا لەبەرەیەکدا ڕادەوەستا کە پێیوابووە بەرەی چاکەیە، دژبە بەرەیەکی دیکە کەبەخراپی دەزانی. واتە دەتوانین بڵێین کامۆ هیومانیست بووەو ئەوەش دەیگەیەنێتە ئاستی گەورە بیریارانی مۆراڵ. ئەو بیریارانەی هەر لەسەرەتای تەمەنی لاوێتیەوە بەچڕی دەستی بەخوێندنەوەیانکرد، بەتایبەت لەژێرچاودێری و بەرێنومایی جان گرانێی مامۆستا و هاوڕێی.

بەڵام کەمجار وەک بیرمەندێکی سیاسی، یان نووسەرێک کەخاوەن پرۆژەیەکی سیاسی بێت دەرکەوتووە. بەبۆچونی ئێمە هەڵوێستی بەناوبانگ و ناڕۆشنی لەشەڕی ئازادیخوازی

جەزائیر، شوێن پرسیارە لە ژیانی ئەودا. چونکە ئێمە لەمرۆدا بەڕونی دەزانین، چۆن لەسەرەتاداو سەروەختێک جەزائیرییەکان دژبەو زوڵم و ستەمە ڕاپەڕین کە لەلایەن دەسەڵاتی خۆسەپێنەری کۆلۆنیالیستەوە بەرانبەریان دەکرا، داکۆکی لێدەکردن کەچی سەروەختێک شۆڕشەکەیان لەدژی زوڵم و ستەمکارییەوە، گۆڕا بۆ شۆڕشی سەربەخۆخوازی و دەیانویست گەلی جەزائیر جڵەوی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان بکەویتەوە دەست، کامۆ جگە لەبێدەنگی بەرامبەر بەو ڕوداوانە، هەڵوێستێکی دیکەی نەبوو.

کامۆ جیاوازیەکی تەواوەتی، لەنێوان یاخی بوون و شۆڕشدا دەکرد. جیاوازی لەوەی تاکە کەسێک بەگژ زوڵم و ناهەقیەکدا بچێتەوە، لەگەڵ ئەوەی میللەتێک بۆخاتری ئامانجێکی دیاریکراو شۆڕش بکات. لێرەوە دەکرێت بەبیرمەندی پاسیڤی شۆڕش ناوزەدی بکەین.

واتە هەوڵەکانی هەمیشە تائەوشوێنە بڕی کردوە کە لایەنگری ناڕازیی و مافخوراوان بێت،

بەڵام سەروەختێک نارەزایی و قبووڵنەکردنی زوڵم و زۆر وەرگۆڕاوە و بۆتە پڕۆژەیەکی سیاسی، لەوکاتەدا بێدەنگی لێکردوە و هیچی نەوتوە. ئەمەش بۆخۆی جێگەی پرسیارە.

بەڵام بۆچی هەرچی کاتێک باس لە سیاسەت و ئەلبێرکامۆ دەکەین، بێ سێ و دوو هەڵوێستی ئەو لەشەڕی جەزائیر دێنینەوە بەرباس؟

بێگومان ئەوە پرسیارێکی ڕەوایە و شتێکە هەروا لەخۆڕا نییە، چونکە ئێمە دەزانین هەڵوێستی کامۆ لە سیاسەت، هەر لەئاست شەڕی ڕزگاریخوازیی جەزائیریدا کۆتایی نایەت و زۆر پرس و باسی سیاسی دیکەش دەگرێتەوە.

بۆ نمونە ئەو وەک خۆی لە هێزی بەرگری فەرەنسیدا، دژ بە ئەڵمانیای داگیرکەری وڵاتەکەی جەنگاوە و تەنانەت بۆتە سەرنووسەری گۆڤاری (کۆمبا)و لەمەدگەشقەر دژی سەرکوتکردنی جەماوەری نارازی وەستاوەتەوەو ساڵی 1949 یەکێک

بووە لەوانەی، واژۆی لەسەر ئەو بەیاننامەیە کردوە کە داوای ڕاگرتنی سزای لە سێدارەدانی کۆمۆنیستەکانی یۆنانی دەکرد.

هەروەها سەروەختێک ڕێکخراوی یۆنیسکۆ ئەندامێتی ئیسپانیای ژەنەراڵ فرانکۆی قبوڵکرد، کامۆ دەستلەکارکێشانەوەی خۆی لەو ڕێکخراوە ڕاگەیاند. ساڵی 1953 پشتیوانی خۆی بۆ شۆڕشی کرێکارانی بەرلینی خۆرئاوا ڕاگەیاند. ساڵی 1956 لەدژی سەرکوتکردنی شۆڕشی مەجەڕستان لە لایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤێتەوە، دەنگی نارەزایی هەڵبڕی.

بەڵام لەڕاستیدا ئەمە هەمووشتێک نییەو ئێمە گەربێتو سەرنج لە ڕەوتی تەواوی ژیانی کامۆ بدەین، دەبینین ئاڕاستەیەکی تەواو سیاسیانە بوە و بگرە سیاسەت بەشێکی سەرەکیشی بوە. بەجۆرێک ژیانی کامۆ دەبێت بەدو بەشەوە سیاسەت و نووسین و جگە لەو دوانە، شتێکی دیکە نابینین.

## پوچگەرایی و کارە کوشندەکان:

ژیاننامەی ئەلبێرکامۆ پێمان دەڵێت: دوای ئەوەی بەسەرپەرشتی جان گرینیێ فەلسەفە دەخوێنێت، لە ساڵی 1935 پەیوەندی بەپارتی کۆمۆنیستی فەرەنسییەوە دەکات و لەوکاتەشدا تەمەنی بیستودو ساڵان دەبێت. ساڵی 1933 هاوسەرگیری دەکات و دوای دو ساڵ بەلێکجیابوونەوە کۆتایی دێت. مانەوەی لەڕیزەکانی پارتی کۆمۆنیستدا، تەنهایەک ساڵ دەخایەنێت و هەرزو لە ساڵی 1936 وازیان لێدێنێت.

## بەڵام بۆچی وازیان لێدێنێت؟

لەبەرئەوەی هەڵوێستی زۆر ناچێزیان لە عەرەبەکانی جەزائیر وەرگرتو ئەو هەڵوێستانەش بەبڕوای کامۆ، هەمان هەڵوێستی حکومەتی کۆلۆنیالیزم بوو لە پاریس. ئەوەش یەکەمین هەڵوێستی سیاسی یاخیانەی ئەوبوو کەدواتر و بەدرێژایی چارەکەسەدەیەک، لەسەری بەردەوام دەبێت.

چارەکەسەدەیەک هەرهەمووی، بەسەفەر و نووسین و گەڕان و یاخی بوونەوە خەریک دەبێت.

سالّی 1936 بەشداری لە دامەزراندنی شانۆی کاردا دەکات، دوای ئەوەی هەست دەکات ڕەنگە هونەر بتوانێت ببێتە ئەلتەرناتیڤێکی سیاسی سیاسەتی حیزبایەتی ڕاستەوخۆ. ئەو تیپە شانۆییە سەرەتای یەکەمین کارکردنی بوو، لەبواری شانۆداو هەرلەوکاتەدا یەکەمین تێکستە شانۆییەکانی خۆی دەنووسێت. هاوکات هەرلەو قۆناغەدا هەرچی ئیش هەیە دەیکات، بۆئەوەی بتوانێت بژیت و درێژە بەخوێندن بدات. لەگەڵ شانۆی کاردا هەموو جەزائیر دەگەڕێت و بەچاکی بەو وڵاتە ئاشنا دەبێت.

شایەنی باسە لەماوەی کارکردنی لەگەڵ ئەو گروپەدا، بیرلەوە دەکاتەوە هەندێک لە کارە ئەدەبییە گەورەکانی مالرۆ و ئەندرێ جید و مۆنتر لان و... هتد، ئامادە بکات بۆ شانۆ. دوای جەزائیر سەردانی ئیسپانیا و ئیتالّیا و

چیکۆسلۆڤاکیا دەکات و دیستۆڤسکی و نیچە و شپنگلەر دەخوێنێتەوە. دەست بە نووسینی کالیگۆلا دەکات و زەماوەند بڵاودەکاتەوە. یەکەمین بیرۆکەی ڕۆمانی نامۆی لا گەڵاڵە دەبێت. هاوکات بیر لە نووسینی ئەفسانەی سیزف دەکاتەوە .

دوای سەفەرە دوور و درێژەکەی و گەڕانەوەی بۆ جەزائیر، کامۆ گرنگییەکی زۆر بەژیانی خەڵک و خوای قەبائیل دەدات و توێژینەوەیەکی سۆسیۆ- سیاسیان لەبارەوە دەنووسێت، بەڵام بەو کارەی فەرمانڕەوای گشتی جەزائیر لەخۆی تووڕە دەکات، کە فەرەنسی بوو. هەڵایسانی دووەم جەنگی جیهانی و پەیوەندیکردنی بەڕێزەکانی هێزی بەرگرییەوە، لە تووڕەیی ئەو فەرمانڕەوایە ڕزگاری دەکەن و ساڵی 1943 دەگەڕێتەوە پاریس.

لەو ساڵانەدا بەشێوەیەکی سەرەکی و کاریگەر بەشداری هێزی بەرگری دەکات، بەڵام ئەوە وای لێدەکات زیاتر قوڵبێتەوە و پرسیار

دەربارەی سود و مانای هەموو شتێک بکات. دوای ئەوەو سەروەختێک جەنگ کۆتایی دێت، نووسینی شانۆنامە دەکاتە ئامڕازێک بۆئەوەی پرسیارگەلێک لە خۆی و لەوانی دیکەش بکات. پرسیارەکانیشی بەر لەهەرشتێ پرسیاری سیاسی بوون. ئەو دەیزانی چی ڕەتدەکاتەوە و دەشیزانی مرۆڤ دەبێت لەچی یاخی بێت، بەڵام لەدوای یاخی بوون دیوارێکی گەورە لە پرسیار و پێچ و پەنا دێتە پێشێ.

گی لیکلیکی مێژوونوسی ژیاننامەی کامۆ دەڵێت: (لەماوەی دوەم جەنگی جیهانیدا بەرخودان و بەگژداچوونەوەی نازیزم، کامۆیان فێرکرد ڕەنگە پوچگەرایی مرۆڤ بەرەو کاری کوشندە و ترسناک بەرێت).

کامۆ دەیزانی پێویستە هەموو بەرخودانێک ئامانجێکی هەبێت. گەر دنیا هیچ مانایەکی نەبێت، خۆلانی کەم مرۆڤ مانای هەیە، چونکە بەبڕوای ئەو مرۆڤ تاکەبونەوەرە سوورە لەسەر ئەوەی دەبێت مانای هەبێت. لەگەڵ ئەوەشدا پێیوابوو تاکە مانای کەینونەی

مرۆڤ لەوەدایە بزانێت چی ڕەتدەکاتەوە، چونکە مرۆڤبوونی مرۆڤ تەنها بەوە دەستەبەر دەبێت کە بتوانێت بڵێت نا.

ئایا ئەم دەرئەنجامە دەمانگەیەنێتە ئەوەی، هەڵوێستی نارۆشنی ئەو لەسەر شەڕی سەربەخۆیی جەزائیر بزانین؟ ئەو جەنگەی وەک گەورەترین تەلیسمێک لەژیانی ئەودا مایەوە. ئەوە گەورەترین تاقیکردنەوەبوو کە لەئاستیدا بەدەستەوستانی مایەوە، لەکاتێکدا هەمیشە دەیزانی چۆن ڕووبەڕووی دژوارترین هەڵوێستی سیاسی ببێتەوە، ئەویش بەوتنی ئەو نا نارەزایەتییە سادە و ساکارە.

## تیرۆری دەوڵەت و تیرۆری شۆڕشگێڕان

کارەکانی کۆنفرانسی نانتێر کەژمارەیەکی زۆر لە نووسەران و کامۆناسان بەشداربوون تیایدا، بۆ ئەوەبوو لەهەموو ڕوویەکەوە باس لە پەیوەندی ئەلبێرکامۆ بەسیاسەتەوە بکەن، بەڵام ئێمە لێرەدا گرنگی بەو بابەتە دەدەین سەبارەت بە کامۆ و جەنگی جەزائیرە و

ناونیشانی ئەو بابەتەش کە لەو کۆنفرانسەدا پێشکەشکرا بەمجۆرەیە: (چەند سەرنجێک دەربارەی هەڵوێستی کامۆ لەمەڕ جەنگی جەزائیر).

لەوێدا مۆریس ڕۆبین دەڵێت: (پێدەچێت ڕای گشتی فەرەنسا لەگەڵ هەڵوێست و بۆچونەکانی کامۆدا نەبووبێت، دەرهەق بەپرسی جەزائیر و بەهیچ شێوەیەکیش لەو هەڵوێستەی حاڵی نەبووبێت. سەبارەت بەو مەسەلەیە ڕەنگە تێگەیشتن بەشێوەیەکی باشتر لەژیانی کامۆ، کۆمەکمان پێ بکات تا لە ڕادەی دەروەستی و ئیلتزامی ئەو بەکێشەی جەزائیرەوە حاڵی ببین. بۆ نموونە وەک: دامەزراندنی لیژنەی ئاگربڕی مەدەنی لە جەزائیر، هەوڵی بەردەوامی لای دەسەڵاتدارانی فەرەنسا لە بەرژەوەندی جەزائیرییەکان، یان ئەو فەرەنسیانەی حوکمداربوون، لەگەڵ سەرکۆنەکردنی بەردەوامی ئەو کارانەی سوپای فەرەنسا ئەنجامی دەدان).

هەر لەدرێژەی قسەکانیدا مۆریس ڕۆبین دەڵێت: (ئەو کار و کردەوەی تۆڵەسەندنەوە کە لەدژی خەڵکانی سڤیل ئەنجام دەدراو پەیڕەوکردنی سزاو لێدان لەگەڵیدا، تێکڕایان هەڵەبوون و ئێمە هەموومان لێیان بەرپرسیارین). ئەمە نمونەی یەکێک لە نووسینەکانی کامۆیە. ئاخۆ دەبێت بڵێین ئیلتیزامێکی لەم چەشنە، بەخراپ شکاوەتەوە بەسەر ئەوداو زیانی بەئاستی کامۆی بەرهەڵستکار گەیاندوە. کامۆیەک کە پشتگیری لە کۆمۆنیستەکانی یۆنان و لە کۆماریخوازەکانی ئیسپانیا کرد، لە ئاستی نووسەری کتێبی مرۆڤی یاخیدا بوون؟.

بەبۆچونی ئێمە ئەم پرسەی مۆریس ڕۆبین بەم ڕون و ڕەوانییە باسیدەکات، کرۆکی سەرەکی ئەو پرسیار و تەلیسمەیە کە دێت بەمێشکمانداو هەمووشی دەربارەی سیاسەتی ئەلبێرکامۆیە.

وەک ئاشکرایە هەڵوێستی کامۆ لەشەڕی ڕزگاریخوازی جەزائیر کە یەکەمین شەڕی

ڕزگاریخوازیی ڕاستەقینەیە، لەدوای شەڕی بەرگری فەرەنسییەکان دژ بە داگیرکارە ئەڵەمانیاکان، بەو شێوە زەقە ڕووبەڕووی بێتەوە، هەڵوێستێکی سەیر و ناڕۆشن دەردەکەوێت. بەتایبەت کاتێک شەڕی جەزائیر لە شەڕێکەوە کە میللەتێک لەپێناو هەندێک چاکسازی و پاراستنی ناسنامەی نەتەوەییدا دەیکات) ئەوە بڕوای زۆرێکی زۆری ڕۆشنبیرە دڵسافەکانی فەرەنسا بوو)، دەگۆڕێت بۆ شەڕێکی ڕزگارخوازی وا کە خواستی سەرەکی دەبێتە دەرپەڕاندنی دەسەڵاتی داگیرکاران و هێنانە ئارای حوکمڕانییەکی خۆماڵی لە وڵاتدا.

**ئایا پرسیارەکەی ئێمە مانای وایە داوا لە کامۆ بکەین، لە هەندێک ڕۆشنبیری جەزائیریان ئەکتیڤی سیاسی فەرەنسی شۆڕشگێڕتربێت، بەتایبەت ئەوانەیان کە لەسەرەتادا ئەو ڕەهەندە ڕزگاریخوازەیان لە خەباتی شۆڕشی جەزائیریدا نەدەبینی؟**

نەخێر، هەرگیز. ئێمە تەنها پرسیار لەو کەلێنە گەورە دەکەین کە لەنێوان ئازادی بێسنووری ناونووسینەکانی کامۆ و سنووردارێتی لایەنگری بۆ شۆڕشی جەزائیر هەیە، سەروەختێک لەیاخی بوونەوە گۆڕاو بوو بەشۆڕشی سەرتاسەری.

پرسیار لەو جیاوازییە دەکەین، ئەویش بەتێگەیشتن لە ڕەهەندی سیاسی لە ئەدەبی ئەلبێرکامۆدا بەگشتی. ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی نیوسەدە بەسەر کۆچی دوایی ئەلبێرکامۆ و پاش ئەوەی تادێت نووسین و لێکۆڵینەوە لەبارەیەوە زیاتر و زۆرتر دەبێت، بەتایبەت هەوڵدان بۆشرۆڤەکردنی هەڵوێستە سیاسییەکانی، چ بەشێوە ڕاستەوخۆکەی بێت، یان بەو جۆرەی لە دووتوێی بەهەمەکانیدا هاتوە، دەتوانین سنووری ڕادیکاڵییەتی کامۆ و تخوبی خواستی سیاسی ئەو ببینین.

کامۆ وەک حسێن ئایەت ئەحمەد ئاماژەی پێدەدات، بەر لەهەرشتێ کەسێکی فەرەنسییە و لە نیەت باشی و ڕەهەندێکی مرۆگەریانەی

گشتییەوە، هەڵوێستی لەپرسە سیاسییەکان وەرگرتوە و بایەخی بە مافەکانی مرۆڤ داوە..

ڕاستە ئەو سەرکۆنەی کۆلۆنیالیزمی کردوە و لەسەر پێشێلکردنی مافی گەلان بەدەنگ هاتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جگە لە لایەنی تیرۆر و تۆقاندن، شتێکی دیکەی لە شۆڕشدا نەدەبینی.

ئەوەی بەلای ئەوەوە گرنگ و سەرەکی بوو، خۆ لادان بوو لە جەنگ، بەڵام وەک حسێن ئایات ئەحمەد دەڵێت: (کامۆ ئەوەی بیرچوو کە تیرۆری شۆڕشگێڕان، بەرهەمی دەستی تیرۆری دەوڵەتە). کەچی کامۆ هەرگیز نەیزانی چۆن جیاوازی لەنێوان ئەو دوو تیرۆرەدا بکات.

لێرەوە خەباتی گەورەی ئەو، لەو ڕۆژەوە دەست پێدەکات کە بڕیاردەدات تاکۆتایی لەگەڵ کێشەی جەزائیردا بڕوات و هەوڵی بێوچان بخاتەگەڕ، لەپێناو ڕاگەیاندنی ئاگر بڕ لەو وڵاتەدا. ئاگربڕ لەنێوان شۆڕشگێڕان و دەسەڵاتی کۆلۆنیالستیدا، بەڵام کامۆ هەرگیز نەیوت: ئاگربڕ بۆ خاتری چی و لەدوای ئاگر بڕ چی....

گەر بەم دەرەنجامە گەیشتین، ئایا دەکرێت هاوڕابین لەگەڵ ئەو بۆچونەی ئەلبێر میمی کە دەڵێت: (ڕاستە کامۆ لەمێژووی هزر و مێژووی هەست بە بەپرسیاریێتی کردندا شوێنگەی خۆیی هەیە، وەلێ هەرگیز نەیزانی چۆنچۆنی فەلسەفەی شتە مەحاڵەکان بخولقێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوپاتی دەکەمەوە و دەڵێم: کامۆ بەلێهاتویی و بەهرە گەورەکانییەوە، یەکێک بوو لە فیگۆرە دیار و سەرەکییەکانی باکوری ئەفریقیا و شانازییە بۆ جەزائیرییەکان، گەربێتو بیگێڕنەوە بۆ ناو ترادسیۆنی کولتووریی خۆیان).

ئەم پرسە هەر تەنها پرسی گێڕانەوەی ئیعتیبار و پێزانین نییە، بەڵکو پەیوەندی بەپرسێکی زۆر قوڵترەوە هەیە کە هەڵوێستی نووسەرانە لە سیاسەت، ئیدی هەر سیاسەتێک بێت. بەگیرهێنانی ئەلبێرکامۆ لەسەر پرسی سیاسەت، دەرگایەکی گەورە بەڕووی بابەتی داهێنەر و هونەرمەندا دەکاتەوە کە چۆن دەڕوانێتە سیاسەت و چ هەڵوێستێک وەردەگرێت.

هەڵبەتە تێڕوانینی ئەوانەش زۆر تایبەت دەبێت، هەرچەندە بەگشتی سیاسەتمەداران جاڕس دەكات و حەزی پێناكەن.

كتێب و كۆنفرانسی كامۆ و سیاسەت پرسێكە، ئەوەمان بیردێنێتەوە كە باسكردنی پەیوەندی نووسەران بەدنیای سیاسەتەوە، بۆتە پێداویستیەكی گرنگ و هەنوكەیی، لەسەردەم و ڕۆژگارێكدا كە خەریكە هیچی بەسەر هیچەوە نامێنێت و شتەكان ئاوەژوودەبنەوە.

## ئێمیل یان دەربارەی پەروەردە

لەهزری جیهانیدا كتێبە بەناوبانگەكەی یۆهان گۆتە پەروەردەی فیلهلم مایستەر، بەیەكێك لەو كتێبە پەروەردەییە گرنگ و سەرەكییانە ئەژمار دەكرێت كە لەئەوروپادا دەرچووە، بەڵام نابێت نێو بانگی ئەم كتێبە، پێگەی سەرمەشقانەی كتێبێكمان لەبواری پەروەردەدا بیربەرێتەوە كە لەنووسینی ژان ژاك ڕۆسۆیە. ئێمیلی ڕۆسۆ بەسی ساڵ زیاتر بەر لەكتێبەكەی گۆتە نووسراوە.

ئـــەوەی ڕاســـتـــی بـێـت نـاکـرێـت لـەو چوارچێوەیەدا باس لەلێکچوونی نێوانیان بکەین لـەبـواری فـەلـسـەفـەی پـــەروەردەدا، هەرچەندە چەندین خاڵی هاوبەش لەنێوان ئەو دو کتێبەدا هەیە. کتێبی ئێمیل یان دەربارەی پـــەروەردە، ڕێک و ڕاسـت دەچێتەوە سەر فەلسەفەی ڕۆسۆ بەگشتی، ئەو فەلسەفەیەی ناوەڕۆکەکەی ئەو پرسیارە بەردەوامە بوو کە دەیکردو دەڵێت: (مـرۆڤ چۆن دەتوانێت دەستبەرداری باشی و پاکێتی خۆی نەبێت، لـەکـاتـێـکـدا کـۆمـەڵـگـە بـــەردەوام خـەریـکـی شێواندنییەتی؟).

ئـەم فەلسەفەیەی ڕۆسـۆ پەیوەندی بەو ناکۆکییەی نێوان سروشت و کۆمەڵگەوە هەیە، چونکە ئەو پێیوایە کۆمەڵگە دەستبەرداری سروشت و مرۆڤ و گەردون نابێت. ئەمەش وادەکات هەمیشە ئەو پرسیارە گرنگە بکەین، دەربارەی چۆنیەتی پێکەوە گونجاندنی نێوان ڕەسەنایەتی سروشت و خراپەکارییەکانی کۆمەڵگە.

ئەو هیپپیانەی لەسەدەی بیستەمدا لایەنگری خۆیان بۆ ڕۆسۆ و ڕێبازە سروشتییەکەی ڕاگەیاند، هەڵهاتنیان لەکۆمەڵگەوە بۆ سروشت بەچارەسەر دەزانی، بەڵام ڕۆسۆ ئەم جۆرە چارەسەرەی بەکارێکی عەمەلی نەدەبینی، لەبەرئەوەی گونجاو نییە کۆمەڵگە لەپێناو ئەو گەڕانەوەیەدا بۆ سروشت فەرامۆش بکەین.

بەو پێیەشی کاری مەحاڵە کۆمەڵگە بەجۆرێک چاک بکرێت کە بگەڕێتەوە سەر سروشتی ئەسڵی خۆی، ئەوا بەبۆچوونی ئەو دەبێت بگەڕێینەوە سەر ئەو شتەی بنەڕەتی و سەرەکییە واتە بگەڕێینەوە لای پەروەردە. پەروەردەیەک کەهەر لەمنداڵییەوە دەستی مرۆڤ دەگرێت، تا لەگەڵ سروشتدا ئاوێزان بێت و دژی ئەو شتانە بووەستێتەوە کە کۆمەڵگە لەم بوارەدا داوای لێدەکات.

بۆ تاوتوێکردن و شرۆڤەی هەموو ئەمانە، ئەو نەهات کتێبێکی تیۆری بنووسێت، بەڵکو پەنای بردەبەر ستایلێکی ڕۆمان ئامێز. بەم پێیەش دەکرێت ئێمیل بەڕۆمانێکی فێرکردن، یان پەروەردەیی بدەینە قەڵەم.

لـــەم کـتـێـبـەدا بـەشـێـوەیـەکـی تـیـۆری ورد، پـــەروەردە و گەشەکردنی منداڵێکی بچکۆلە دەبینین کە ئێمیلەو ڕۆسۆ بۆخۆی لـەڕۆمـانـەکـەدا، سـەرپـەرشـتـی و چاودێری پەروەردەکردنی دەکات. سەرەتا دەیبات بۆ لادێ تـا لـەسروشـتـەوە نزیک بێت، چونکە بەبۆچوونی ئەو خەڵکی لادێ لەخەڵکی شار باشـترن. لـە شـــاردا ئێمیل تەنها بەدترین هەڵسوکەوتی، جەستەیی و فیکری فێردەبێت.

بـــەلای ڕۆســــۆوە ئـامـانـجـی سـەرەکـی پـەروەردە لەوەدایە، منداڵ فێری ئەوە بکات چۆن بژی. ئەمەش فێرنابێت ئەگەر چاودێر و ڕێبەرێکی نەبێت و بەردەوام ڕێگای ڕاست و دروستی نیشان نەدات. ڕۆمانی ئێمیلیش چییە جگە لەباسکردنی گەیشتن بەو ڕاستەڕێیانە

کتێبـەکە پـێـکـهـاتـوە لـە پـێـنـج بـــەش و پێشەکییەک، لە پێشەکییەکەدا نووسەر پێمان دەڵێت هەڵبەت دوای ئـەوەی کـە ئامانج و ئامرازەکانمان بەردەست دەخات، قۆناغەکانی پەروەردەی ئێمیل سێ بەشە.

**یەکەم:** تا تەمەنی دوانزەساڵی بەردەوام دەبێت. لەم قۆناغەدا منداڵ درک بەزۆر شت ناکات و ناتوانێت سەر لە هەندێک مەسەلەی ئاڵۆز دەربکات، بەکورتییەکەی مرۆڤ لەو قۆناغەی تەمەنیدا، بوونەوەرێکە ژیانی ئاژەڵانە دەژی.

**قۆناغی دووەم:** لەدوانزە ساڵییەوە دەست پێدەکات تا شانزە ساڵی، ئەمەش ئەو تەمەنەیە کە ئەقڵ تێیدا گەشە دەکات و خەسڵەتەکانی داهاتووی وەردەگرێت.

**قۆناغی سێیەم:** ئەوەیە کە لەگەڵ تەمەنی شانزە ساڵیدا دەستپێدەکات و منداڵ تیایدا گەشەدەکات و بەرەو کامڵی دەچێت.

لەو کتێبەدا ئێمیل بەم سێ قۆناغەدا دەڕوات، تا لەدواین قۆناغدا کچێک دەدۆزێتەوە کە کەسایەتی و ژیانی لەگەڵ کەسایەتی و ژیانیدا دەگونجێت. لەکتێبەکەدا دەبینین ڕۆسۆ تەنها گرنگی بە پەروەردەی کوڕان دەدات، لەبەرئەوەی سۆفی ئەو کچەی ئێمیل دەیدۆزێتەوەو لەگەڵیدا بەکامڵی خۆی

دەگات، بۆ ئەو هیچ گرنگییەکی ئەوتۆی نییەو ئامادەگی ئەو تەنها لەدواین قۆناغدایە.

هەموو ئەو پەروەردەیەی کتێبەکە ڕێی پێدەدات، ئەوەیە ئەو کچەبێت و ببێتە ژنێکی باش و گوێڕایەڵی ئێمیل. ئەوەی لێرەدا جێی سەرسوڕمانە ئەوەیە، ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوانەی داکۆکی لە ماف و ئازادی ژنان دەکەن، بەتایبەت ئەوانەی لەنیوەی دوەمی سەدەی بیستەمەوە دەستیانکرد بە پەلاماردانی نووسەران و فەیلەسوفانی وەک هێگڵ و شکسپیر بەهۆی مەیلی نێرخوازیانەوە، وەکی پێویست ئاوڕیان لە ڕۆسۆ نەدایەوە، لەسەر ئەو هەڵوێستی جیاکاریی و جیاوازییەی دادگایی بکەن کە لەنێوان هەردو ڕەگەزدا کردویەتی!

ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ڕۆسۆ لەو کتێبەیدا، دیدگای فەلسەفی خۆی لەمەڕ پەروەردە خستۆتەڕوو، دیدگایەک کە هەرگیز لەدیدگا فەلسەفییەکەی بەشێوەیەکی گشتی جیانابێتەوە. بەم پێیە ئەستەمە بەتەنها

کتێبەکە وەک ڕێبەرێکی پەروەردەیی سەیر بکەین و وابزانین بۆ ئەوە نووسراوە، باوک و دایک چۆن بەچاکی منداڵەکانیان پەروەردە دەکەن. نەخێر لەوەتێدەپەڕێنێت و خەسڵەتی دەقێک وەردەگرێت کە یاخی و ناڕازییە، لە هەلومەرجی کۆمەڵگە و هەموو ئەوانەی تێیدا خاوەن بڕیار و دەست ڕۆیشتوون.

لێرەوە سەیر نەبوو کتێبەکە لە فەرەنسا و لەشاری ژنێف (مەڵبەندی لەدایکبوونی ڕۆسۆ و شوێنی یەکەمین چاپی کتێبەکە ساڵی 1762)، قەدەغە بکرێت و ڕێ لەدەستاودەستکردنی بگیرێت. هەمان ساڵ چاپی هۆڵەندی و ئینگلیزییەکەشی بڵاوبووەوە.

شایەنی باسە بەهۆی ئەو سانسۆر و قەدەغەکردنەوە، ئێمیل بوو بەپڕ فرۆشترین کتێبی فیکر لەئەورووپای ئەو سەردەمانەدا. هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی فەرەنسیشدا، بوو بەسەرچاوەی سیستمی نوێی پەروەردە کەشۆڕشگێڕانی فەرەنسی کاریان پێدەکرد.

وەکی باسمانکرد، ڕۆسۆ کتێبەکەی بەسەر پێنج نەسکدا بەشکردوە، سێ نەسکی یەکەم بۆ ئێمیلە کە هێشتا منداڵە و چوارەم بەشی بۆ ئێمیلی کامڵە. واتە لەو بەشەدا وەک مرۆڤێک سەیر دەکرێت کە ئەزموونی پەروەردەییەکی سروشتی کردوە و ئەو شتانە دەکات کە فێریان بوە. بەشی پێنجەمیش تەرخانە بۆ سۆفی، ئەو کچەی لەدواجاردا دەبێتە هاوسەری و کەیبانوی ماڵی ئێمیل.

لەلاپەڕەکانی سەرەتای بەشی یەکەمەوە، ڕۆسۆ لێمان ناشارێتەوە کە ئەو لەو کتێبەیدا، هەر بەتەنها باس لەکرۆکی فەلسەفە ڕادیکاڵییەکەی ناکات، بەڵکو چۆنێتی پەروەردەکردنی منداڵیش دیاری دەکات، تا وای لێبکات چارەنووسی لەگەڵ فەلسەفەکەیدا یەک بێتەوە. ئەوەشمان بۆ ڕووندەکاتەوە کە هەوڵی سەرەکی کتێبەکەی ئەوەیە، شێوازێک بدۆزێتەوە تابتوانێت ناکۆکییەکی نێوان سروشتی مرۆڤ و ژیانی کۆمەڵایەتی پێ چارەسەر بکات.

ئەو پەرەگرافەی دەسپێکی کتێبەکەیە و هەوڵی فیکری بوێرانەی ڕۆسۆیە، شۆرەتی زۆر پەیداکرد و دەنگدانەوەی گەورەشی هەبوو کەدەڵێت: (هەموو شتێک بەچاکی لەناو سروشتدا پێدەگات، بەڵام هەمووشتێک لەژێر دەستی مرۆڤدا بەدجۆردەبێت. مرۆڤ شتەکان وەردەگۆڕێ، چونکە ڕێزی مەزنی و بەدجۆری دەگرێت. هیچی لەو شێوەیەدا ناوێت کە سروشت دروستی کردوە، تەنانەت مرۆڤیشی وەک خۆی ناوێت).

هەر ئەمەشە ڕۆسۆ والێدەکات دوای کەمێک بڵێت: (دواجار کۆمەڵگە دەبێت لەنێوان دروستکردنی مرۆڤ یاخود هاولاتیدا هەڵبژێرێت)، بەڵام گلەیی ئەوەی لە کۆمەڵگە هەیە کە هەموو خەمێکی ئەوەیە، مرۆڤ لە سروشتی خۆی داماڵێت و بیکاتە داشێک لەناو گەمەی گرێبەستی کۆمەلایەتیدا. لێرەدا ناوی کتێبەکەیمان بیردێنێتەوە کە بەهەمان ناوەوەیە و بەچەند مانگێکی کەم پێش ئێمیل بڵاوبووەوە.

ساڵ 1762 لەژیانی جان جاک ڕۆسۆ، ساڵێکی بەبرشت بوو. لەوکاتەدا تەمەنی گەیشتبووە پەنجا. لە ساڵی 1712 لەژنێڤ دێتە دنیاوە و لەساڵی 1778 لەفەرەنسا کۆچی دوایی دەکات. هەردوو بەرهەمی (ئێمیل و پەیمانی کۆمەڵایەتی)، لەناوەڕاستی قۆناغی داهێنانی گەورەی ژیانی ئەو بیریارەدا دێن کە بەهەتیوی و نەداری گەورە بوو، بەڵام زانی چۆن چۆنی ئەو وێڵگەردی و دەردی سەریانە، دەکاتە شتێکی پۆزەتیڤ و ئەوەش دەیکاتە یەکێک لەگەورە بیریاران و فەیلەسوفانی مێژووی مرۆڤایەتی. هەروەها دەبێتە یەکێک لەڕابەرانی فیکر کە زەمینەیان بۆ شۆڕشی فەرەنسی خۆشکرد.

هاوکات هەتا ئێستاش دیدوبۆچوونەکانی زیندوون و ئامادەگییان هەیە، دوای ئەوەی کاریگەری جیاجیایان لەسەر فەیلەسوفانی وەک: (کانت و هیگڵ و ئۆگست کۆنت و...هتد) بەجێهێشت. هەروەها کتێبە فیکری و ڕۆمان

ئامێز و دان پێدانانە بێپەردەکانی، ڕۆڵێکی گـەورەیـان لـەسـەرهـەڵـدانـی بـزووتـنـەوەی ڕۆمانتیکیدا بینی، لە هزری سیاسی و ڕۆمان و ئەدەبدا بەشێوەیەکی گشتی.

# ژان ژاك ڕۆسۆ

## وەک نەیارێکی سەرسەختی هونەری نواندن

**بەبڕوای ئێوە باوکی شەرعی ئەو دۆگما تیست و دەمارگیرانە کێن کە دژایەتی هەندێک هونەر دەکەن، بەتایبەتیش هونەری شانۆ و نواندن؟ ستالینە، هتلەرە، ژێدانۆفە، یاخود تەواوی توندڕەوەکانی سەردەمانی پێشووتر و ساتەوەختی ئێستامانن؟**

هیچ یەکێک لەوانە باوکی ئەو جۆرە لەدەمارگیری و توندڕۆیی نیین، باوکی شەرعی ئەو بوارە کەسێکە کە بەئەقڵدا ناچێت، ئەو کەسە ژان ژاک ڕۆسۆیە. ڕۆسۆی قارەمانی هزری ڕۆشنگەری کە بوە مایەی هەڵایسانی شۆڕشی فەرەنسی و یەکێک لە بەشدارانی دانانی ئینسکلۆپیدیای بەناوبانگ و داکۆکیکار لە میوزیک..

ئەو ژان ژاک ڕۆسۆیە، بەجۆرێک لە جۆرەکان دژی نواندن بوەو ڕەنگە زەحمەت بێت هۆکارەکەی بزانین. بەچەند سەدەیەک پێش ئەو، ئەفلاتۆنیش بەجۆرێک لەجۆرەکان دژی شیعر بووە، ڕەنگە زانینی هۆکاری ئەوەش هەر زەحمەت بێت.

ئەگەرچی ئەوانەی بەشرۆڤەکردنی ئەفلاتۆنیەتەوە سەرقاڵن، هەوڵی تاوتوێکردنی

ئەو بابەتەیانداوە. ئەویش بەپشت بەستن بەخوێندنەوەی ئەو شتانەی لەناو ڕستە و پەرەگرافەکانی کتێبی کۆماردا خۆیان مەڵاس داوە. بەڵام سەبارەت بەڕۆسۆ، ئەوا لەو بوارەدا هەڵوێستی زۆر زەق و زۆپی هەیەو هەروەها نامە گۆڕینەوەیەکی بەناوبانگیشی هەیە کە سەبارەت بە هونەری نواندن و شانۆیە، لەگەڵ دالامپیێری هاوڕێیدا.

ئەو نامانە بەشێکن لەکتێبێکی ژان ژاک ڕۆسۆ، بەناوی (پەیامێک دەربارەی هونەری نمایش) و ساڵی 1758بڵاوکراوەتەوە. بەبڕوای زۆرێک لەتوێژەران و مێژونووسان ئەو نامانە گرنگییەکی زۆریان هەیە، بۆ تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی مۆراڵی و سیاسی ژان ژاک ڕۆسۆ.

چیرۆکی ئەو نامە گۆڕینەوانەش لەگەڵ وتارێکی دالامپیێردا دەست پێدەکات کە تیایدا وەک بیریارێکی ئەنسیکلۆپیدی، ستایشی هەڵوێستی پیاوانی ئایینی پرۆتستانت مەزهەب دەکات لەشاری ژنیڤ، بەهۆی ئەوەی لەڕووی فیکرییەوە کراوەن و بڕوایان بەئازادی بیروڕا

هەیەو ئەوەش وایکردوە، هەوڵبدەن شانۆیەک لە شاری ژنێڤدا دروست بکەن. ئەو کارە بۆ خۆی دژ بەهەڵوێستی تیۆلۆژیستەکان بوو کە لە سەردەمانی کۆنەوە، دژ بە کۆمیدیا بوون و وەک هونەرێکی ئەهریمەنی لێیان دەڕوانی.

لەبەرامبەر ئەوەدا ڕۆسۆ وەک پەرچەکردارێک لەئاست قسەکانی دالامپێر دێتە دەنگ و خاوەنی گرێبەستی کۆمەڵایەتی، هونەری نواندن لەسۆنگەی فیکری و مۆراڵییەوە ڕەخنەباران دەکات. ڕەخنەکانیشی بەشێوەیەکی تایبەت ئاڕاستەی کۆمیدیا دەکات و پێیوایە، هەندێک بەرهەمی کۆمیدی هەن هانی کاری چاکەو بیرکردنەوەی نوێ دەدەن، بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین کە زۆربەی زۆری کارە کۆمیدیەکان بەو جۆرە نین و کاریگەری نێگەتیڤ لەسەر بینەران و جەماوەر جێدێڵن، چونکە زۆرێک لەو کارە کۆمیدیانە وێنەیەکی شێواو و بێسەروبەری ژیان پیشانی بینەران دەدەن و هانیان دەدەن بەو جۆرە ژیان بکەن، ئەوەش بۆ خۆی شوێن مەترسییە و نابێت شتی وا نیشانی بینەران بدەین.

**لەوێدا ڕۆسۆ دان بەوەدا دەنێت و دەڵێت: (دواجار شانۆ ئاوێنەی تەواوی کۆمەڵگایەو هەروەها ئاوێنەی شارستانیەتیشە. بۆیە دەپرسێت: ئایا دەکرێت ڕێگە بەوە بدەین بینەران خۆیان لە ئاوێنەیەکی لێڵ و ناقۆڵادا ببینن؟ یاخود شارستانیەتەکەیان بەشێوەیەکی ناشایستە وێنا بکەن و ئەوەش بەرەو خراپەکاری و بەد ڕەفتاریان بەرێت)؟**

ڕۆسۆ پێیوایە بینەران سادە و خۆش باوەڕن و دیمەنی ئەو جۆرە شانۆگەریانە داگیریان دەکەن، واتە کاریگەری گەورەیان لەسەر ناخود ئاگای بینەران دەبێت و دەبێتە بەشێک لە سروشت و خەسڵەتی مرۆڤەکان.

نواندن لەسەر شانۆ لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ ناخود ئاگای بینەران دەدوێنێت، بۆیە نیشاندانی هەڵوێستە ئاوەژووەکانی ژیان، ڕێک و ڕاست لە مێشکی بینەراندا دەچەسپێت و ئەو بینەرەش وەک بەڵگە نەویستێک مامەڵەی لەگەڵدا دەکات.

لێرەوە ڕۆسۆ پێیوایە هەڕەشە و مەترسی گەورە ئەوەیە بەو جۆرە خەیاڵپڵا و شتە ناقولایانە، ناخود ئاگای مرۆڤەکان پڕ بکەن

و ئەو شتانەش سەرچاوەکانیان سەرتەختەی شانۆکان بن. بۆیە گەر پێویست کات، ئەوا دەبێت خودی شانۆ یاساغ بکرێت.

لێرەدا پێویستە باس لەوەش بکەین ئەم گوتارەی ڕۆسۆ کە دژ بەهەوڵ و تەقەلاکانی دالامپێرەو-هەوڵ و کۆششەکانی دالامپێریش-، پشت ئەستورە بەهەڵوێستی پێشکەوتوخوازانەی هەندێک لە پیاوانی ئایینی، ڕەنگە بەجۆرێک لەجۆرەکان لەگەڵ سەختگیری کالڤنیزمدا بەتایبەت لەبواری سیاسەت و مۆراڵدا، بگونجێت و شاری ژنێڤیش لەو سەردەمەدا قەڵای سەختی کالڤنیزم بوە.

لەبەرامبەر ئەو هێرش و پەلاماردانەدا، دالامپێر ناچار دەبێت پرکێشی بکات و وەڵامی توندی ڕۆسۆ بداتەوە. بەتایبەت دوای ئەوەی سەردانی هەندی لە پیاوانی ئایینی دەکات و هەورەها سەردانی ڤۆلتێریش دەکات. ئەڵبەتە لەوبارەیەوە بیروبۆچونەکانی ڤولتێر، لەگەڵ بیروبۆچونەکانی ڕۆسۆدا تەواو ناکۆک و دژ بەیەک بوون.

هەر بۆیە لەو مەسەلەیەدا، ڤۆلتێر پشتیوانی لەدالامپێر کردو بووە لایەنگری ئەو. ئەڵبەتە ئەو هەڵوێستەی ڤۆلتێر وزەی زیاتر دەداتە دالامپێر و وای لێدەکات، زیاتر لەپیاوانی ئایینی ڕۆشنگەر نزیک بێتەوە و بەئاشکرا ڕایبگەیەنێت کە هەوڵی ئەو لەوە دەرچووە تەنها خەمی نواندن و شانۆ بێت، بەڵکو خەمی ئەو بۆتە پشتگیری کردنی ئەوانەی لەهەوڵی ئـــەودان، مـــۆراڵ لـەشـارێکی وەک ژنێڤدا ئازادکەن و بەربەستەکانی بەردەمی ڕامالْن.

ئـــەوەی جێی ســەرنـجـە لـێـرەدا ئـەوەیـە، سەروەختێک ڕۆسۆ لەنامە دوور و درێژەکەیدا دەیەوێت نمونەی هەندێ لەو شانۆنامانە نیشان بدات کە بەمەترسی دەبینێت، بێ دودڵی باس لەچەندین بەرهەمی ڤۆلتێر دەکـات. بۆ نمونە هێرش دەکـات سـەر شانۆگەری (محەمەد و شانۆگەری زائیر)، ئەمەش وەک هەنگاوێکی سەغڵەتکردنی هاورێکەی لەهزری ڕۆشنگەریدا.

لـەپـاڵ ئـەو دوو بـەرهـەمـەی ڤۆلتێردا، هێرشیش دەکاتە سەر بەرهەمەکانی ڕاسین و

کۆرنای و بەتایبەتیش بەرهەمەکانی مۆلیێرو بەتوندی سەرکۆنەیان دەکات و دەڵێت: (بەرهەمەکانی مۆلیێر، زۆرجار وامان لێدەکەن گاڵتە بە هەموو ڕێز و فەزیلەتێک بکەین).

بەبۆچونی ڕۆسۆ تەواوی ئەو شانۆنامانە مایەی هەڕەشە و مەترسین، لەبەرئەوەی ڕۆحی هاوڵاتیان پیس دەکەن و مێشکیان تێک دەدەن. لێرەوە کۆ لەوە ناکاتەوە گوتارەکەی ڕاستەوخۆ ئاڕاستەی لاوانی شاری ژنێڤ بکات و داوایان لێ بکات، نەهێڵن شانۆ لەشارەکەیاندا بکرێتەوە و ڕێگری لەوانە بکەن کە بیر لەشتێکی وادەکەنەوە.

چونکە بەبڕوای ئەو کردنەوەی شانۆیەکی لەو جۆرە، واتە پایەماڵکردنی یەکجارەکی ڕۆحانیەت و گۆڕینی هاوڵاتیانیشە بۆ کۆمەڵە لیبۆکێک، بەدەست ئەکتەر و شانۆکارانەوەو بەو جۆرەش دەتوانن گەمەیان پێ بکەن و هاوکات کۆمەڵگە و هاوڵاتیانیش بەئاسانی لەخشتە بەرن. واتە دەسەڵاتداران ئەکتەر و شانۆکاران

دەکەنە ئامرازێک، بۆئەوەی هاوڵاتیانیان لەخشتە بەرن و بتوانن بە ئاسانی کۆنترۆڵیان بکەن.

بێگومان ئەو شتانەی ڕۆسۆ لەو پەیامەیدا دەیانوسێت و باسیان دەکات، زۆر ترسناکن.. ترسناکترین شتێکیش تێیدا ئەوەیە، لەڕووی مۆراڵیەوە قسەکانی زۆر بەجێن و هەروەها سەرچاوەکەشی نووسەرێکە لەو سەردەم و ڕۆژگارەدا، دەسەڵاتێکی فیکری و مەعنەوی گەورەی هەبووەو ئەوەش وایکردوە قسەکانی شوێن باوەڕ بن و بەئاسانی بەسەند بکرێن.

هەروەها قسەکانی دەبوونە تیغێکی دودەم، لەلایەک مۆرالیستەکان بەکاریان دەهێنا بۆئەوەی هونەرەکان لە کەم و کوڕی و ئاستنزمی پاکژ بکەنەوە، لەلایەکی دیکەوە کۆنەپەرستەکان سوودیان لێدەبینی بۆئەوەی دژایەتی هونەری پێ بکەن.

بەڵام پێدەچێت ژان ژاک ڕۆسۆ1712–1778، گوێی بەوە نەدابێت کە ڕەنگە قسەکانی لەلایەن ئەم یان ئەو لایەنەوە بەکاربهێنرێت و سودی لێ ببینرێت، چونکە ئەو کارە بۆ

ئەو جەنگێکی فیکری بوە، جەنگێک کە دەبوو بیکات، ئیتر دەرەنجامەکەی هەرچییەک بێت. لەبەرئەوەیە لەو نامەیەیدا کە بۆگەنجانی شاری ژنێڤی دەنێرێت دەڵێت: (نابێت ڕێگە بدەن بە کەسانێک بەناوی داهاتویەکی پرشنگدارەوە، مافە کۆمەڵایەتیەکانتان لیبستێنن، داهاتویەک کە دواجار درۆ و دەلەسەیەکە و هیچی تر).

ڕەنگە ئەم قسانەی ڕۆسۆ بە ئاسانی قوت نەچێت و خوێنەر بەلایەوە سەیر بێت کە چۆن نووسەرێک لە کتێبی ئێمیل دا، داوای نوێکردنەوەی سستمی پەروەردەکردن دەکات و لەزۆرێک لە دەقەکانیشیدا باس لە سۆزداری و حاڵەتی ویژدانی دەکات، هەروەها لە گرێبەستی کۆمەڵایەتی و دەیان دەق و نوسینی دیکەیدا داکۆکی لە پێشکەوتن دەکات.. سەرەڕای ئەوانەش بوێرانە دانپێدانەکانی خۆی دەنوسێتەوە، دانپێدانانێک کە لە بواری ئەدەبدا کەناڵی تازە و ڕەگەزی نوێی هێنایە ئارا و جۆرێکی دی لە هزری مۆراڵی بەردەست خستین، کەچی دێت و بەو جۆرە باس لە هونەری نواندن و شانۆ دەکات؟

# شانۆنامەی ڕەشپێستەکانی ژان ژینیە

## - دادگایکردنی پیاوی سپی و دیدگا ڕەگەزپەرستانەکەی-

بۆ خوێنەرانی عەرەب بەشێوەیەکی گشتی و خەباتگێڕانی شۆڕشی فەلەستینی لەچارەکی کۆتایی سەدەی بیستەمدا بەتایبەتی، نێو و نێوبانگی نووسەری فەرەنسایی ژان ژینیە کە چەند ساڵێکە لەژیاندا نەماوە، پەیوەست بووە بەوەوەی زیاد لەهەر نووسەرێکی دیکەی جیهان داکۆکی لەکێشەی فەلەستینی کردوە. تەنانەت وەک دەشزانین لەزۆر نووسەری عەرەبیش زیاتر، پەرۆشی ئەو دۆزە بوە.

ژینیە لەکتێبی (الاسیر العاشق)دا، باس لەئەزمونی ژیانی خۆی دەکات لەئۆردوگای فەلەستینیەکاندا. کتێبەکەی خەمخۆری نیشاندانە بۆ پەراوێز نشینەکان و ڕێزگرتنە لەشۆڕشگێڕان، ئەو شۆڕشگێڕانەی بەبڕوای ئەو خوێی سەرزەوی و کرۆکی ڕەگەزی مرۆڤایەتین.

ژینیە ئەو تێکستەی کردە دیکۆمێنتێکی قەشەنگ، لەمەڕ قەتڵ و عامەکەی سەبرا و شاتیلا و بووە مایەی ئابڕووبردنی قەتڵ و عامەکەو ئەوانەشی بکەری تاوانەکە بوون.

ئەو تێکستە بۆ سەر کۆنەکردنی ئیسرائیل و بەکرێگیراوەکانی، لەهەزاران وتارو دەیان کتێب گرنگتر بوو. بەڵام بۆ خوێنەرانی دیکە ژان ژینیەی فەرەنسی، جگە لەنووسەرێکی ڕەفتار سەیرو بەدبەخت کە وەک وێڵگەردێک گوزەراندوییەتی و دواتریش بەتەنهایی لەمیوانخانەیەکی پەڕپوتدا سەری ناوەتەوە، شتێکی دیکە ناگەیەنێت.

هەرچۆنێک بێت لەڕاستیدا ژینیە، ئەو نووسەرە بوو کە تێکڕای بەرهەمەکانی تەرخانکردبو بۆ باس و خواسی پەراوێز کەوتوەکانو کەسانی بێدەسەڵات و چەوساوە و بەش مەینەت لەهەر جێیەک بن. بەم پێیە هەردەقێک کە دەینووسی- لەڕاستیدا ئەو بەرهەمێکی زۆری نەنووسی-، ڕەنگە تەنها دە دەقی سەرەکی لەماوەی پەنجا ساڵدا نووسی بێت، باسی لەسکانداڵەکانی دەسەڵات و کۆمەڵگە دەکرد.

شایەنی باسە ژینیە شانۆنامە و ڕۆمان و چیرۆک و تێکست گەلێکی دیکەی نووسیوە

کە زیاتر لە بایۆگرافیاوە نزیک بوون، هەرچەندە ئەو بەشێوەیەکی پڕاوپڕ ژیاننامەی خۆی نەنوسیوەتەوە. ئەوانەی نوسین و لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە کردوە پێیانوایە، تێکڕای ئەو بەرهەمانەی نووسیونی بە گشتی ژیاننامەی خۆیەتی، چونکە لەهەریەک لەو تێکستانەدا شتێک لەژیان و بەسەرهاتی خۆیی تێدایە.

ژینیە هە ڕ لەسەرەتای ژیانیەوە، زیندانی دەکرێت و ژیانێکی دژوار بەڕێ دەکات، بۆیە لەسەر شەقامەکان بوبێت یاخود لەکونجی زینداندا، هەمیشە داکۆکی لەدز و هەژاران کردوەو ڕەفتار و کارو کردەوەکانیانی پاساو داوەتەوە. هەروەها بەبەردەوامی لایەنگری خزمەتکارەکانی کردوە لەدژی خواپێداوەکان و ئەوەش لەشانۆگەری خزمەتکارەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

خزمەتکارەکان وەک کاری سینەمایی سودی لێوەرگیراوەو لەسەرشانۆش، بەچەندین زمانی جیاجیا نمایشکراوە.

هاوکات لەشانۆنامەی پەردەکانیشدا لایەنگری شۆڕشگێڕانی جەزائیریە، لەدژی دەسەڵاتدارانی فەرەنساو ئەو کارەشی ڕاسترەوە پەرگیرەکانی وڵاتەکەی تووڕە دەکات.

سەروەختێک ئەو شانۆگەریە بۆ یەکەمجار لەسەر شانۆی (ئۆدیۆنی) شاری پاریس نمایش دەکرێت کە هێشتا فەرەنسای ڕەگەزپەرست، لەشۆکی شکست و لەدەستدانی وڵاتی جەزائیر هەڵنەستابووەوە. ئەمەش ڕاسترەوە پەرگیرەکانی فەرەنسای سەرشێت کرد.

دواتریش ژینیە گەیاندیە ئەوەی لایەنگری خۆی بۆ شۆڕشی بەورە ڕەشەکانی ئەمریکا ڕابگەیەنێت، ئەوەش پێش ئەوە بوو ببێتە دۆستی فەلەستینیەکان و پشتیوانی لەشۆڕشەکەیان بکات و گوێ بەهیچ لەو فشارانەش نەدات کە لەلایەن فەرەنساو ئیسرائیلەوە ڕووبەڕووی دەبووەوە.

نووسەرێک چۆن گوێ بەو فشارانە دەدات کە یەکێک لەشانۆگەریەکانی پەردەکان – ئەو

شانۆگەریەی لەگەرمەی شۆڕشدا، باسی لە شۆڕشی جەزائیری دەکرد- توانیبێتی تەواوی پاریس بهەژێنێت و شەقامەکانی بهێنێتە جۆش لەکاتی نمایشکردنیدا. بەشێوەیەکی گشتی ژان ژینیە لەڕوی فیکری و هونەری و هەروەها ژیانی ڕۆژانەشییەوە، کەسێکی سەر بەگۆبەن و دوژمنێکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی دووڕ و درۆزن بوە.

ئەوەی لێرەدا سەیرەو پێویستە ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە، ژینیە وەک ڕۆشنبیرانی دیکە لەنێوەندێکی بۆرژوازییەوە نەهاتبوو تادواتر واز لەو چینە بهێنێت، بەڵکو لەڕیزی خەڵکانێکی هەژار و بەش مەینەت دا گەورەبووبوو. بۆیە هەر لەمنداڵییەوەو بەپێی ڕاپۆرت و تۆمارەکانی پۆلیس، بەهۆی دزی و سەرپێچی کردنی یاساکانەوە، چەندین جار زیندانی کراوە.

بەوهۆیەوەو پاشان لەڕێی نوسینەوەی تەواوی ئەو شتانەوە، توانی سەرنجی ناوەندی ڕۆشنبیریی فەرەنسی بەلای خۆیدا ڕابکێشێت.

تا ئەو ئاستەی کەسێکی وەک ژان پۆڵ سارتەر، کتێبێکی لەبارەوە دەنوسێتو ئەو کتێبەش بەیەکێک لەناوازەترین تێکستەکانی بایۆگرافیای نووسەران ئەژمار دەکرێت کە لەفەرەنسای سەدەی بیستەمدا نوسرا بێت. بەتایبەت ئەو کتێبە سەردەمانێک بڵاوبووەوە، هێشتا نووسەرەکەی لەژیاندا مابوو.

ژان ژینیە پەرۆشی زۆر کێشە و مەسەلە بوو. وەک پەرۆشی بۆ پەراوێزخراو و ڕەش پێستەکان و کەسانی بێدەسەڵات و فەلەستینیەکان. سەروەختێک لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردودا کۆچی دوایی دەکات، وەسیەت دەکات و دەخوازێت لەکیشوەری ئەفریقاو لەوڵاتی مەغریب بەخاک بسپێردرێت و ئەو داواکاریەشی وەک خۆی جێبەجێ دەکرێت.

راستە ژینیە داکۆکی لەبەش مەینەت و مافخوراوان دەکرد، بەڵام داکۆکیکردنێکی کوێرانەو بێقەید و مەرج نەبوو. بۆیە هەندێ جار لەلایەن ئەوانەوە کە داکۆکی لێدەکردن - وەک

فەلەستینی و جەزائیری و پەراوێزکەوتەکانی دیکەوە، لەسەر هەندێ هەڵوێست و ڕەفتاری کە لەڕواڵەتدا وەها دیاربوو لەپشتگیری کردن و بەرگریکردن لێیان سارد بووبێتەوە، ڕووبەڕووی ڕەخنە و گازندە بۆتەوە، بەڵام هیچ شتێک لەوانە جاڕسی نەدەکرد و لەدڵی نەدەگرت.

یەکێک لەو بەرهەمانەی شایستەی هەڵوەستە لەسەرکردنە، شانۆگەری پێست ڕەشەکانە. ئەو شانۆگەرییەی بۆ یەکەمجار لەساڵی 1959 پێشکەش کراو هەرا و زەنایەکی زۆری نایەوە. لەبەر ئەوەی بابەتی سەرەکی شانۆگەریەکە باس لە ڕەگەزپەرستی دەکات و ئەو باسەش لەو سەردەمەدا، کەم تا زۆر قسەکردن لەبارەیەوە یاساغ بوو.

ئەوروپیەکان پێیان وابوو ڕەگەزپەرستی لەکۆمەڵگەکانی ئەواندا نییەو ئەوە شتێکە لەئەمریکا و لەئەفریقادا بوونی هەیە، بەڵام ژان ژینیە دێت و لەڕێی ئەو شانۆگەرییەوە پێمان دەڵێت: (ئەی چۆنە بڵێین ڕەگەزپەرستی

لێرەیەو لەناوماندا دەژی؟). لەشانۆگەری پێست ڕەشەکاندا ڕوداوێکی دیاریکراو نییە، ئەوەی هەیە بریتییە لە دادگایکردنی دنیابینی پیاوی سپی بۆ خەڵکانی پێست ڕەش.

لێرەوە ژینیە بەردەوام هیواخوازبووە ئەو شانۆگەریەی لەلایەن ئەکتەرە پێست ڕەشەکانەوە پێشکەش بکرێت، بەڵام ئامادەبوان و بینەرانی سپی پێستەکان بن، چونکە مەبەستی سەرەکی ئەوانن و ئەوان زیاتر پەیوەندییان بەو پرسەوە هەیە.

قسەیەکی ژان ژینیە هەیە لەسەر ئەم شانۆگەریەی کە دەڵێت: (حەزدەکەم لەو هۆڵەی شانۆگەریەکەی تێدا نمایش دەکرێت، لەناو ئامادەبووواندا هەر هیچ نەبێت یەک کەسی سپی پێستی تێدا بێتو ئەو کەسەش فۆکسی لەسەر بێتو لەوە تێبگات، ئەو شانۆگەرییە بۆئەو نمایش دەکرێت).

ژینیە پێیوایە ڕەشپێستەکان کێشەکانی خۆیان دەزانن و ئاگادارن لەوەی چۆن لەئێستاداو بە درێژایی مێژوو،

دەچەوسێنرێنەوە و سەرکوتدەکرێن. بۆیە پێویستیان بەوە نییە نووسەرێکی سپی پێست بێت و لەو دۆخە بەئاگایان بێنێت، بەڵام سپی پێستەکان پێویستیان بەو هۆشیاری و بە ئاگاهێنانەوەیە هەیە.

ئەم قسانەی ژینیە بۆ نوسینەکانی دیکەشی دەربارەی فەلەستینیەکان هەر ڕاستە، چونکە ئەو بۆ فەلەستینیەکان ئەو نوسینانەی نەنوسیوە، بەڵکو بۆ خۆرئاوا و ئیسرائیلیەکانی نووسیوە. شانۆگەریەکەشی دەربارەی شۆڕشی جەزائیر، بۆ جەزائیرییەکان نییە، بەڵکو ئەوە فەرەنسیەکانن پێویستیان پێیەتی و لەپێناو سەرنج ڕاکێشان و هۆشیارکردنەوەی ئەواندا نوسراوەو... هتد. ئەوەی مەبەستە نەیارەکەیەو ئەو نەیارەش لەهۆڵی نمایشەکەدایە، کەواتە بۆ نابێت ئەویش ڕۆڵی خۆی بگێڕێت؟

لەشانۆگەری ڕەشپێستەکاندا ئەکتەرە پێست ڕەشەکان دەمامک دەبەستن، تابتوانن ڕۆڵی سپی پێستەکان ببینن، بەڵام بەو

مەرجەی لەڕێی دەمامکەکانەوە ئەوە دیار بێت کە ئەوان لەئەسڵدا کەسانێکی ڕەش پێستن. ڕەشێک ماسکی فەرمانڕەوا دەپۆشێت و ڕەشێکی دیکە ماسکی شا ژن دەکاتە سەری‌و یەکێکی تر دەمامکی قەشەو دادوەرو... هتد. لەساتەوەختێکی نمایشەکەدا پێویستە ماسکەکان بکەون، بەجۆرێک ئەو بینەرە سپی پێستەی لەهۆڵەکەدا ئامادەی بینینی شانۆگەریەکەیە، توشی شۆک بێت و ڕێک و ڕاست خۆی ببینێت.

جارێکی دیکە دوبارەی دەکەینەوەو دەڵێین: (بۆ ژان ژینیە مەسەلەکە ئەوە نیە لەخۆرئاواوە نووسەرێکی سپی پێست بێت و بەچەوساوەکان بڵێت: ئێوە چەوساوەو بەش مەینەتن، ئەوان ئەوە باش دەزانن، بەڵام ئەوەی پێویستی بەهۆشیاری و ئاگادارکردنەوە هەیە، ئێمەین کە خێر و بێراتی نەتەوەکانی دیکەی دنیامان بەتاڵان بردو ڕەگەزپەرستیمان داهێناو هەڵمان کوتایە سەر وڵاتی خەڵکانی دی و دانیشتوانی ئەو وڵاتانەمان دەربەدەر

کردو کردمانن بەئاوارە و پەناهەندە).

ژان ژینیە بۆیە بەم شتانە هۆشیارە، چونکە کاتێک خۆی دزی دەکات و زیندانی دەکرێت و هەمیشە لەڕیزی پەراوێز کەوتەکانی کۆمەڵگەدا دەبێت، دەتوانێت خۆی بخاتە ناو پێستو بەرگی مرۆڤێکی ڕەشپێست یان جەزائیری و فەلەستینی و تەنانەت خزمەتکارێکیشەوە. وەک نمونەیەک بڕوانە شانۆنامەی – خزمەتکارەکان- کە یەکێکە لەشانۆنامە بەناوبانگەکانو زیاتر سەروکاری لەگەڵ کۆمەڵگەی فەرەنسیدایە.

ژینیە ئەو وەرگۆڕانە بەردەوامەی، بەقەدەری نووسەر و بەئەرکی سەرشانی خۆی دەزانی.

# چەتەکانی نیویۆرکی مارتن سکۆر سیزی

## - ئەوە چەورە و چەقۆکێشەکان بوون ئەمریکایان دروستکرد-

سەرەتای فیلمەکە بەچیرۆکێک دەست پێدەکات کە ڕەنگە ڕۆژانە ڕوبدات: کوڕێک لەتەمەنی منداڵیدا، بە بەرچاویەوە باوکی دەکوژرێت. هەنوکە ئەو کوڕە گەنجەو شانزە ساڵ دوای ئەو ڕوداوە، تەنها مەراقی یەک شتی هەیە، ئەویش ئەوەیە تۆڵە لە بکوژەکەی باوکی بکاتەوە.

لە فیلمەکەدا دەبینین چۆن ئەو گەنجە دوای ئەو هەموو ساڵە، بەشێوەیەکی کاتی بکوژەکەی باوکی دەکاتە باوکێکی تازە بۆ خۆی. هەموو ئەوەش بۆ خاتری ئەوەی، دەرفەت بێنێت و تۆڵەی خوێنی ڕژاوی باوکی بکاتەوە. لەنێوان ئەو دوو کارەکتەرەدا، ژنێک و شارێک هەیە. شارێک کە بریتییە لە تەواوی دنیاو دنیا لەدەرەوەی ئەو شارەدا بوونی نییە.. دەتوانین چیرۆکی فیلمی چەتەکانی نیویۆرک لەو پەرەگرافەدا کورت بکەینەوە.

**بەڵام تۆ بڵێی ئەوە پوختەی جەوهەر و مانا و دەلالەتەکانی ئەو فیلمە بێت؟**

نەخێر هەرگیز... فیلمی چەتەکانی نیویۆرک، مارتن سکورسیزی دروستی کردوە... فیلمێکە دەربارەی نیویۆرکی مارتن سکۆرسیزی و دەشزانین سکۆرسیزی، نە سامویێل ڤۆلێرە و نە جۆن فۆردیشە. بەلای ئەوەوە ڕوداو تا ئەو ئاستە گرنگە کە بتوانێت وێنای ڕۆح بکێشێت و گوزارشتی لێ بکات، ئەتمۆسفیری فیلمەکەش گرنگی لەوەدایە، توانای وتنی ئەو شتانەی هەبێت کە مێژو بەیانیان ناکات.

ڕاستە چەتەکانی نیویۆرک فیلمێکی مێژوییەو لەڕۆمانێکەوە وەرگیراوە کە سکۆرسیزی سەروکاری لەگەڵیدا نییەو ئەوەش ڕاستە کە ڕەنگە کەڤەری فیلمەکە، کۆمەکی ئەوەمان پێبکاتو پێمان بڵێت: ئەمریکا لەسەر شەقامدا لەدایک بوە، بەڵام بێگومان هیچ یەک لەوانە ڕێگیری ئەوەمان لێناکەن کە وەک فیلمێکی سەرومڕ سکۆرسیزیانە لێی بڕوانین... فیلمێک (تاکسی درایڤەر و برینسازی ناسری و دواین وەسوەسەکانی مەسیحی) تێدا دەبینین. جەژن و کەرنەڤاڵە بچوکەکانی نیویۆرک و ژیانی پەنهان و ناوەکی ئەو شارەی تێدایە.

لەبینینی فیلمەکەدا هەست بەوە دەکەین، ئەو خەڵکانەی لەسەر شاشەکەی بەردەمماندا دەیانبینین، خەڵکانێکن بەژیانی ناوخۆی شارەکەیانەوە سەرقاڵن و بۆیان گرنگ نییە تابزانن، لە دەرەوەی خۆیاندا دنیایەکی دیکە هەیە. خەڵکانی ئەو شارە سەرقاڵی ژیان و تەنهایی خۆیانن، ڕۆژەکانیان دەگوزەرێنن و بەهیچ کلۆجێک دەربایسی مێژوی گەورە نین، بەڵام سکۆرسیزی دێت بۆئەوەی پێمان بڵێت: (ئەوان لەناو کوچەو ڕێ و بانەکانی خۆیاندا، مێژوی گەورەیان دروستکردو وایانکرد شەقامەکانی شارەکەیان ببێتە لانکی دروست بوونی ئەمریکا).

لەفیلمەکەی سکۆرسیزیدا سێ کارەکتەری سەرەکی هەن: (ئەمستردام ڤالۆن –کەلیوناردۆ دی کابریۆ ڕۆڵی دەبینێت، جینی – کامیرۆن دیاز–، بیلی قەساب– دانیال دەی لویس–). ئەم سێ کارەکتەرە لەفیلمەکەدا، لەڕوبەڕوبونەوە و بەریەککەوتنی بەردەوامدان.

بەریەککەوتنی ئەڤیندارانە بەشێوازیی ئەوینداری چەورەو هەرچی و پەرچیەکان لەنێوان ئەمستردام ڤالۆن و جینیدا، یاخود بەریەککەوتنێکی توندو کوشندە لەنێوان ئەمستردام و بیلیدا. ئەڵبەتە لەهەندێ چرکەساتدا ململانێی نێوان ئەو دوانە، ململانێییەکی باوک و فرزەندانە وەک درۆزنە ئۆدیبیەتێک وەردەگرێت.

لەو سێ کەسە دوانیان بەتەواوەتی لەمێژودا دەسڕێنەوە، بەڵام سێهەمیان کە بیلی قەسابە، ئەو ئایندەیەو ئەو ئەمریکایە. ئەو تاوانبار و پیاوکوژەیە کە مێژوو دروست دەکات... دەبوو مارکس لەبواری لێکۆڵینەوەکانیدا، ڕۆڵی پیاوکوژ و تاوانبارانی لەدروستکردنی سیاسەت و ئابوریدا بۆ دیاری بکردینایە.

بەمجۆرە گاف گاف بازنەی مانا لەفیلمی چەتەکانی نیویۆرکدا، بەرفراوان دەبێت و دیمەنەکانیشی لەگەڵ خۆیدا دەمانبات. لەدیمەنەکانی سەرەتادا وێنەی باوک دەبینین خەریکی تراشکردنەو بەموسی مەکینەکەی

دەستی خۆی دەبڕێتو هێندە نابات، دەکەوێتە ناو گێرمە و کێشەی شەڕی نێوان خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەوێ و کۆچبەرە ئیرلەندیەکان و لەوێدا بەدەستی بیلی قەساب دەکوژرێت.

ئەو پیاوی ئاشتەوای و برایەتیەو بیلییش سەرکردەی خەڵکە ڕەسەنەکەی ئەوێیە. دواتر وێنەی لولە تۆپەکانی دەوڵەت دەبینین کە چۆنچۆنی، هەردو لایان دەکوتێت و ئەو کێشە و ملامنێیە بەشێوازی خۆی یەکلایی دەکاتەوە، بەڵام ئەم ململانێیە پاشخانێکە بۆ ڕەگەزی ململانێیەکی دیکە، لەسەر ئاستێکی زۆر شەخسی و تایبەتی.

هەڵبەتە ئەمستردام ڤالۆن وەک برینێکی قوڵ، وێنەی باوکی کوژراوی لەیادەوەریدا هەڵدەگرێت و دەزانێت لەلایەن بیلییەوە خەڵتانی خوێن کراوە، پێش ئەوەش بەهۆی تراش کردنەوە خۆی خوێناوی دەکات... ئیتر ئەو دو برینە دەبنە هاوڕێی هەمیشەیی.

بەڵام دوای شانزە ساڵ ئەو نایەت ململانێیەکی کۆمەڵایەتی درێژە پێ بدات

ئەگەرچی پێ کۆڵی ئەوەش بێت، بەڵکو دێت و دەست بەشەڕی تایبەتی خۆی دەکات لەدژی بیلی. بۆئەوەی لەو شەڕەشدا سەربکەوێت و براوەبێت، چاری نییە تەنها دەبێت خۆی بکات بەناو دار و دەستەکەی بیلیداو پشت و پەنای بێت، تا کاتی گونجاوی خۆی دێت.

لێرە بەدواوە و بەبێ ئەوەی لەڕاز و نیازی حاڵی بێت، بیلی دەبێتە باوکێکی تازە بۆ ئەمستردام. ئیدی ئێمە خۆمان لەناو جەرگەی سینەمای سکۆرسیزیدا دەبینینەوەو بۆماوەیەکی کورت وا هەست دەکەین، سەیری فیلمێکی کاوبۆی دەکەین کە ئەمجارەیان ڕوداوەکانی لەناو شاردا ڕوودەدەن.

چونکە لەو ئان و ساتانەدا، نیویۆرک دەبێتە مەنزڵگای ئەو دو کارەکتەرەو شەقامەکانی ئەو شارەش، دنیای ئەوانەو لەگەڵ خیانەت و قوربانیدان و بێنەو بەردەی ناخی خۆیاندا، هەریەکەیان لە ناسنامەی تایبەتی خۆی دەگەڕێت.

ئایا لەئاست ئەم ململانێ زۆر توندوتیژ و خوێناویەدا، دەشێت بڵێین ئەوە ڕەنگدانەوەی یاخود درێژکراوەی جەنگی ناوخۆی ئەمریکایە؟ یان ئەو ڕەخنانە لەجێی خۆیاندان کە ڕەخنەگران ئاڕاستەی سکۆرسیزی دەکەن‌و دەڵێن: (لەفیلمەکەیدا هندیە سورەکانی تێدا نییە؟).

بێگومان سکۆرسیزی بێئاگا نییە لە پاشخانی ئەو ململانێ شەخسیەی ناو کارەکتەرەکانی فیلمەکەی و بەڕون و ڕەوانی دەیەوێت، بمانباتەوە بۆ ناو جەرگەی ئەو هەلومەرجە مێژوییە یەک لەدوای یەکانەی وایانکرد، نیویۆرک ببێتە لابوریک بۆ کەمایەتیەکان‌و ببێتە مۆدیلێکی بچوککراوەی ئەمریکا خۆی.

هەرچی هەیە و نییە لەوێدان، لەو شارەدان: (ئەوروپاییەکان، ئاسیایەکان، پێست ڕەشەکان..). هەموویان بەجۆرێک لە جۆرەکان لەو کێشە و ململانێیانەدا بەشدارن و هەموشیان چەورە و چەقۆکێشن و توندوتیژی، بەشتێکی ڕەوا دەزانن‌و وەک ئەرکێک سەیری دەکەن.

هەمویان دەیانەوێت بەڕێگای تایبەتی خۆیان خەونی ئەمریکی بەدی بێنن، بەڵام هەرگیز نایانەوێت بەدیهێنانی ئەو خەونە لەیەک چوارچێوەی نەتەوەیدا بێت. سەرباری هەمو ئەو شتانەی لەبارەی فیلمەکەوە نووسراون، دەتوانین بڵێین سکۆرسیزی نایەوێت ئەوەمان نیشان بدات کە ئەمریکا چۆن لەسەر شەقامەکاندا لەدایک بوە، چونکە ئەوە مەسەلەیەکە گریفیس لە (لەدایک بوونی نەتەوە) بەسەری کردۆتەوە و پێویستمان بەدوبارەکردنەوەی نییە. هاوکات دەیان فیلمی ڕیپۆرتاژی و دیکۆمێنتەری هەن کە باس لە کاوبۆییەکان و جەنگی ناوخۆ و ئازادکردنی کۆیلەکان دەکەن.

خەمی سکۆرسیزی لەم فیلمەدا شتێکی دیکەیە، خەمی سەرەکی ئەو نیویۆرکە. بەلای ئەوەوە هەمیشە نیویۆرک شتێکی جیاوازتر بوە لە ئەمریکا و جیهان. ئەو تێکستەی فیلمەکەی لەسەر دروستکراوە، سی ساڵ پێشتر سکۆرسیزی دەیخوێنێتەوە و باس

لەدروستبوونی نیویۆرک دەکات، لە هەناوی کێشمەکێش و ململانێی نێوان کەمینەکانیدا.

ئەوەی سکۆرسیزییش گرنگی پێدەدات ئەوەیە، چۆن چۆنی ئەو کێشە و ململانێیانە تێکەڵ بە سیاسەت و گەندەڵی و پلانگێڕی و چاو و ڕاوی کارەکتەرە سیاسییەکان دەبن و بەبڕوای ئەویش ئەم تێکەڵ بوون و پەیوەندییە، تائێستا بەردەوامەو هەرواش دەمێنێتەوە. لەبەرئەوەی سروشتی شاری نیویۆرک وایە.

وەکی دەزانین بەدرێژایی سی دانە ساڵ، سکۆرسیزی خەونی بەوەوە دەبینی فیلمی چەتەکانی نیویۆرک دروست بکات. لەسەروەختی تەواوکردنی تاکسی درایڤەرەوە تا دروستکردنی دوایین وەسوەسەکانی مەسیح، خەریکی هێنانەدی ئەو خەونەی بوو.

شایەنی باسە سکۆرسیزی هاوڵاتیەکی سەرومڕ نیویۆرکیەو بەبنەچەش ئیتاڵیە. لەدوای ئەوەی فیلمی تاکسی درایڤەر تەواو دەکات و شەیدای کارەکتەری تراڤیس دەبێت، پرسیار گەلێک لەمێشکیدا دروست دەبن و

پرسیاری سەرەکیش دەربارەی نیویۆرک و ئەو سیحر و جادوەیە کە ئەو شارەی لێی دەکات.

ئێمە دەزانین بەشێکی زۆری فیلمەکانی سکۆرسیزی، هەوڵێکن بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە... ئەگەرچی چەند ساڵێک بەر لە چەتەکانی نیویۆرک و لەڕێی فیلمی (سن البراءة)وە، دەیویست وەڵامێکی لۆژیکی ئەو پرسیارەی دەسگیربێت، بەڵام ئەو فیلمە لەئەرکەکەیدا سەرکەوتوو نەبوو، ئەویش لەبەرئەوەی وێنەیەکی ئۆرستۆکراتی ڕۆشنبیرانەی دەربارەی نیویۆرک پێشکەشکردو ئەوەش وایکرد، تەواو جیاواز بێت لە (کوڕە باشەکان و تاکسی درایڤەر و شەقامە پۆخڵەکان).

لێرەوە تێگەیشت کە پێویستی بەوەیە، بگەڕێتەوە بۆ بنەچە و ڕەگوریشەکان. هەرچەندە ئەو بەدەگمەن نەبێت خۆی لەقەرەی مێژوو نەداوە و ئەو ڕۆمانەش دەبێتە دەسوێژێک بۆ ئەوە. ئەوکاتەی ڕۆمانەکە

دەخوێنێتەوە، تێدەگات ئەم تێکستە دەتوانێت بیگەڕێنێتەوە بۆ ئەو سەرەتایانە. بەڵام بەهۆی هەلومەرجی بەرهەم هێنان و هەلومەرجی تایبەتی خۆیەوە، ئەو پرۆژەیە تا کۆتایی سەدەی بیستەم دوا دەکەوێت.

لەهەموو ڕوویەکەوە چەتەکانی نیویۆرک، بەیەکێک لەفیلمە ناوازە و تایبەتەکانی سکۆرسیزی ئەژمار دەکرێت. ئەو فیلمە هەرچەندە پڕیەتی لەتوندوتیژی و کێشمەکێش و ململانێ و سەرەڕای ئەوەی، پەیوەستە بەمێژووی شاری نیویۆرکەوە و نیشانیدەدات ئەو شارە وەک ئەمریکا کەمینەکان و برین و کێشە و ململانێ بچوکەکان، لەپاڵ گەندەڵی و دەست تێکەڵکردنی سیاسەتمەداران لەگەڵ چەتەکان و دواتریش مافیاکاندا دروستیان کردوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا، دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە فیلمەکە زۆر شەخسی و تایبەتەو کارەکتەری سەرەکیشی، بەکارەکتەری تاکسی درایڤەر و دواین

وەسوەسەکانی مەسیح دەچێت... ئەو کارەکتەرانەی سەرقاڵی شەڕە زۆر تایبەتی و شەخسیەکانی خۆیانن، بەدور لەجەنجاڵی و هەرا و زەنای دنیای دەرەوە.

لێرەوەو لەم گۆشەنیگایەوە دەکرێت چەتەکانی نیویۆرک، وەک فیلمێکی گەورەو سەرەکی سەیر بکەین. فیلمێکی داستانئامێز بەشێوازە برێختیەکەی. ئەم فیلمە دوای چەند ساڵێک لەنمایشکردنی و هێدی هێدی، چووە لیستی باشترین فیلمەکانی مێژوی سینەمای جیهانی.

ئەڵبەتە ئەوەی ڕۆڵی سەرەکیشی لەوەدا هەبوو، ستایلی داستانئامێزی سکۆرسیزی بوو، لەپاڵ شێوازی مامەڵەکردنی لەگەڵ ئەکتەرەکاندا. ئەو ئەکتەرانەی هیچمان لەبارەی مێژویانەوە نەدەزانی، کەچی لەم فیلمەدا سکۆرسیزی دەیانکاتە خاوەنی مێژوو. هاوکات میوزیک و ڕێتمی خاو و خلیچک و گەرموگوڕی فیلمەکەش سەرباری درێژی ماوەکەی، وا دەکات لەبەردەم کارێکی ناوازەدا بین.

ئێمە دوای ئەم بەرهەمە ئەو پرسیارەمان لەخۆمانکرد کە دەبێت سکۆرسیزی لەداهاتودا چی بڵێت؟ ئەڵبەتە چاوەڕوانیمان بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە زۆری نەخایاندو لە فڕۆکەواندا کە لەسەر ژیانی هەوارد هیوزە، وەڵامەکەمان دەسگیربوو. هەوارد هیوز فڕۆکەوان و بەرهەم هێنەرێکی سینەمایەو ئەویش بۆ خۆی ئەفسانەیەکی ئەمریکاییە..

# سەیرانێك لەقەراغ ڕێگەی

## برایانی سترۆ گاتسکی

ئەگەرچی ڕەخنەگرانی یەکێتی سۆڤێت، ئەو کاتەی ئەندرێ تارکۆفسکی دواین فیلمی خۆی (ستالکەری) لە ڕوسیادا بەرهەمهێناو بەرلەوەی سەری خۆی بەرەو وڵاتانی ئەوروپی هەڵگرێت، ستایشێکی زۆری کارەکەیان کرد و بەباڵایا هەڵیاندا، بەڵام نە فیلمەکەو نە خاوەنەکەشی، لەدەست هێرش و پەلاماری دەسەڵاتدارانی وڵات قوتاریان نەبوو.

فیلمەکە لەیەکێتی سۆڤێتدا کەخۆی بەرهەمی هێنابوو، قەدەغەکرا و خاوەنەکەشی لەگەڕانەوە بۆ وڵاتەکەی و بینینی ژن و منداڵەکەی بێبەشکرا. بەڵام لەبەرامبەردا سەیر ئەوەیە دەقی سەرەکی فیلمەکە کە ڕۆمانی سەیرانێک لە قەراغ ڕێگەی برایانی ستروگاتسکی-یە، هەرگیز سانسۆر نەکراو بگرە بەشێوەیەکی فەرمی بە یەکێک لە سەرچاوەکانی ئەدەبی خەیاڵی زانستی ڕوسی ئەژماردەکرا، لەکاتی بڵاوبونەوەیەوە لەساڵی 1972 بۆ یەکەم جار.

دەی کەواتە ئەو پارادۆکسە لەکوێوە دێت؟ بێگومان لەستایلی کارکردنی تارکۆفسکی یەوە سەرچاوە دەگرێت. بەتایبەتی ستایلی ئـەوەی دەقـی نـووسـراوی کەسانی دیکەی دەقۆستەوەو پاشان دەیگۆڕین بۆ بەرهەم گەلێک، تەعبیر لەو خەم و خولیایانە بکەن کە خۆی دەیویست بیان وروژێنێت و لە بەرچاوی بینەرانی بخات.

لێرەوە خانمە ڕەخنەگری سۆڤێتی ڤێرا شیتۆڤا، بـەهـەڵـەدا نـەچـووە کـە وتـویـەتـی: (فیلمەکە کتومت و دیڕ بەدێڕ پابەندی کتێبەکە نەبوە، چونکە کاستی فیلمەکە تەنها چاویان لـەسـەر بەشێکی ڕۆمـانـەکـە بـووە بـەنـاوی زۆنەوە.) تەنانەت زۆرێک لەوانەی لەسەر ئەم فیلمەی تارکۆفسکییان نوسیووە، دەڵێن: (لە ڕۆمانێکەوە وەرگیراوە بەناوی زۆنەوە).

وا چاکە لـێرەدا بگەڕێینەوە لای ڕۆمـانـە سـەرەکـیـەکـە خـۆی، ئـەو ڕۆمـانـەی لـەلایـەن خوێنەرانی ڕوســەوە پێشوازی گەرمی لێکراو ئەمەش بە پێچەوانەی فیلمەکەوە بوو کە لە یەکێتی

سۆڤیێتدا، هیچ سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست نەهێنا. ئەگەرچی لەزۆربەی زۆری وڵاتانی دنیادا، بینەرانێکی زۆر پێی سەرسام بوون.

ئاشکرایە ستالکەر بەقەشەنگترین و بەهێزترین فیلەکانی تارکۆفسکی ئەژمار دەکرێت، بەڵام هەمیشە دەبێت جەخت لەوە بکەینەوە کە ڕۆمانەکە جیاوازە لە فیلمەکە و تەنانەت لە هەندێک شوێندا دەردەکەوێت کە پەیوەندیەکی ئەوتۆ لەنێوانیاندا نەبێت.

لەڕۆمانەکەدا کارەکتەری سەرەکی ستالکەرە، ستالکەر واتە یاسا شکێن و ئەو کەسەیە بە بەردەوامی دەچێتە ئەو ناوچانەی یاساغن، بۆ گەڕان بەدوای ئەو شتە سەیر و عەنتیکانەی بوونەوەرەکانی فەزا لەوێدا جێیدێڵن و ئەمیش دێت ئەو شتانە دەدۆزێتەوەو پاشان دەیانفرۆشێتەوە.

کەواتە ستالکەر دزێکی قۆڵبڕەو مامەڵە لەگەڵ کەسانێکی جامبازدا دەکات کە بەچاکی دەیانناسێت و ئەوانیش دەیناسن، ئەم کارەکتەرە بە هیچ جۆرێک پەیوەندی بەو

ڕێبەرەوە نییە کە لە فیلمەکەدا دەیبینین و بەشێوەیەکی زۆر درامی خەریکی گەیاندنی خەڵکانێکە بۆ ئەو ناوچە یاساغەی، ئەوانەی پێی تێدەخەن ڕەنگە ڕووبەڕووی مەترسی مردن ببنەوە، یان گەر لە مردن دەرباز بوون دووچاری گرتن و سزادان بێن.

کەواتە ئەوانەی ستالکەری ناو فلیمەکە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، خەڵکانێکن تەواو بێئومێد بوون لەژیان و هیچ مانایەک لەژیاندا نابینن. بۆ ئەوان ئەو ناوچەیە دەبێتە جۆرێک لە سەبوری و سەوزبوونەوەی ئومێدەکانیان، چونکە پێیان وایە گەر بگەنە ئەوێ، دەتوانن ئاواتێک بخەنە دڵیانەوەو ئاواتەکەشیان دێتەدی.

